WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (356) دووشەممە 2015/4/27 7ی گوڵانی 2715 (750) دینار

## چوار مەلا لە دهۆک سزا دەدرێن



**ڕووداو- دهۆک**

بەڕێوەبەری ئەوقافی دهۆک ڕایگەیاند کە لەسەرەتای شەڕی داعشەوە تائێستا چوار مەلایان لە پارێزگای دهۆک سزا داوە، هەفتانەش لانیکەم پێنج مەلا بۆ لێپرسینەوە بانگ دەکەن لەسەرئەوەی پشتگیریی پێشمەرگە ناکەن.

مەلا جیهاد گوتیشی "تائێستا چوار مەلامان سزاداون، دوو لەوانە بەیەکجاری لەسەر کار لادران، دووەکەی دیکەش سزای ڕاگرتنی کاتی دران".

گوتیشی کە ئەوان بەردەوام بەدواداچوون بۆ وتاری مامۆستایانی ئاینی دەکەن لە ڕۆژانی هەینیدا "هەر لە سەرەتای شەڕی داعشەوە بڕیارێکمان دەرکرد کە دەبێ لە هەموو مزگەوتەکاندا دوعا بۆ پێشمەرگە بکرێت، بەڵام هەندێک مەلا هەن دوعا ناکەن، لەسەر ئەوەش سزا دەدرێن".

یەکێک لەو مەلایانەی لەسەر دوعانەکردن بۆ پێشمەرگە سزا دراوە بە (ڕووداو)ی گوت "خۆم ئامادە نەکردبوو بە کوردی دوعا بۆ پێشمەرگە بکەم، کە تەواو بووم، یەکسەر نوێژکەرەکان خۆیان لە من تووڕە کرد و گوتیان بۆ دوعا بۆ پێشمەرگە ناکەی، لەسەر ئەوە سزا درام و گواسترامەوە بۆ دەرەوەی دهۆک".

« 2



حەیدەر شەشۆ بۆ (ڕووداو):

حیزبێک بۆ ئێزدییەکان دادەمەزرێنم

3



جەنگاوەرە ئەمریکییەکەی ناو یەپەگە بۆ (ڕووداو) دەدوێ

6




کوردێک دەبێتە ڕاوێژکاری سەرۆکی کازاخستان

11

بەپێی ڕاپۆرتی دادگای لێکۆڵینەوەی دەستەی نەزاهە و چاودێریی دارایی

# "وەسڵی تەزویر" و "بەهەدەردانی پارە" لە فەرمانگەیەکی وەزارەتی کاردا هەیە

« 4




## حیسابی بانکی کەمپینی ڕەنجی شەهیدان

حیسابەکە لە بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی کراوەتەوە و هیچ ڕسوماتێکی لەسەر نییە. (حەواڵە لە هەر شوێنێک بۆ ئەم حیسابە بە خۆڕاییە):

**لە ناوخۆی کوردستان و عێراق:**

ناوی بانک: بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی

ناوی حیساب: RanjiShahidan


ژمارەی حیساب: 2222

**لە دەرەوەی کوردستان و عێراق:**

Swift: KIBIIQBA

IBAN: IQ01KIBI2222

Name: RanjiShahidan



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (356) دووشەممە 2015/4/27

## پێشمەرگە 3 منداڵی عەرەب رزگار دەکەن

**رووداو- هەولێر**

هێزەکانی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی 3 منداڵی بریندارى بۆردوومانێکی چەکدارانی داعش لە مەرگ رزگاردەکەن و بە مەبەستی چارەسەرکردنیان لە گوندی (کەسکێ)وە دەیانگوازنەوە بۆ نەخۆشخانە. موقەدەم دڵشاد مەولوود، بەرپرسی راگەیاندنی فەرماندەی زێرەڤانی بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند: "ئێوارەی رۆژی 2015/4/26 چەکدارانی داعش بۆردوومانی گوندی کەسکێی سەر بە میحوەری زوممارىان کرد، لە ئاکامی ئەو بۆردوومانەشدا تۆپێکی جۆری هاوەن بەر ماڵێکی بە رەچەڵەک عەرەبیی گوندەکە کەوت و بەو هۆیەوە 3 منداڵیان، برینداربوون. هێزەکانی زێرەڤانی دەستبەجێ بە هانای ئەو ماڵەوە چوون و بریندارەکانیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی زوممار".



# چوار مەلا لە دهۆک سزا دەدرێن

بەڕێوەبەری ئەوقافی دهۆک:

## هەفتانە لێپرسینەوە لەگەڵ پێنج مەلا دەکەین

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

بەڕێوەبەری ئەوقافی دهۆک ئاشکرای کرد کە تاوەکو ئێستا بەهۆی شەڕی داعشەوە چوار مەلایان لە پارێزگای دهۆک سزا داوە، هەفتانەش لانیکەم پێنج مەلا بۆ لێپرسینەوە بانگ دەکەن لەسەرئەوەی پشتگیریی پێشمەرگە ناکەن.

رۆژی 2015/4/25 مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتی شاری دهۆک لە هۆڵی کۆنگرەکان کۆبووەوە. کاتێک دەرگای پرسیارکردن بۆ ئامادەبووان کرایەوە، یەکێک لە ئامادەبووان گوتی مەلایەکی شاری دهۆک دوعای بۆ هەموو وڵاتانی عەرەبی کرد، پێمانگوت بۆ دوعا بۆ کوردستان ناکەی؟ کەچی گوتی ناوی کوردستان لە نەخشەدا نییە. بارزانی لە وەڵامدا گوتی "ئەگەر وابێت دەبێ ئەو مەلایە لە وتاردان دووربخرێتەوە".

بەڕێوەبەری ئەوقافی دهۆک کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەڵێت "بارزانی باسی زۆر بابەتی ئێستای کوردستانی کرد، لەوانەش شەڕی داعش و ئەو کەسانەی هاوکارییان دەکەن، مەترسییەکانی سەر کوردستان، شەڕی فیکری لەدژی داعش لە کوردستان و چەند بابەتێکی دیکە".

مەلا جیهاد چەند زانیارییەکی نوێی لەسەر ئەو مەلایانەی فیکریان لە داعش نزیکە لە سنووری بادینان باسکرد و گوتی "لە سەرەتای شەڕی داعشەوە تاوەکو ئێستا چوار مەلامان سزاداون و دوو لەوانە بەیەکجاری لەسەر کار لادران، دووەکەی دیکەش سزای راگرتنی کاتی دران".

مەلا جیهاد لەبارەی ئەو چوار مەلایە گوتی "هەر چواریان خەڵکی دهۆکن، بەڵام هیچ لەوان سەر بە هیچ لایەنێکی ئیسلامی نین، لەوانەیە بەشێک لەوانە لایەنگری پارتیش بن، بەڵام فکریان وشکە و بە هەڵە لە دین تێگەیشتوون".



مەلا جیهاد ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوان بەردەوام بەدواداچوون بۆ وتاری مامۆستایانی ئایینی دەکەن لە رۆژانی هەینیدا و گوتی "هەر لە سەرەتای شەڕی داعشەوە ئێمە بڕیارێکمان دەرکرد کە دەبێ لە هەموو مزگەوتەکاندا ئەوانەی وتاری هەینییان تێدا دەخوێندرێتەوە، دوعا بۆ پێشمەرگە بکرێت، بەڵام هەندێک مەلا هەن دوعا ناکەن، لەسەر ئەمەش سزا دەدرێن".

بەڕێوەبەری ئەوقافی دهۆک گوتیشی "هەفتانە لانیکەم پێنج مەلا لە سنووری دهۆک، لەوانەی ئەم بڕیارەی ئەوقاف فەرامۆش دەکەن و دوعا بۆ پێشمەرگە ناکەن، بانگ دەکەین".

لە سەرەتای شەڕی داعشەوە تاوەکو ئێستا چەند مەلایەکی کوردستان چوونەتە ناو داعش، لەوانەش مەلا شوان کە مەلای مزگەوتێکی ناحیەی دارەتوو بوو لە شاری هەولێر و هەروەها مەلا ئاراس لە چەمچەماڵ.

یەکێک لەو مەلایانەی لەسەر دوعانەکردن بۆ پێشمەرگە سزا دراوە بە (رووداو)ی گوت "خۆم ئامادە نەکردبوو بە کوردی دوعا بۆ پێشمەرگە بکەم، کە تەواو بووم، یەکسەر نوێژکەرەکان خۆیان لە من تووڕە کرد و گوتیان بۆ دوعا بۆ پێشمەرگە ناکەی، لەسەر ئەوە سزا درام و گواسترامەوە بۆ دەرەوەی دهۆک".

ئەو مەلایە کە پێی باش نەبوو ناوی بڵابکرێتەوە، گوتیشی "ئەو رووداوە چوار مانگ پێش ئێستا بوو، ئەوکات رۆژانە بە دەیان ژمارەی نەناسراو هەڕەشەم لێدەکرا، بەڵام ئێستا باشە، چونکە هەر کە وتار دەخوێنمەوە دوعا بۆ پێشمەرگە دەکەم".

# رەنج سەنگاوی پێشبینی کۆکردنەوەی ملیۆنان دۆلار دەکات بۆ خێزانی شەهیدان

## جەمال عەبدول: بۆیە بوومە سەرۆکی لێژنەکە چونکە حیزبایەتی تێدا نییە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

پێشبینی دەکرێت بە ملیۆنان دۆلار لە رێگەی کەمپینی رەنجی شەهیدان بۆ کەسوکاری شەهیدان و بریندارانی شەڕی داعش کۆبکرێتەوە. سەرۆکی لێژنەی کەمپینەکەش دەڵێ "ئەم کارە 10 جار ئەمانەتە و لە ئەستۆی ئێمەیە".

شەوی 2015/4/25 لە بەرنامەی "لەگەڵ رەنج" لە کەناڵی ئاسمانیی رووداو کە لەلایەن رەنج سەنگاوییەوە پێشکەش دەکرێ، کەمپینی "رەنجی شەهیدان" راگەیێندرا.

رەنج سەنگاوی باسی ئامانجی کەمپینەکە دەکات و دەڵێ "ئاواتمە کەسوکاری سەرجەم شەهیدان و بریندارانی شەڕی داعش لە باشووری کوردستان لەم کەمپینە سوودمەند بن". سەبارەت بە بیرۆکەی کەمپینەکەش سەنگاوی گوتی "بیرۆکەکە لای من دروستبوو، بەڕێوەبەرایەتی رووداو یەکسەر پەسەندی کرد و داوایان کرد دوودڵی نەکەم و دەست بە کەمپینەکە بکەم". گوتیشی "فاروقی مەلا مستەفا، خاوەنی فاروق گرووپ و شێخ تۆفیق، خاوەنی گرووپی قەیوان یەکسەر پاڵپشتی خۆیان بۆ کەمپینەکە دەربڕی".

لەگەڵ پێشکەشکردنی بەرنامەکە ژمارەیەکی زۆری سەرمایەدارانی هەرێمی کوردستان لە شاشەی رووداوەوە پاڵپشتی خۆیان بۆ کەمپینەکە نیشاندا، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ سەرمایەدارێک قسەی کۆتایی نەکردووە کە چەند پارە دەدات. رەنج سەنگاوی باسی هەندێ لە سەرمایەداران دەکات و نێوی سیروان بارزانی، بەڕێوەبەری گشتی کورەک تیلیکۆم دەهێنێ و دەڵێ "سیروان بارزانی گوتی گەورەترین پشتیوانی کەمپینەکە دەبم و خۆم دێم بۆ بەرنامەکە".

هەندێ سەرمایەداریش کە رەنج سەنگاوی داوای لێکردوون بەشداربن لە کەمپینەکە، نەهاتوونەتە پێش، بەڵام ناوی نەهێنان، رەنج گوتی "دوو سەرمایەدار ئامادەنەبوون هاوکاری کەمپینەکەی ئێمە بکەن و گوتیان لە رێگەی دیکەوە هاوکاری کەسوکاری شەهیدان دەکەین".



کەمپینی رەنجی شەهیدان بە یەکێک لە گەورەترین کەمپینەکان لە هەرێمی کوردستان دادەنرێ. رۆژی شەممەی داهاتوو 2015/5/2 لە شاشەی رووداوەوە سەرمایەداران بەشدار دەبن و بەشێوەیەکی راستەوخۆ بڕی ئەو پارەیەی کە دەیبەخشن ئاشکرای دەکەن.

رەنج سەنگاوی پێشبینی دەکات بە "ملیۆنان دۆلار" لەو کەمپینەدا بۆ خێزانی شەهیدان کۆبکرێنەوە. رەنج گوتی "هەوڵدەدەم بەشێکی پارەی کەمپینەکە لە رێگەی کۆمپانیا نەوتییەکانەوە بێ، بەتایبەتی کە شێخ سالار، بەڕێوەبەری بانکی کوردستان لەگەڵ ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان لەهەوڵدان بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانی بواری نەوتیش بەشداربن".

(تۆڕی میدیایی رووداو) پێش راگەیاندنی کەمپینەکە لێژنەیەکی باڵای پێشنیاز کردووە بۆئەوەی سەرپەرشتی کەمپینەکە بکات، بەڵام خۆی بەشدار نابێ لە لێژنەکەدا.

جەمال عەبدول کە یەکەم پارێزگاری سلێمانی بووە دوای راپەڕینی 1991، بە سەرۆکی لێژنەی کەمپینی رەنجی شەهیدان دیاری کراوە. جەمال عەبدول مەرجی هەبووە کە ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێ و دەڵێ "ئەمە کارێکی گەورە و پێویستییەکی گەورە و نەتەوەییە، ئەم کارە حیزبی نییە بۆیە قبوڵم کرد، هەر ئەوەش مەرجی من بوو".

جەمال عەبدول دەڵێ "ئەم کارە 10 جار ئەمانەتە لە ئەستۆی ئێمە و بەبێ جیاوازی دابەشدەکرێ، چونکە ئەوەی رۆیشتووە لەپێناوی کورد رۆیشتووە، ئەوە ئەرکێکی نەتەوەیی و جوامێرانەیە کە رووداو کردی".

رەنج سەنگاوی ناوی تەواوی ئەندامانی لێژنەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "جەمال عەبدول لەبەر ئەوە کرا بە سەرۆکی لێژنە چونکە کەسایەتییەکی دڵخوازە، هەروەها ئەندامانی لێژنە پێکدێن لە هونەرمەندی شانۆکاری گەورەی کورد ئەحمەد سالار و حاکم ئەحمەد ئەنوەر سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان".

سەبارەت بە رۆڵی رووداویش لە لێژنەکەدا، رەنج گوتی "رووداو لە لێژنەکەدا نییە، رووداو دەیەوێ تەنیا پشتیوانی لێژنەکە بکەین، کاری ئێمە هەڵمەت و بەخشین و کۆکردنەوەی پارە دەبێ بۆ کەسوکاری شەهیدان، بەڵام رووداو دەزانێ پارەکە چۆن وەردەگیرێ و چاودێریش دەبین لەسەر دابەشکردنی ئەو پارەیە".

رەنج زۆر دڵنیایە کە لێژنەکە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کارەکانی خۆیان دەکەن و گوتی "بڕوامان وایە پارەکە لە دەستێکی پاک و دڵسۆزدایە، هەر دینارێکیش لەو پارەیە رابکێشرێ دەبێ ئیمزای گشت ئەندامانی لێژنەی لەسەر بێ".

گوتیشی "ئەگەر پارەکە بە باشی خەرج نەکرا ئەوا یەکەم لایەن قسەی لەسەر بکات رووداو دەبێ و هەموو ئەوانەی بەشدارن لە کەمپینەکەدا ئەگەر یەک دۆلاریش بدەن، رۆژانە ناویان لە رووداو بڵاودەکرێتەوە".

# قایمقام و سەرۆکی شارەوانی بەردەڕەش دەدرێنە دادگا

**تەیار عادل گۆران**
**رووداو- بەردەڕەش**

لەسەر پارچە زەوییەک کە موڵکی شارەوانییە و دەکەوێتە سەنتەری قەزای بەردەڕەش، دادگای بەرایی بەردەڕەش دۆسیەیەک لەسەر قایمقام و سەرۆکی شارەوانی بەردەڕەش دەکاتەوە، بەڵام قایمقام تاوەکو ئێستا نەچووەتە دادگا.

### کێشەکە چییە؟

ساڵی 1997 دوو هاووڵاتی کە دراوسێی یەکدین، لەسەر پارچە زەوییەکی نێوانیان کە مەتروکەیە و موڵکی شارەوانییە، دەبێتە کێشەیان، بەڵام کێشەکە بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە تاوەکو سەردەمی قایمقام و سەرۆکی شارەوانی ئێستای بەردەڕەش، ئەوان بڕیار دەدەن زەوییەکە بۆ یەکێکیان بێت، بۆیە هاووڵاتییەکەی دیکە لە دادگا سکاڵا لەسەر هەردووکیان تۆمار دەکات. دادگایی بەرایی بەردەڕەشیش بە تۆمەتی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، بەپێی ماددە 330 لە یاسای سزادانی عێراقی دۆسیەیەک لە دژی قایمقام و سەرۆکی شارەوانی و سێ ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی بەردەڕەش دەکاتەوە.

سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی بەردەڕەش بە (رووداو)ی گوت، بە فەرمانی دادوەر ئەوان سەردار شێخ یەحیا، قایمقامی قەزای بەردەڕەشیان ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام ناوبراو تاوەکو ئێستا لە دادگا ئامادە نەبووە. سەرچاوەیەکیش لە دادگای بەردەڕەش رایگەیاند کە قایمقام و سەرۆکی شارەوانی لەگەڵ چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی شارەوانی بەپێی ماددەی 330 لە یاسای سزادانی عێراقی کە تایبەتە بە ئیستیغلالکردنی پلە و پۆست، تۆمەتبارن.

عەونی قەچۆ، ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی بەردەڕەش کە یەکێکە لە تۆمەتبارەکان، گوتی "بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی ئەو پارچە زەوییە لە ژووری قایمقامی قەزای بەردەڕەش کۆبووینەوە. بڕیاردرا زەویەکە بدرێت بە هاووڵاتی نەسرین ئەمین، نووسراوەکەمان بۆ شارەوانی دهۆک بەرزکردەوە، بەڵام ئەوان گوتیان لە دەسەڵاتی ئێوەدا نییە زەوی بدەنە خەڵک، بۆیە دووبارە نووسراومان کردەوە کە پێدانی زەوییەکە رابگیرێت، لە پاش ئەو بڕیارە ئێمە بانگێشتی دادگا کراین و من خۆم چوومە بەردەم دادوەر، دواتر بە کەفالەت ئازاد کرام". ئەندازیار بەیار موسا، سەرۆکی شارەوانی بەردەڕەش کە ئەویش تۆمەتبارە لە کەیسەکەدا بە (رووداو)ی راگەیاند "کێشەکە لە نێوان دوو هاووڵاتی بوو بە ناوەکانی نەسرین ئەمین و ئەکرەم ئیسماعیل. دیارە نەسرین لە دهۆک مامەڵەی کردووە کە زەوییەکەی لەسەر تاپۆ بکرێت، بەڵام ئەکرەمیش داوای زەوییەکەی دەکرد، ئەنجوومەنی شارەوانیش کێشەکەی بەلای نەسریندا یەکلایی کردەوە، دواتر هاووڵاتییەکەی دیکە پەنای بۆ دادگا برد و سکاڵای لەسەر من و قایمقام و ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی تۆمار کرد".

سەرۆکی شارەوانی بەردەڕەش سەرسوڕمانی خۆی لە سکاڵاکە دەربڕی و گوتی "نەسرین ئەمین ئەوەلیاتی هەمووی مەوجوودە، نازانم بۆچی دادگا ئێمەی تۆمەتبار کردووە".

ئەکرەم ئیسماعیل کە لایەکی کێشەکەیە، گوتی "رووبەری زەوییەکە 330 مەترە، کاتی خۆی باوکی نەسرین ویستی ئەم زەوییە بکاتە خانوو کە دەکەوێتە بەردەم ماڵی من. کاتێک داوای زەوییەکەی کرد من رازی نەبووم و پێمگوت ئەو زەوییە موڵکی حکومەتە و هی کەسمان نییە، دواتریش لە ماڵەکەی من نزیکترە، بەڵام ئەگەر حکومەت سەنەدی پێدای با بۆ تۆ بێت".

ئەکرەم گوتیشی "من هیچ سکاڵام تۆمار نەکردووە لە دادگا، بەڵکو سەید ئەمین بەخۆی سکاڵای کرد و بەو هۆیەشەوە قایمقام و سەرۆکی شارەوانی و ئەندامانی ئەنجوومەن تۆمەتبار بوون لە دادگا".

ئەکرەم گوتیشی سەید ئەمین زەوییەکەی بەناوی کچەکەی کرد کە لە مووسڵ بوو، گوشاریشی خستووەتە سەر قایمقام و سەرۆکی شارەوانی تاوەکو بڕیارەکە لە بەرژەوەندیی ئەو بدەن، بەڵام ئەوان شارەزاییان لە یاسا نەبوو بۆیە کەوتنە دادگا".

سەبارەت بە گرفتی نێوان ئەو دوو هاووڵاتییە، بەیار موسا سەرۆکی شارەوانی بەردەڕەش گوتی "ئێمە لایەنگری هیچ کەسمان نەکردووە لەنێوان ئەو دوو هاووڵاتییە و ئێستا کێشەکە لە دەست ئێمە دەرچووە و دادگا بڕیاری لێ دەدات".

## هەرێمی کوردستان وەڵامی سووریا دەداتەوە



**رووداو- هەولێر**

د.دیندار زێباری، سەرۆکی لیژنەی وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند "حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز نەیدەزانی بارودۆخی مرۆیی لە سووریا دەگاتە ئەو ئاستەو ئەو هەموو خەڵکە لە رۆژئاوای کوردستان ئاوارەی باشووری کوردستان دەبن". ئەمە وەڵامێکە بۆ بەشار جەعفەری، نوێنەری سووریا لە نەتەوەیەکگرتووەکان کە گوتبووی بەڵگە و شایەتمان هەیە کە پێش رووداوەکانی سووریا لە هەرێمی کوردستان کەمپ بۆ ئاوارەکانی سووریا دروستکراوە. لەسەر ئەم قسەیە، نوێترین بەڵگەمان نووسراوێکی باڵیۆزی پێشووی فەرەنسایە کە ساڵی 2009 سەردانی کوردستانی عێراقی کردووە، لەوێ بونیادنانی خێوەتگەی گەورەی بینیوە.

راپۆرت

رووداو

ژمارە (356) دووشەممە 2015/4/27

### بەڕێوەبەری ئاسایشی شنگال:

### دەڵێن ناوی پێنج هەزار چەکداریان نووسیوە

# PKK لە شنگال خەریکی دروستکردنی حەشدی شەعبیە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

پارتی کرێکارانی کوردستان لەرێی یەکینەکانی بەرخودانی شنگال و چەند هێزێکی دیکەی خۆی لەو ناوچەیە، دەستی بەناونووسینی ئێزدییەکان کردووە، تاوەکو لە نێو حەشدی شەعبی جێگەیان بکاتەوە. فەرماندەیەکی ئێزدیانیش لە شنگال دەڵێت "تاوەکو ئێستا ناوی پێنج هەزار کەسیان نووسیوە".

سەرچاوەیەک لە چیای شنگالەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "پاش ئەوەی حەشدی شەعبی لە رێگای حەیدەر شەشۆ سەرکەوتوو نەبوو، ئێستا هێزەکانی PKK لەرێگای یەبەشە دەستیان بە ناونووسینی ئێزدیان کردووە. PKK هەماهەنگی لەگەڵ حەشدی شەعبی کردووە کە بەو رێگایە مووچە و چەک وەربگرن و ئەوان بکەنە هێزێکی تایبەت و لە ژێر راسپاردەکانی ئەواندا لە شنگال کار بکەن".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی "پاش ئەوەی چەند کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە نێوان سەرکردەکانی PKK و چەند فەرماندەیەکی باڵای حەشدی شەعبی کران، بەغدا رازی بووە لە سنووری نێوان رۆژئاڤا و عێراق هاوکاریی سەربازی بگەیەننە شنگال، ئێستاش قۆناغی ناونووسینی خەڵک بۆ دروستکردنی هێزێک لە ناوچەکە دەستپێکردووە".

بەرپرسانی عێراق ئەمە یەکەمجاریان نییە هەوڵی دامەزراندنی حەشدی شەعبی لە شنگال بدەن. سەرەتای ئەم مانگە حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی هێزی پاراستنی شنگال لەلایەن ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە لە دهۆک دەستگیرکرا، چونکە حەشدی شەعبی هاوکاریی ماددی بۆ هێزەکەی ناردبوو.

هەوڵەکانی PKK سەرکەوتوو نابن

(رووداو) بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو دەنگۆیانە پەیوەندی بە بەڕێوەبەری ئاسایشی قەزای شنگالەوە کرد و ئەویش رایگەیاند کە ئاگایان لەو هەوڵەی PKK هەیە "بەڵام دڵنیاین سەرکەوتوو نابێ".

قاسم سمۆ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ (رووداو) گوتی "هەر لە سەرەتای رووداوەکانی شنگالەوە، PKK بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات راستییەکان بشێوێنێ، دوای راگەیاندنی ئەنجوومەنی شنگال، چەند قوتابخانەیەکیان کردووەتەوە، رۆژانە خەڵکی چیای شنگال لە نێو ئەم قوتابخانانە کۆدەکەنەوە و باسی ئایدیۆلۆژیای خۆیانیان بۆ دەکەن".



### پێنج هەزار کەس ناونووسکراون

PKK جگە لە دروستکردنی هێزێکی سەربازی بەناوی یەبەشە، لە رێگەی دامەزراندنی پارتی (تەڤدا) بە سەرپەرشتی سەعید حوسێن، ئەنجوومەنی ئێزدییەکانی شنگالی راگەیاند و ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان خەڵکی شنگاڵ بۆ لای خۆیان رابکێشن.

فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە چیای شنگال کە ئێزدییە، ئەو هەوڵەی PKK بە هەڵخەڵەتاندنی ئێزدییەکان ناودەبات و دەڵێت "ئاگامان لەو هەوڵەی PKK هەیە کە بەرێگای هێز و لایەنگرانی خۆی لە شنگال یەبەشە و ئەوانی دیکە دەستی بە ناونووسکردنی ئێزدییان کردووە و پێیانگوتوون مووچەتان بۆ دابین دەکەین".

قاسم شەشۆ، فەرماندەی پێشمەرگە لە چیای شنگال بە (رووداو)ی گوت "زانیاریمان هەیە تاوەکو ئێستا ناوی پێنج هەزار کەسیان نووسیوە، بەڵام جگە لە پارتی هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێت جێی خۆی لە شنگال بکاتەوە، ئەو هەوڵەی PKKش وەکو هەوڵی لایەنەکانی دی لێدێ".

یەکێک لە فەرماندەکانی یەبەشە لە شنگال بێ ئاگایی خۆی نیشاندا کە PKK هێزێکی سەر بە حەشدی شەعبی لە شنگال دروستکردبێ. راکان شنگالی، سەرپەرشتیاری یەبەشە بە (رووداو)ی گوت "ئەو بابەتانە کاری بەرپرسە باڵاکانی PKKن، من ئاگام لێ نییە".

گوتەبێژی حەشدی شەعبی عێراقیش دەڵێت "شنگالیش بەشێکە لە عێراق، ئەگەر پێویست بێ و خەڵکی ئەوێ داوای حەشدی شەعبی بکەن، بۆیان دادەمەزرێنین".

کەریم نووری، گوتەبێژی حەشدی شەعبی بە (رووداو)ی گوت "ئەو بابەتە پەیوەندی بە بەشی پەیوەندییەکان لە نێو حەشدی شەعبی هەیە، من هیچ زانیارییەکم لەسەری نییە".

### 40 پەرلەمانتار واژۆیان کردووە

# پارتی و یەکێتی لەسەر "کۆمەڵکوژیی ئەرمەن" بوونەتە دوو بەرە

### پەرلەمانتارێکی یەکێتی:

### نابێت لەبەر خاتری تووڕەبوونی تورکیا دەنگ بەو پڕۆژە بڕیارە نەدەین




**عوبەید رەشافایی**
**رووداو- دهۆک**

پەرلەمانتارێکی ئەرمەن بە ئیمزای 40 پەرلەمانتاری کوردستان پڕۆژە بڕیارێک ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکات بۆ ئەوەی دان بە جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا بنرێ. فراکیسۆنی پارتی و گۆڕان بێدەنگن و یەکێتیش پشتگیری دەکات.

ئەو پڕۆژە بڕیارە لەلایەن یەروانت نیسان، تاکە پەرلەمانتاری ئەرمەن لە پەرلەمانی کوردستان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە.

ئەو پەرلەمانتارە گەشبینە بەوەی پڕۆژەکە بە زۆرینەی دەنگ تێپەڕێت و گوتی "لە هەموو فراکسیۆنەکان ئیمزام کۆکردووەتەوە".

لە پڕۆژە بڕیارەکەدا داوا لە پەرلەمانی کوردستان کراوە کە دان بە جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا بنێت لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی عوسمانی. هەروەها داوا کراوە رۆژی 24/4ی هەموو ساڵێک بکرێتە پشووی فەرمی بۆ ئەرمەنەکانی باشووری کوردستان.

رێواس فایەق، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمان لەگەڵ ئەو پڕۆژە بڕیارەدایە و بە (رووداو)ی راگەیاند کە خۆی ئیمزای کردووە و پشتیوانیش لەو پڕۆژە بڕیارە دەکات.

پەرلەمانتارە ئەرمەنییەکە پەسەندکردنی ئەو بڕیارە بە شتێکی ئاسایی دەبینێت، بەڵام بەیار مستەفا، شارەزای کاروباری تورکیا بە مەترسییەکی گەورەی دەزانێت و دەڵێ "نەک تەنیا بە پەسەندکرن، بەڵکو قسەکردن لەسەر ئەو پرسە، تورکیا و ئەردۆغان دێنە سەر خەت و گەورەترین زیان بە پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە دەگەیەنێ".

ئەندامەکەی فراکسیۆنی یەکێتی پێیوایە کە هەرچەندە تورکیا تووڕە دەبێت بەم هەنگاوە و کاریگەریشی لەسەر پەیوەندییەکان دەبێت، بەڵام گوتی "نابێت لەبەر خاتری تووڕەبوونی تورکیا دەنگ لەسەر ئەو پڕۆژە بڕیارە نەدەین، زۆر شتی دیکەش هەن بە دڵی تورکیا نەبوون، بەڵام دواتر بوونەتە شتێکی ئاسایی، خۆ بە دڵی تورکیا نەبووە کە پێشمەرگە بچێتە کۆبانێ یان دان بە کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستاندا بنێین، بەڵام کردمان و تێپەڕی".

جگە لە پەرلەمانتارانی یەکێتی، هەندێ پەرلەمانتاری پارتیش ئیمزایان لەسەر ئەو پڕۆژە بڕیارە کردووە. ئامینە زکری، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دەڵێت "تاوەکو ئێستا هیچ گفتوگۆیەک لەنێو فراکسیۆندا لەسەر ئەو پرسە نەکراوە، بۆیە ناتوانین قسەی لەسەر بکەین".

محەممەد عامر دێرشەوی، کادری پێشکەوتووی پارتی لەوبارەیەوە دەڵێت "هەموومان لەگەڵ بە جینۆسایدناسینی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکانداین، کاتی خۆی بارزانییەکان و عەشیرەتەکانی دیکە لەسەر سنووری تورکیا بەهانای ئەرمەنەکانەوە چوون". بەڵام دێرشەوی پێیوایە لەم کاتەدا ئەو هەنگاوە وا بە ئاسانی لەسەر هەرێمی کوردستان تێناپەڕێ "ئەستەمە لەم هەلومەرجەدا پەرلەمانی کوردستان دەستپێشخەربێت بۆ ئەم پرسە".

بەیار مستەفا وەبیری پەرلەمانتارانی کوردستان دێنێتەوە کە رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا چەند رۆژێک لەمەوبەر کاتێک باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا خۆی ئامادە دەکرد بۆ پێشکەشکردنی گوتارێک لەسەر تێپەڕبوونی 100 ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان، هەڕەشەی کرد ئەگەر ئۆباما وشەی جینۆساید بەکاربهێنێ، بۆیە ئۆباما کاتێک گوتارەکەی پێشکەش کرد ئەو وشەیەی بەکارنەهێنا. بەیار دەڵێت "کەواتە چۆن هەرێمێکی وەکو هەرێمی کوردستان کە تاکە دەروازەیەکی گرنگی هەبێ لەگەڵ تورکیایە، ئەو بڕیارە دەدات".

### حەیدەر شەشۆ بۆ (رووداو):

# حیزبێکی تایبەت بە ئێزدیان دادەمەزرێنین

**رووداو- دوسلدۆرف**

حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی شنگال لە راگەیێندراوێکدا باس لە دامەزراندنی حیزبێک بەناوی ئێزدییەکان دەکات. شەشۆ ئەم هەواڵەی بۆ (تۆڕی میدیایی رووداو) پشتڕاستکردەوە و گوتی "پارتێکی تایبەت بۆ ئێزدییەکان دادەمەزرێنین".

لە راگەیێندراوێکدا کە بە ناوی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی دامەزراندنی کیانێک بۆ ئێزدییەکان و حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی هێزی پاراستنی شنگال ئاراستەی رای گشتی کراوە، هاتووە "ئێزدییەکان دووجار لە عێراق بێبەش بوون: جارێک لە بەغدا وەک هاونیشتمانی کوردستانی و جارێکی دیکەش لە کوردستان وەک هاووڵاتی عێراقی".

حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی هێزی پاراستنی شنگال و ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "ئەو راگەیێندراوە لە لای ئێمەوە دەرچووە و ئێمە ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی دامەزراندنی پارتییەکی سیاسی تایبەت بە ئێزدییەکان دەکەین".

حەیدەر شەشۆ کە ولاتینامەی ئەڵمانیای هەیە و ئێستا لە ئەڵمانیایە، گوتیشی "ئەم پارتییە بۆ هەموو ئێزدییەکان دەبێت، بەڵام بەپێی یاسای پارتە سیاسییەکان لە کوردستان و عێراق ناکرێت هەڵگری ناسنامەی وڵاتێکی دیکە ببێتە ئەندام لە پارتێکی عێراقدا، بۆیە ئەم پارتییە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق دەبێت".

شەشۆ ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد "دەرگای ئەم پارتە لە بەردەم هەموو کەسێکدا کراوەیە و لە کاتی راگەیاندنی کۆمیتەی ئامادەکاری، ئەو کەسانەش ناویان ئاشکرا دەکرێت".

شەشۆ لەبارەی مانەوەی لەنێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێت "بەپێی یاسا بۆم نییە لە نێو پارتێکی دیکەدا کار بکەم، بەڵام دوای وەرگرتنی مۆڵەتی پارتە نوێیەکە، ئەو بابەتەش چارەسەر دەبێت".

سەبارەت بە ناوی پارتەکەش، گوتی "تاوەکو ئێستا هیچ ناوێک بۆ پارتەکە دەستنیشان نەکراوە و ئەوەمان بۆ کۆنگرەی دامەزراندن بەجێهشتووە".

حەیدەر شەشۆ لە رۆژی 5ی نیسانی 2015 لە لایەن ئاسایشی دهۆکەوە دەستگیرکرا و دواتر لە 13ی نیسان بەبڕیاری دادگا ئازاد کرا. شەشۆ بەمەبەستی کۆکردنەوەی پاڵپشتی بۆ حیزبە نوێیەکەی سەردانی ئەڵمانیای کردووە و دەڵێت "دوو هەفتە لە ئەڵمانیا دەمێنمەوە و دەگەڕێمەوە کوردستان".



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (356) دووشەممە 2015/4/27

## کۆنگرەیەک بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی دەبەسترێ

**ڕووداو- بەغدا**


د.ئەحمەد ئەنوەر سەرۆکی دەستەی دەستپاکی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بەمەبەستی چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، لە 2 مانگی داهاتوودا بەهاوکاری ڕێکخراوی (UNDP) کۆنگرەیەک دەبەستن. ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ڕێکخراوی (UNDP) بڕیاریداوە هاوکاری زیاتریان بۆ بکات بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی گەندەڵی بۆیە ڕۆژی 2015/4/26 پرۆتۆکۆڵێکیان واژوو کردووە کە ڕێکخراوەکە خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی دەستەکەیان و دادوەران و لێکۆڵەرانی دادیی لەسەر شێوازە نوێیەکانی ڕووبەڕوبوونەوەی گەندەڵی دەکاتەوە. هەروەها گوتی بۆ ساڵی داهاتووی خوێندنیش چۆنیەتی خۆپاراستن لە گەندەڵی دەخەنە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنی قۆناغەکانی (1-6)ی بنەڕەتی.



بەپێی ڕاپۆرتی دادگای لێکۆڵینەوەی دەستەی نەزاهە و چاودێریی دارایی

# "وەسڵی تەزویر" و "بەهەدەردانی پارە"

# لە فەرمانگەیەکی سەر بە وەزارەتی کاردا هەیە



## بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکە: ئەو ڕاپۆرتە تەنیا بۆ لەکەدارکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکەمە

**سالّح قادر**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمی کوردستان، ئاشکرای کردووە کە بڕە پارەیەکی زۆر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر "بەهەدەر دراوە". چەندین وەسڵ لە نێو وەسڵی خەرجییەکان هەن کە ڕاپۆرتەکە دەڵێ تەزویرن. ڕێکخراوی یونیسێف بەهۆی ئەم ڕاپۆرتەوە پرۆژەیەکی خۆی لەو بەڕێوەبەرایەتییە وەردەگرێتەوە، بەڵام بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە زۆربەی زانیارییەکانی نێو ڕاپۆرتەکە ڕەتدەکاتەوە.

ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێریی دارایی بە نووسراوی ژمارە (1/1/90/) لە ڕۆژی 2015/2/11 بەناونیشانی (خەرجکردنی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر) بۆ (سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر/ دادگای لێکۆڵینەوەی دەستپاکی هەولێر) بەرزکراوەتەوە.

بەپێی ئەو دۆکیۆمێنتانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، دیوانی چاودێریی دارایی بە فەرمانێکی نهێنی بە ژمارە (1/1/52) لە ڕۆژی 2015/1/22 لێژنەیەکی پێکهێناوە بۆ وردبینی لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی دادگای دەستپاکی هەولێر کە لەسەر چەند پرۆژەیەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر بۆیان ڕەوانە کراوە.

بەپێی ئەو دۆکیۆمێناتە، زیاتر لە 117 ملیۆن دیناری بودجەی ئاسایی فەرمانگەکە و 67 هەزار دۆلاری پرۆژەیەکی یونیسێف خراونەتە ژێر وردبینی دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە.

### پرۆژەکەی یونیسێف

ئەم پرۆژەیە دوو بەش بووە و تێچووەکەی زیاتر لە 67 هەزار دۆلار بووە. بەشی یەکەمیان هەڵمەتێک بووە بۆ یارمەتیدانی منداڵانی کەمپی باسرمە و دارەشەکران، ئەوەی دووەمیشیان کە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی تایبەت بووە، هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی منداڵانی ئەو کەمپانە بووە لە ڕێی شانۆگەری.

دیوانی چاودێریی دارایی چەندین تێبینی لەسەر ئەو پرۆژەیە هەیە، لەوانە: ئەم پرۆژەیە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی واژۆ کراوە "کە لە دەسەڵاتەکانی ئەودا نییە". هەروەها "هیچ فەرمانێکی کارگێڕی نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیە و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیشی لێ ئاگادار نەکراوەتەوە".

بەڵام ڕۆزە عەبدوڵڵا شەریف، بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر دەڵێت بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن وەزیرەوە پێیدراوە، دەسەڵاتی واژۆکردنی گرێبەستی پرۆژەی هەیە.

"پرۆژەکە لەلایەن چەند فەرمانبەرێک جێبەجێکراوە کە فەرمانی کارگێڕییان نییە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە و کڕینی کەلوپەلەکان". بەڵام ڕۆزە عەبدوڵڵا ئەوەی ڕەتکردەوە و گوتی "فەرمانی کارگێڕیمان هەیە بۆ پرۆژەکە".

"پارەی پرۆژەکە لەلایەن فەرمانبەرێک بەناوی حەسەن لەتیفوڵڵا مەجید وەرگیراوە کە فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی نییە. کەچی ڕۆزە عەبدوڵڵا دەڵێت "ئەمە هیچ گرفتێکی یاسایی تێدا نییە، چونکە ئەو کەسە فەرمانبەری چاودێریی تایبەتە و ئەوانیش بەشداربوون لە پرۆژەکە".

بەپێی گرێبەستەکە ماوەی پرۆژەکە سێ مانگە، لە 2013/12/1 دەستپێدەکات و لە 2014/2/28 کۆتایی دێت، بەڵام ئەوەی تێبینی کرا پرۆژەکە لە دوای تەواوبوونی ئەو وادەیە دەستی پێکردووە. ڕۆزە عەبدوڵڵا هۆکاری دواکەوتنی ئەو پرۆژەیەی بۆ خودی یونیسێف گەڕاندەوە و گوتی کە ئەوان ئامادە نەبوون.

"هیچ خشتەیەک نییە بۆ یەکلاکردنەوەی خەرجییەکانی ئەم پرۆژەیە. هەروەها پسوولەکانی خەرجی لەلایەن بەرپرسی وردبینی واژۆ نەکراون، واتە وردبینییان تێدا نەکراوە". ڕۆزە ئەو دوو زانیارییەشی ڕەتکردەوە و گوتی "خەرجییەکانمان هەموویان بە دۆکیۆمێنت کراون و واژۆ و مۆری بەڕێوەبەری وردبینی لەسەرە، بەڵام ئەو برادەرانەی ڕاپۆرتەکەیان بۆ دەستەی نەزاهە کردووە، پەلەیان کردووە".

ئەو بەڕێوەبەرە ڕەخنە لە دەستەی نەزاهە و چاودێریی دارایی دەگرێ کە نەهاتوونەتە لای ئەو و هیچ زانیارییەکیان لەو وەرنەگرتووە، تەنیا چوونەتە لای ئەو فەرمانبەرانەی لە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان "کێشەیان هەیە".

ڕاپۆرتەکە دەڵێت "دوو ئۆتۆمبێل بەدەر لە گشت ڕێنماییە داراییەکان بەکرێگیراون، هیچ پسوولەیەکی وەرگرتنیش نییە بەپێدانی بڕە پارەی مانگانە بە شوفێرەکە. کڕینی بەنزین بە بڕی جیاجیا بۆ ئەم پرۆژەیە لە کاتێکدا دوو ئۆتۆمبێل بە کرێ گیراون". کەچی ڕۆزە عەبدوڵڵا گوتی "هەموو ئەو خەرجیانەمان بە دۆکیۆمێنت هەیە".

سەبارەت بە کڕینی بەنزینیش گوتی "ئەو پارەیە یونیسێف خەرجی کردووە، هەندێک لەو خەرجیانە کەموکوڕییان هەیە و بە خەرجی دیکە پڕدەکرێنەوە".

ڕاپۆرتەکە باس لە کڕینی 8 سپلیت دەکات کەچی لە دەرخستەدا 4 سپلیت دیارە. هەروەها لە ڕێکەوتی 2014/2/6 بەپێی هەردوو پسوولەی (پێشانگای باوکی فوئاد) دوو سپلیت و هەندێک کەلوپەل کڕدراون، ژمارەی پسوولەیەکیان (0057) ەو ئەوەی دیکەیان (303)یە، لە کاتێکدا دەبوو ژمارەکان بەدوای یەکدا هاتبان، هەروەها واژۆی خاوەن پێشانگاکە وەک یەک نین، ئەمەش "گومان" دەخاتە سەر دروستیی پسوولەکە.

ڕۆزە عەبدوڵڵا لەبارەی ئەو سپلیتانەوە گوتی "ئەوە پەیوەندی بە لێژنەی کڕینەوە هەیە، ئەوان دەتوانن کەلوپەل زیاد بکەن یان کەمی بکەنەوە، من بانگی لێژنەکەم کرد و لەبارەی جیاوازیی ژمارەی پسوولەکان پرسیارم لێکردن، ئەوانیش گوتیان مەرج نییە ئەوانەی ئێمە شتیان لێدەکڕین ئەوەندە شارەزا بن لەڕووی کارگێڕی".

"فەرمانی کارگێڕیی تایبەت بە پێکهێنانی لێژنەی کڕینی کەلوپەل لە ڕێکەوتی 2014/6/15 لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی واژۆ کراوە، کەچی ڕێکەوتی دەرکردنەکەی لە 2014/1/14 کراوە، واتە پێنج مانگ بەر لە واژۆکردنەکەی ئەم فەرمانە دەرکردەی بۆ کراوە. دوای گەڕانەوە بۆ تۆماری دەرکردە، دەرکەوت ژمارەی فەرمانەکە تایبەتە بە فەرمانێکی تر کە ئەژمارکردنی مۆڵەتی ئاسایی بووە بۆ فەرمانبەران".

ڕۆزە عەبدوڵڵا ئەمەی بۆ هەڵەیەکی کارگێڕی گەڕاندەوە و گوتی "بەڵام من لێکۆڵینەوە لەو بابەتە دەکەم، ئەگەر دەرکەوت ئەمە بە مەبەست کرابێت، ئەوا بێگومان ئەو فەرمانبەرە سزا دەدرێت".

پرۆژەکەی یونیسێف لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دهۆک و سلێمانی بەردەوامە، بەڵام لەگەڵ بەڕێوەبەراتییەکەی هەولێر گرێبەستەکەیان نوێ نەکردووەتەوە. ڕۆزە عەبدوڵڵا هۆکارەکەی بۆ ڕاپۆرتەکەی دەستەی نەزاهە گەڕاندەوە و گوتی "یونسێف پێیڕاگەیاندین کە بیستوویانە کەموکوڕیمان هەبووە، بۆیە گرێبەستەکەیان بۆ نوێ نەکردینەوە".

### پسوولەکان جێی گومانن

بەشی دووەمی پرۆژەکەی یونیسێف لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی تایبەت جێبەجێ کراوە. دیوانی چاودێریی دارایی چەندین تێبینی لەسەر پرۆژەکەی ئەوانیش هەیە، وەک:

پرۆژەکە فەرمانی کارگێڕی نەبوو بۆ پێکهێنانی لێژنەی سەرپەرشتیار، ئەمەش پێچەوانەی ڕێکارە کارگێڕییەکانە. واژۆی بەڕێوەبەری وردبینی لەسەر پسوولەکان نییە.

بەپێی پسوولەی (شوێنی کوردستان) بڕی 500 دۆلار خەرجکراوە بۆ دروستکردنی شانۆی گەڕۆک لە ڕێکەوتی 2013/11/18، کەچی ڕێکەوتی واژۆکردنی گرێبەستەکە لە 2013/12/16 بووە، واتە 28 ڕۆژ پێش دەستپێکردنی پرۆژەکە "ئەمەش گومان دەخاتە سەر دروستیی پسوولەکە".

هەروەها "بەپێی پسوولەی پەراوگەی (عیماد) بڕی 7500 دۆلار خەرجکراوە بۆ چاپکردنی بڕۆشۆر، بەڵام ئەم شوێنە پەراوگەیە نەک چاپخانە، دەبووایە ئەم کارە لە ڕێگەی چاپخانەیەک کرابا، هەروەها ڕێکەوتەکەشی وەکو دروستکردنی شانۆی گەڕۆک پێش واژۆکردنی گرێبەستەکەیە".

ڕاپۆرتەکە دەشڵێت "خەرجکردنی بڕی 300 دۆلار بۆ دروستکردنی 100 بووکەشووشە، بەپێی لیستێک کە لەلایەن خۆیانەوە ئامادەکراوە.. خەرجکردنی بڕی 1280 دۆلار بۆ هاتوچۆ بەپێی لیستێک کە لەلایەن خۆیانەوە ئامادەکراوە، لە کاتێکدا دەبوو ئەم کارە لە ڕێگەی گرێبەستێک لەگەڵ خاوەن ئۆتۆمبێلێک بووایە".

### چاپ لە شوێنێک و پسوولە لە شوێنێک!

بەشێکی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێریی دارایی تایبەتکراوە بە چاپکردنی کتێبێک بەناوی (خوێندنەوەیەک بۆ سایکۆلۆژی منداڵ) بە تیراژی 1000 دانە کە بڕی 4 ملیۆن و 387 هەزار دیناری بۆ خەرجکراوە. چاودێریی دارایی تێبینی لەسەر چاپکردنی ئەم پەرتووکە هەیە و دەڵێت:

"لە ڕۆژی 2014/1/29 هەزار دانە لەو پەرتووکە داهاویشتە (ادخال مخزني) بۆ کراوە، بەبێ ئەوەی هیچ وێنەیەک لەم پەرتووکانە بوونی هەبێت. لە کاتێکدا لە ڕۆژی 2014/10/28 لێژنەیەک پێکهاتووە بۆ وەرگرتنی ئەم پەرتووکە، واتە 9 مانگ پێش ئەوەی پەرتووکەکان وەربگیرێن داهاویشتەی کۆگایی بۆ کراوە".

هەروەها دەڵێت "پەرتووکەکە لەلایەن چاپخانەی حاجی هاشمەوە چاپکراوە، بەڵام پسوولەی چاپخانەی ماردینی بۆ هێنراوە". ڕۆزە عەبدوڵڵا گوتی "ئەوەی ماردین پسوولە نەبوو، بەڵکو دەرخستە بوو، ئێمە سێ دەرخستەمان وەرگرتبوو، ئەوەی ماردین کەمترینیان بوو، بەڵام دواتر ماردین پەشیمان بووەوە، چاپخانەی حاجی هاشمیش بەهەمان نرخ کتێبەکەیان بۆ چاپکردین".

ڕاپۆرتەکەی چاودێریی دارایی دەڵێت "بڕی 800 هەزار دینار بۆ پاداشتکردنی ستافی ئامادەکاری پەرتووکەکە دراوە، بەبێ ئەوەی ناو و واژوویان هەبێت بۆ وەرگرتنی ئەو پارەیە".

بەڵام بەپێی ئەو دۆکیۆمێنتەی لەلای ڕووداوە، پاداشتی ستافی ئامادەکاری ئەو پەرتووکە کە ژمارەیان 8 کەس بووە، 2 ملیۆن و 387 هەزار دینار بووە و هەمووشیان واژوویان بەرامبەر ناوەکەیان کراوە.

### فەرمانبەر پاداشتباران دەکرێن

یەکێک لەو کارانەی چاودێریی دارایی لێکۆڵینەوەی تێدا کردووە، وۆرک شۆپێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر بووە بۆ کێشە و گیروگرفتەکانی کەمئەندامان. ڕاپۆرتەکەی چاودێریی دارایی دەڵێت "ئەم وۆرکشۆپە بودجەکەی لەلایەن لێژنەیەکەوە دانراوە بەبێ ئەوەی فەرمانی کارگێڕی هەبێت بەپێکهێنانی ئەو لێژنەیە".

بەڵام ڕۆزە عەبدوڵڵا دەڵێت "ئێمە فەرمانی کارگێڕیمان بە ژمارە 1435 لە ڕۆژی 2013/11/13 بۆ پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ وەرگرتنی پارەی ئەو وۆرک شۆپە دەرکردووە".

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکەی چاودێریی دارایی، چەند فەرمانبەرێکی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە ماوەی مانگێکدا 3 جار پاداشت کراون "ئەمەش پێچەوانەی مادەی 5ی بڕگەی یەکەم لە ڕێنمایی دارایی ژمارە یەکی ساڵی 2013/3/18یە کە نابێت پاداشت بۆ هەمان کەس دووبارە ببێتەوە لە دوو مانگی یەک لە دوای یەکدا".

فەرمانبەر ئەحمەد خورشید لە مانگی کانوونی یەکەم سێ جار پاداشت کراوە و 345 هەزار دیناری وەرگرتووە. دەهام ئیسماعیل لە هەمان مانگدا سێ جار پاداشت کراوە و 420 هەزار دیناری وەرگرتووە. سامان تەها عەزیز دوو جار پاداشت کراوە و 270 هەزار دیناری وەرگرتووە، سەرهەنگ شێخل دوو جار پاداشتکراوە و 200 هەزار دیناری وەرگرتووە. عادل عوسمان دوو جار پاداشت کراوە و 170 هەزار دیناری وەرگرتووە.

ڕۆزە عەبدوڵڵا لەبارەی ئەو پاداشتەوە دەڵێت "پاداشتی فەرمانبەران تەنیا لە بودجەی ئاسایی دەکرێت، بەڵام ئەوانە لە لەو پارەیە پاداشتکراون کە بۆ وۆرکشۆپەکە خەرجکراوە".

ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێریی دارایی دەڵێت "28 کەس لە وۆرکشۆپەدا ئامادە بوونە، بەڵام لەسەر پسوولەکان 60 کەس نووسراوە بۆ نانخواردن و برێک". بەڵام ڕۆزە دەڵێت "بەڵگەمان هەیە". بەپێی ئەو بەڵگەیەی ئەوان ناوی 35 کەس وەکو بەشداربووی وۆرکشۆپەکە نووسراوە.

بەپێی پسوولەی ئوتێل 30 ئامادەبوو لە دەرەوەی شاری هەولێر هاتوون، واتە پارەی ئوتێلیان بۆ خەرجکراوە، کەچی 28 کەس ئامادە بوونە. ڕۆزە بۆ ئەمەش دەڵێت "بەڵگەمان هەیە".

### وۆرکشۆپی خانەی بەساڵاچووان

یەکێکی دیکە لەو دۆسیانەی چاودێریی دارایی وردبینی تێداکردووە، وۆرکشۆپێکی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو بوو بۆ بەرەوپێشبردنی سیستمی کاری خانەی بەساڵاچووان. چاودێریی دارایی چەند تێبینییەکی لەسەر خەرجکردنی پارەی ئەم وۆرکشۆپە هەیە، لەوانە:

"بەپێی پسوولەی مۆتێل دیار، بڕی 8 ملیۆن و 400 هەزار دینار خەرجکراوە، ئەم پسوولەیە لە بنەڕەتدا ساختەیە، لەبەر ئەوەی ئەو شوێنە مۆتێلە نەک هوتێل. هەروەها کەوتووەتە گەڕەکێکی میللی شاری هەولێر، شوێنی خواردن و هۆڵی کۆبوونەوەی نییە، ژووری پێویستیشی نییە بۆ مانەوەی ئەم ژمارە میوانە. بۆ دڵنیا بوون پەیوەندیمان بە موتێلی ناوبراو کرد، ئەوانیش ئەمەیان بۆ ڕاستکردینەوە".

ڕۆزە عەبدوڵڵا بوونی ئەم پسوولەیەی پشتڕاستکردەوە و گوتی "ئێمە ئەم وۆرکشۆپەمان لە هوتێلی ڤان ڕۆیاڵ کردووە نەک مۆتێل دیار، من ئەو کەسەم بانگ کرد کە ئەم وەسڵەی هێناوە، ئەو کەسە گوتی بۆ تەسویەکردنی حیساب ئەم وەسڵەی هێناوە، بەڵام من هێشتا نەگەیشتوومەتە ئەو ئەنجامەی کە ئایا ئەمە یاساییە یان نا". گوتیشی "لێژنەی لێکۆڵینەوەم لەسەر ئەو فەرمانبەرە پێکهێناوە".

"بەپێی پسوولەی (bavarote) بۆ جلوبەرگی پیاوان، بڕی 3 ملیۆن و 600 هەزار دینار خەرجکراوە بۆ کڕینی دیاری بۆ کەمئەندامان، سەرەڕای دەستکاریکردنی وەسڵەکە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم پسولەیە ساختەیە، ئەمە بە وتەی سەرۆکی لێژنەی کڕین".

ڕۆزە دەڵێت "سەرۆکی لێژنەی کڕین ئێستا لەلای ئێمە نەماوە. ئەم لێژنەیە کە لە سێ کەس پێکهاتوون وەسڵیان بۆ من هێناوە و منیش واژۆم کردووە. ئەگەر چاودێریی دارایی قسەیان لەگەڵ سەرۆکی لێژنەی کڕین کردبێت، هەر دەبێت ئەو بابەتەکەیان بۆ ڕوون بکاتەوە کە چۆن ئەم کارەی کردووە".

### چاکەتی ژنانی شێڵتەری هەولێر

بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێریی دارایی، بڕی 4 ملیۆن و 999 هەزار دینار وەک پێشینە وەرگیراوە بۆ کڕینی دیاری و سازدانی ئاهەنگ بەبۆنەی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان. دوای وردبینیی بەرایی ئەم تێبینیانەیان هەبووە:

"سەرەڕای نەبوونی لێژنەی ئامادەکردنی دەرخستە، کەچی لە 2013/12/19 دەرخستە کراوە، بەڵام فەرمانی کڕین لە 2013/12/16 دەرچووە، واتە پێش ئامادەکردنی دەرخستە فەرمانی کڕین دەرچووە".

هەروەها "هەردوو پسوولەی شوێنی ئاکار و فرمێسک لە بنەڕەتدا ساختەن، بەپێی وتەی سەرۆکی لێژنە و ئەندامانی لێژنە بەهیچ شێوەیەک چاکەتی ئافرەتان نەکڕدراوە، بەڵکو ئەوەی کڕدراوە پارچە قوماشێکی جلی کوردییە بە بڕی 35 هەزار دینار، هەروەها هیچ ئاهەنگێک نەگێڕدراوە".

ڕۆزە لەوبارەیەوە دەڵێت "لە شێڵتەر ڕۆژانە کەیس دێت و دەڕوات، کە دێت بێ جلوبەرگە، دەبێت جلوبەرگی بۆ بکڕی، خواردنی بۆ بکڕی، ئەمەش لەبابی دارایی هیچ نەنووسراوە، تەنانەت لە داراییش نازانن شێڵتەر چییە، ئەوەی کردوومانە زۆر ئاساییە، ئێمە ناتوانین چاوەڕێی خەزێنە و دارایی بکەین".

سەبارەت بە پسوولە ساختەکانیش گوتی "نەخێر ئەمە ڕاست نییە، ئەم ناوزڕاندنە و تەنیا بۆ لەکەدارکردنی شێڵتەری هەولێرە، من بە دەستی خۆم دیارییەکانم دابەشکردوون".

### GPS بۆ ئۆتۆمبێلی بەڕێوەبەری گشتی

بەپێی ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێری، بڕە پارەیەک بۆ ئۆتۆمبێلەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خەرجکراوە بە مەبەستی جوانکاری، دیوانی چاودێریی دارایی ئەمەی بە "بەهەدەردان"ی موڵکی گشتی ناوبردووە.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "لە ڕۆژی 2013/8/28 بڕی 2 ملیۆن و 688 هەزار دینار خەرجکراوە بۆ ئۆتۆمبێلێکی جۆری لاندکرۆزەر کەچی ئەم ئۆتۆمبێلە ڕۆژێک پێشتر بە بڕی 48 هەزار دۆلار کڕدراوە، بێگومان ئەمەش بەهەدەردانی سامانی گشتییە".

ڕۆزە عەبدوڵڵا دەڵێت "من بە توندی ڕەتی دەکەمەوە سامانی گشتیمان بە هەدەردابێت. بە واژۆی وەزیری پێشوو بڕیاردرا چەند ئۆتۆمبێلێکی مواسەفات بەرز بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان بکڕدرێت، بەڵام دواتر ئۆتۆمبێلی دیکەیان کڕی، ئەم ئۆتۆمبێلە کۆمەڵێک شتی کەم بوو، وەکو کامێرا و حەساس، بەڵام هەموو بەڕێوبەرایەتییەکان ڕێگەپێدانیان لە وەزیر وەرگرت کە بە ئارەزووی خۆیان دەستکاری ئۆتۆمبێلەکان بکەن، پێموابێ ئەم پارەیەش ئەوەندە زۆر نییە بۆ دەستکاریکردنی ئۆتۆمبێلێک".

بەپێی ڕاپۆرتەکەی چاودێریی دارایی "بڕی ملیۆنێک و 300 هەزار دینار خەرجکراوە بۆ کڕینی دوو GPS بۆ هەردوو ئۆتۆمبێلی بەڕێوەبەری گشتی، بەبێ ئەوەی مەبەست لەو کڕینە دیاربێت، ئەمەش بە هەدەردانی موڵکی گشتییە".

ڕۆزە عەبدوڵڵا ڕەتیکردەوە کە دوو ئۆتۆمبێلی هەبێت و گوتی "ڕاستە GPS کڕدراوە، بەڵام من هەتاوەکو ئێستا بەکارمنەهێناون، ئەم ئامێرانەش لەسەر داواکاری بەڕێوەبەری بەشی خزمەتگوزاری کڕدراون".

لە ڕاپۆرتەکەی چاودێری داراییدا هاتووە بڕی ملیۆنێک و 964 هەزار دینار خەرجکراوە بۆ کڕینی چوار جووت تایە، بەڵام تەنیا یەک جووت تایە کڕدراوە بە بڕی 476 هەزار دینار، بڕەکەی دیکە کە دەکاتە ملیۆنێک و 488 هەزار دینار ڕادەستی بەڕێوەبەری گشتی کراوەتەوە، واتا ئەم پسوولەیەش ساختەیە، ئەمەش بە وتەی سەرۆکی لێژنە کە بە یاداشتی نووسراو ئێمەی لێ ئاگادار کردووەتەوە".

ڕۆزە هەموو زانیارییەکانی نێو ئەو ڕاپۆرتەی ڕەتکردەوە و گوتی "ئەمە تەنیا بۆ ناوزڕاندنی بەڕێوەبەرایەتییەکەمانە، چونکە لەم ماوەیەدا دوو وۆرکشۆپی گەورەمان ئەنجامدا، خەڵکانێک لە نێو وەزارەت و لە دەرەوەی وەزارەت چاویان لە شوێنەکەی منە و دەیانەوێت بەم جۆرە ڕاپۆرتانە بەڕێوەبەرایەتییەکەم لە کەدار بکەن".

ڕووداو
ژمارە (356) دووشەممە 2015/4/27



## یەکگرتوو: لەسەر گیرفانی کادیرەکانمان دەژین

**ڕووداو- سلێمانی**

مستەفا عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ڕایگەیاند قەیرانی دارایی کاریگەریی هەبووە لەسەریان، بەڵام ئەوان لەپێش دروستبوونی قەیرانەکەشەوە هەر لەسەر گیرفانی کادیرەکانیان کاریان کردووە، ناوبراو گوتی "داهاتی کادیرەکانمان ئەوانەی کاسپی خۆیان دەکەن لە ملیۆنێک دینار 25 هەزار دەدەن بە حیزب، بەرپرسانی پلە تایبەتییەکانیشمان بەڕێژەکانی 40% و 45% و 50% مووچەیان لێدەبڕین، بەڵام کادیرەکانی دیکەمان زۆربەیان بەخۆبەخشی کار دەکەن، بۆیە ئێمە لەسەر گیرفانی ئەوان کاردەکەین". یەکگرتوو پێشتر مانگانە 450 ملیۆن دیناریان لەحکومەت وەردەگرت، بەڵام زیاتر لە ساڵێکە ئەو منحەیەیان وەرنەگرتووە.

# کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح ئامادەن بۆ کۆبوونەوەی چوار قۆڵی



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

زیاتر لە 3 مانگ بەسەر پێکهێنانی ئەو لیژنانەدا تێپەڕیوە کە دەبوو لانیکەم سەرکردە ناکۆکەکانی یەکێتی لەسەر مێزێک کۆبکەنەوە، بەڵام هێشتا گرنگترین لیژنە کە لە هەستیارترین کێشەی نێو ئەو حیزبە دەکۆڵێتەوە، کاری خۆی تەواو نەکردووە و ڕاپۆرتی نەداوەتە مەکتەبی سیاسی یەکێتی.

ئەو لیژنەیەی کە کارەکانی تەواو نەکردووە، لیژنەی تایبەت بە کاروباری دارایی حیزبە. نەرمین عوسمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی هۆکاری تەواونەبوونی ڕاپۆرتی لیژنەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە "کاتی زیاتریان پێویستە تاوەکو زانیاریی تەواویان دەستبکەوێ لەسەر دارایی یەکێتی".

نەرمین عوسمان، باسی تەواوبوونی ڕاپۆرتی چەند لیژنەیەکی دیکەی کرد و گوتی کە "ئێستا تارادەیەک زەمینەیەکی باشتری متمانە لەنێوان سەرکردەکانی یەکێتی دروستبووە و هیوایەک هەیە بۆ ئەوەی ئەو کۆبوونەوە چوار قۆڵییەی سەرکردەکانی یەکێتی ببەسترێ".

مەبەستی ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی لە کۆبوونەوەی چوار قۆڵی، پێکەوە دانیشتنی هەردوو جێگرەکەی سکرتێری گشتی یەکێتی: کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵحە لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبە.

ئێستا وادیارە کە ئەو گرێیە خەریکە دەکرێتەوە، بەتایبەتی پاش دیداری دووقۆڵیی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ هەردوو جێگرەکەی سکرتێری گشتی بەجیا.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە بۆخۆی ئەندامی یەکێ لە لیژنەکان بووە و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ ڕاپۆرتەکان تەواوبوون و دەبوو کۆبوونەوە چوار قۆڵییەکە بکرێ "بەڵام نازانین بۆچی ئەو کۆبوونەوەیە ناکرێ".

ئەو بەرپرسە باڵایەی یەکێتی گوتیشی "ئەوەندەی من ئاگادار بم، ئێستا کاک کۆسرەت و کاک بەرهەم ئامادەن بۆ کۆبوونەوەی چوارقۆڵی، بەڵام وادیارە باڵەکەی تر هێشتا ئامادە نین".

ڕاپۆرتی لیژنەکان دەگەڕێنەوە بەردەستی ئەو چوار سەرکردەیە و پاشتر ئەوان کۆدەبنەوە و لە کۆبوونەوەیەکدا بڕگەکان یەکلایی دەکەنەوە، ئاخۆ پێی ڕازی دەبن و وتووێژ لەسەر کۆبوونەوەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دەکەن، یان ئەوەتا دەگەڕێنەوە بۆ خاڵی سەرەتای کێشەکان.

بەڵام ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ڕەتیکردەوە کۆنگرە قسەی ئەو قۆناغەی یەکێتی بێت "جارێ بەهیچ شێوەیەک کۆنگرە باسوخواسی ئێستای نێو یەکێتی نییە، چونکە زەمینەی نییە".

کێشەی سەرەکیی نێوان ئەو سەرکردانەی یەکێتی جگە لە بڕیاردان، دارایی و داهاتی یەکێتییە. کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح دەیانەوێ بزانن بەڕاستی داهاتی یەکێتی چەندە و چۆن بەڕێوەدەبرێت. بەڵام هێشتا لیژنەی دارایی ئەوەی دەرنەخستووە.

ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی، پێیوایە مەرج نییە ئەو چوار سەرکردەیە بەو شێوەیە ڕێکبکەون کە لیژنەکان لە ڕاپۆرتەکانیاندا چارەسەریان بۆ دەستنیشان دەکەن "لەوانەیە بۆخۆیان دەستکاری بکەن، یان ئەوەتا لەسەر شتەکان ڕێکدەکەون".

فەرید ئەسەسەرد کە بۆخۆی لە لیژنەی ڕاگەیاندن بووە و ڕاپۆرتی خۆیان تەواو کردووە، دەڵێ ئێمە لە ڕاپۆرتی خۆمان نەمواننووسیوە یەکێتی چەند دەزگای ڕاگەیاندنی هەیە "بەڵکو نووسیومانە دەبێ ڕاگەیاندنی یەکێتی یەکبخرێتەوە و نابێ سەرکردەکانی یەکێتی دەزگای ڕاگەیاندنیان هەبێت، دەبێ ئەرکی خۆیان ڕاپەڕێنن نەک خاوەندارێتی دەزگای ڕاگەیاندن بکەن".

ئەوە دواهەمین هەلە لەبەردەم سەرکردەکانی یەکێتییدا تاوەکو بتوانن ئەو ڕێگایە بدۆزنەوە کە دەیانگەیەنێتە کۆنگرەی چوارەمی حیزبەکە.

### ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی:
### هیوایەک دروستبووە بۆ کۆبوونەوەی چوار قۆڵی

چونکە لانیکەم ئەوان ماوەی یەک ساڵە نەیانتوانیوە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی بکەن.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی و نزیک لە بەرهەم ساڵح بە گەشبینییەوە دەڵێت "ئێستا بەرهەم ساڵح هیوایەکی بۆ گەڕاوەتەوە و لیژنەکانیش وردە وردە دەستیان بەسەردان و دانیشتن لەگەڵ یەکتری کردووە".

سەرچاوەیەک لەنێو یەکێتییەوە بە (ڕووداو)ی گوت، چاوەڕێ دەکرێ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردەکان زۆرتریش دوابکەوێ، چونکە وەک ئەو باسیکرد "جگە لە مەسەلەی دەستوور و سەرۆکایەتی هەرێم، بابەتی پەیوەندی و نزیکبوونەوەی زیاتری یەکێتی و گۆڕان، پرسێکی دیکەیە و هەموو سەرکردەکانی نێو یەکێتی ڕایان لەبارەیەوە وەک یەک نییە".

گوتیشی "نزیکبوونەوەی یەکێتی لە گۆڕان کە کاری بۆ دەکرێ، لەلایەن باڵی هێرۆخانەوە کاری لەسەر دەکرێ و ڕاوێژ لەگەڵ کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح نەکراوە لەو ڕووەوە".

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و ئەندامی لیژنەی پێشمەرگە گوتی "ئێستا زەمینەیەکی باشتر و کەشوهەوایەکی گونجاوتر لەنێو یەکێتی دروستبووە و هەندێ هۆکاری لاوەکی کۆبوونەوەکەی دواخستووە، هیوادارین بەو نزیکانە کۆبوونەوەکە بکرێ".

### لەبارەی کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

# یەکێتی داوای "قسەی ڕاشکاوانە" لە پارتی دەکات

### پەرلەمانتارێکی یەکێتی:
### یەکێتی بەرامبەر پۆست ناچێتە ژێر باری هیچ ڕێککەوتنێک بۆ مانەوەی بارزانی



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسانی یەکێتی ڕەخنە لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرن کە تاوەکو ئێستا هەڵوێستێکی ڕوونی لەبارەی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەرنەبڕیوە.

هەرچەندە هەشت ساڵە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ڕێککەوتنی ستراتیژییان هەیە، بەڵام پێدەچێت نێوان ئەو دوو حیزبە لە هەموو حیزبەکانی دیکە پڕکێشەتر بێ.

ئێستا کە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مژارێکی گەرمە، یەکێتی و پارتی بوونەتە دوو جەمسەری جیا. پەرلەمانتارێکی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان کە دەڵێت ئاگاداری تەواوی بڕیاری باڵە جیاوازەکانی نێو یەکێتییە، دەڵێ "نەمزانیوە یەکێتی ڕازی بووبێ بە مانەوەی بارزانی و هیچ قسەیەکیش لەسەر مانەوەی بارزانی لە نێو یەکێتیدا و لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمان نەکراوە".

گۆڕان ئازاد کە دوو خولە ئەندامی یەکێتییە لە پەرلەمانی کوردستان، بۆئەوەی هەڵوێستی ڕوونی حیزبەکەی لە مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەی بزانێ، لەگەڵ هەریەک لە کۆسرەت ڕەسوڵ، بەرهەم ساڵح، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و مەلا بەختیار کۆبووەتەوە و دەڵێ "ئێستا هەڵوێستی ڕوونی یەکێتی دەزانم، یەکێتی بەرامبەر پۆست ناچێتە ژێر باری هیچ ڕێککەوتنێک بۆ مانەوەی بارزانی".

کۆتایی مانگی ئابی ئەمساڵ ویلایەتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆتایی دێت.

ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی ڕەخنە لە پارتی دەگرێ و دەڵێت "ئەوەی کێشەیە لەم بابەتەدا ناڕوونیی هەڵوێستی پارتییە کە تاوەکو ئێستا ڕای خۆی نەگوتووە، بەگوێرەی قانونیش بێ، دەبێ کاک مەسعود لە مانگی شەش هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕابگەیەنێ".

گۆڕان ئازاد ڕۆژی 2015/4/26 لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنەکەی سەردانی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتییان کرد. ئەو دەڵێ "خۆ یەکێتی هیچ کێشەیەکی لەوبارەیەوە نییە، قانونەکە هەیە و هەڵبژاردن دەکرێ، بەڵام ئەوەی ئێستا دەبێ دانوستاندن بکات و تەنازول بکات پارتییە. ئەگەر بارزانی بمێنێتەوە دەبێ پارتی مەخرەجەکە پێشکەش بکات، چونکە بەگوێرەی ئەو قانونانەی هەن بارزانی ناکرێ ببێتەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان".

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێگەی لێدوانی بەرپرسەکانیەوە، زیاتر لە جارێک ڕایانگەیاندووە کە لەگەڵ ئەوەن سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بکرێ بە پەرلەمانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ.

ڕێواس فایەق، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد کە کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی داوای لە سەرجەم ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی کردووە هەڵوێستی خۆیان لەبارەی سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستان بخەنەڕوو، ئەوانیش بە نامە وەڵامیان داوەتەوە کە دەبێ سیستەمی حوکمڕانی پەرلەمانی بێ.

ڕێواس فایەق گوتیشی کە حیزبەکەی پابەندی ڕێککەوتنی داباشانە و ئەوەش بە ڕوونی لەو ڕێککەوتنەدا هاتووە.

ڕۆژی 2012/9/4 بە ئامادەبوونی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان و جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی ڕێککەوتنی دەباشان ئیمزا کرا، بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە دەبێ دەستوور بگەڕێتەوە پەرلەمانی کوردستان و سیستەمی حوکمڕانیش بکرێ بە پەرلەمانی.

گۆران ئازاد دەڵێ "هێشتا دانوستاندن ماوە و هێشتا یەکێتی و پارتی کۆنەبوونەتەوە، بەڵام یەکێتی چاوەڕێی قسەی پارتی دەکات، هێشتا بارزانی نەیگوتووە خۆم هەڵنابژێرم و پارتی و حیزبەکانیش شەرمنانە باسی مانەوەی بارزانی دەکەن و ئەو بابەتە یەکلایی ناکەنەوە".

هەرچی پارتی دیموکراتی کوردستانە، وا لەو پێداگیرییەی یەکێتی تێدەگەن کە ئامانجەکەی ناچارکردنی ئەوان بێت بە تەنازولکردن لەهەندێ پلەو پۆست، بەتایبەتیش پۆستی سەرۆکی حکومەت.

چنار سەعد عەبدوڵڵا، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لەبارەی هەڵوێستی یەکێتی کە ڕازی نین بە مانەوەی بارزانی دەڵێ "ئەوەی لای پارتی و لای ئێمە زۆر گرنگە بڕیاری خودی بارزانییە لەسەر مانەوەی".

گوتیشی "دانوستاندن هێشتا بەردەوامە، ڕەنگە یەکێتی بیانەوێ مەسەلەی مانەوەی بارزانی ببەستنەوە بە وەرگرتنی هەندێ پۆست و ئیمتیازات، بەڵام ئەوان هەڵەن لەمەدا، ئەو داوایانە لە یەکێتی پێشبینیکراون".

بەڵام گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری یەکێتی قسەی کۆتایی حیزبەکەی دەکات لەبارەی هەر ڕێککەوتنێک بۆ مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەی بۆ چوار ساڵی دیکە و دەڵێ "ئەوەی لای یەکێتی جێگیرە و نەگۆڕە، یەکێتی بەتەنیا ناچێتە ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵی لەگەڵ پارتی، ئەگەر لە بەرژەوەندیی یەکێتیشدا بێت و بەرامبەر هەر پۆستێک بێت".

## بێشکچی ڕەخنە لە کارنامەی هەڵبژاردنی HDP دەگرێت



**ڕووداو- ئیستەنبوڵ**

ئیسماعیل بێشکچی ڕەخنەی لە کارنامەی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی گەلان HDP گرت و گوتی "HDP ئەوەی بۆ عەرەبی فەڵەستینی دەوێت، دەبێت بۆ کوردیشی بووێت".

نووسەر و کۆمەڵناسی تورکیا ئیسماعیل بێشکچی، کە بە یەکێک لە داکۆکیکارە ناودارەکانی کورد ناسراوە لە جیهاندا، سەرنجی خۆی خستەڕوو لەسەر کارنامەی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی گەلان HDP. لە لێدوانێکدا بۆ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) بێشکچی گوتی "لە کارنامەکەدا، باسی کێشەکانی کورد و کوردستان نەکراوە. بڕیاری تورکیاییبوون بووەتە هۆکاری ئەوەی HDP بگاتە ئەو ئاستە".

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (356) دووشەممە 2015/4/27

### جەنگاوەرە ئەمریکییەکەی ناو یەپەگە بۆ (ڕووداو) دەدوێ:

# کورد 10 ساڵ پشتی ئەمریکایان گرت و کاتی ئەوەیە ئەم قەرزە بدەینەوە



جۆردن ماتسن، جەنگاوەرێکی بە ڕەچەڵەک ئەمریکییە و ماوەیەکی درێژە لە ڕیزی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) وەکو خۆبەخش لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دەجەنگێ. ماتسن لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) کە بە ڕێگەی ئیمەیڵ لەگەڵی کراوە، باسی ئەو هۆکارانە دەکات کە پاڵیان پێوەناوە بۆئەوەی بچێتە ڕۆژئاوای کوردستان. ئەو کە تەمەنی 28 ساڵە و خەڵکی ویلایەتی ویسکۆنسنی ئەمریکایە، باسی ئەو خۆبەخشە بیانیانە دەکات کە لەگەڵ ئەو دژی ئەو ڕێکخراوە شەڕیان کردووە. لەوانەش جەنگاوەری بەریتانی کۆستاس ئێریک سکورفیڵد کە بەم دواییە لە شەڕێکدا لە باشووری ڕۆژئاوای شارۆچکەی تەل حەمیس گیانی سپارد.

### کورد تاکە میللەتن لەم ناوچەیە کە دەیانەوێ بە ئاشتی بژین

### لە ئەمریکا ژنانی سەرباز بەشداریی ڕاستەوخۆی شەڕەکان ناکەن

### ئەز کوردم و هەست دەکەم کوڕێکی بەخێوکراوی کوردستانم

**شاهین بەرزنجی**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: باسێکی خزمەتی سەربازیی خۆتمان بۆ بکە لەناو سوپای ئەمریکا، هەروەها ژیانی ئاسایی خۆت پێش ئەوەی پەیوەندی بە یەکینەکانی پاراستنی گەلەوە بکەی؟**

**جۆردن ماتسن:** من ماوەی سێ ساڵ لەناو هێزی زەمینی سوپای ئەمریکادا بووم. لەوکاتەدا نەنێردرام بۆ بەرەکانی جەنگ. پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە لە سەنتەری دابەشکردنی خۆراک کارم دەکرد. کاری ئاساییم لەوێ بریتی بوو لە کاری ڕۆژانە، خەوتن و هەندێ جاریش سەیرکردنی فیلم.

**ڕووداو: ئەمە یەکەمجارە لە دەرەوەی ئەمریکا دەجەنگی، یاخود پێشتریش لەناو سوپای ئەمریکا بەشداریی ڕاستەوخۆی جەنگت کردووە؟**

**جۆردن ماتسن:** من پێش ئەوەی بێم بۆ ڕۆژئاڤا هەرگیز بەشداریی جەنگم نەکردبوو، بەڵێ ئەمە یەکەم جارمە لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشداری کاری سەربازی دەکەم.

**ڕووداو: چۆن بڕیارت دا شانبەشانی کورد بجەنگی؟ پێش هاتنت بۆ سووریا هیچ زانیاریت هەبوو لەسەر کورد؟ باسی ئەو یەکەم ساتەمان بۆ بکە کە بڕیارت دا پەیوەندی بە یەپەگەوە بکەی.**

**جۆردن ماتسن:** لەبەرئەوەی حکومەتی وڵاتەکەم هاوکاریی کوردی سووریای نەدەکرد، من خۆم بڕیارم دا لەپاش کەوتنی مووسڵ بێم بۆ ئێرە. چیدی نەمدەتوانی دابنیشم و تەماشای ئەو جینۆسایدە بکەم. هەربۆیە لەڕێی فەیسبووکەوە یەپەگەم دۆزییەوە و هاتم بۆ ڕۆژئاڤا. هەروەها بڕیارم دا شانبەشانی کورد بجەنگم لەبەرئەوەی کورد بۆ ماوەی 10 ساڵ پشتی ئەمریکایان گرت ئەو کاتەی ئەمریکا لە عێراق بوو. ئێستاش کاتی ئەوەیە ئەم قەرزە بدەینەوە. بیروبۆچوونم هیچ نەگۆڕاوە. گەلی کوردم زۆر خۆشدەوێ. کورد تاکە میللەتن لەم ناوچەیە کە دەیانەوێ بە ئاشتی بژین.

**ڕووداو: تۆ پێشتر سەربازی ئەمریکی بوویت و ئێستا شەڕڤانی یەپەگە. جیاوازیی نێوان ئەم دوو هێزە بۆ تۆ چییە؟**

**جۆردن ماتسن:** یەپەگە تەمەنی تەنیا چوار ساڵە و هێزێکی میلیشیایە. لەکاتێکدا سوپای ئەمریکا زۆرترین بودجەی هەیە لەناو هەموو سوپاکانی جیهان. لەبەر ئەو هۆکارەش جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لەنێوانیاندا.

**ڕووداو: بەشداریت کردووە لە ئازادکردنی هیچ ناوچەیەک لەدەستی داعش؟**

**جۆردن ماتسن:** من لە جزیرە و شنگال و سەرێکانی و تەل حەمیس و تەل تەمر و چەند جێیەکی دیکەش جەنگاوم.

**ڕووداو: دوای ئەوەی ئەمریکات بەجێهێشت، دەسەڵاتدارانی ئەمریکا پەیوەندییان بە خێزانەکەتەوە نەکرد؟ هەڵوێستی ئەمریکا چۆنە لەم کارەی تۆ؟ وەک هاووڵاتییەکەی ئەمریکی ڕێت پێدەدرێ پەیوەندی بەگرووپێکی چەکدارەوە بکەیت لە دەرەوەی ئەمریکا؟**

**جۆردن ماتسن:** ئەمریکییەکان دەتوانن پەیوەندی بە یەپەگەوە بکەن. بەڵێ پرسیاریان لە خۆم و لە خێزانەکەشم کرد، بەڵام هاووڵاتی ئەمریکی ڕێی پێدەدرێ بگەڕێتەوە بۆ ئێرە.

**ڕووداو: لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لە کۆبانێ جەنگای؟ بۆچوونت چۆنە لەسەر بەهێزی و سەرکەوتنەکانیان؟**

**جۆردن ماتسن:** من شانبەشانی هێزی پێشمەرگە لە شنگال جەنگاوم. بەڵام ئەوەش دەزانم کە کاتێک هاتن بۆ کۆبانێ زۆر هاوکارییان کردین، چونکە لەگەڵ خۆیان چەکی قورسیان هێنا کە زۆر پێویستمان پێی بوو، لەگەڵ ئامێری ئاشکراکردنی بۆمب.

**ڕووداو: چەند خۆبەخشی بیانی پەیوەندییان بە یەپەگەوە کردووە، ئێوە هەمووتان لەناو هەمان یەکەدا دەجەنگن یان لەگەڵ یەکە جیاوازەکانی یەپەگەدا؟**

**جۆردن ماتسن:** هەموو جەنگاوەرە بیانییەکان بەسەر یەکە جیاوازەکاندا دابەش بوون و بڵاوەیان پێ کراوە. بەمشێوەیە باشترە تاوەکو بتوانن لەگەڵ زمان و کەلتووری ناوچەکە ڕابێن. لانیکەم 100 کەسی بیانی پەیوەندییان کردووە.

**ڕووداو: بەنیازی تاوەکو کەی لە ڕۆژئاوای کوردستان بمێنیتەوە؟ ئایا ئامانجێکی دیاریکراوت هەیە کە لە پاش ئەنجامدانی بگەڕێیتەوە بۆ ئەمریکا؟**

**جۆردن ماتسن:** ئەوکاتەی داعش لە ناوچە کوردییەکان بەتەواوی ئیفلیج دەبێ، من کاتێک وەردەگرم بۆ پشوودان.

**ڕووداو: ئەوەندەی من ئاگادارم بە تۆ هاوڕێیەتیەکی بەهێزت هەبوو لەگەڵ کۆستاس ئێریک سکورفیڵد، ئەو جەنگاوەرە بەریتانییەی کە شەهید بوو. باسی ئەومان بۆ بکە. هەستت چۆن بوو کاتێک بیستت کە شەهید بووە؟ ئەم هەواڵە چ کارێکی لە ورەی تۆ کرد؟**

**جۆردن ماتسن:** ئێریک باشترین هاوڕێی من بوو. شتێکی ئازاربەخشە کاتێک کەسێکی نزیکت لەدەستدەدەی. بەڵام بەداخەوە سروشتی جەنگ وایە. تۆش بەردەوام دەبیت لە خەبات. ئێریک پیاوێکی مەزن بوو. هەرگیز گلەیی نەدەکرد. بەردەوام ئامادەبوو بۆ هەموو پاسەوانی و هێرشێک.

**ڕووداو: تۆ لە هیچ جەنگێکدا بریندار بوویت؟ ئەگەر وایە، دەتوانی باسی ڕووداوەکەمان بۆ بکەی؟**

**جۆردن ماتسن:** من لە دووەم ڕۆژمدا کە گەیشتمە ئێرە بریندار بووم ئەو کاتەی کە داعش بەشەو هێرشی کردە سەر بنکەکەمان. پارچە هاوەنێکم بەرکەوت. شەڕەکە شەش کاژێری خایاند، تا ئەوکاتەی ئۆتۆمبیلی زرێپۆشمان بۆ هات و داعشەکانمان ڕاونا.

**ڕووداو: ژمارەیەکی زۆر شەڕڤانی ژن هەن لەناو یەپەگە. بەهەمان شێوە لەناو سوپای ئەمریکاش سەربازی ژن هەن. جیاوازی و لێکچوونەکانی جەنگاوەرە ژنەکانی ئەم دوو سوپایە چین؟**

**جۆردن ماتسن:** نزیکەی یەک لەسەر سێی شەڕڤانەکانمان ژنن. جیاوازییەکی مەزن هەیە. شەڕڤانە ژنەکانی یەپەگە لەناو هێزی زەمینین، بەڵام لە ئەمریکا ژنانی سەرباز بەشداریی ڕاستەوخۆی شەڕەکان ناکەن.

**ڕووداو: پەیوەندیت بە هاوڕێکانی پێشووتەوە کردووە کە داوایان لێ بکەی بێنە ناو ڕیزەکانی یەپەگە؟**

**جۆردن ماتسن:** بەڕاستی من داوا لە کەس ناکەم پەیوەندی بکات، بەڵام زۆر کەس کە بەپێویستی زانیوە کارێک بکات، لەلایەن خۆیانەوە و بەبڕیاری خۆیان هاتوون بۆ ئێرە.

**ڕووداو: لەکاتی گەڕانەوەت بۆ ئەمریکا چۆن باسی کورد دەکەی؟**

**جۆردن ماتسن:** ئەز کوردم. هەست دەکەم کوڕێکی بەخێوکراوی کوردستانم. ئەمە خێزانی منە. ئەمە کۆمەڵگای منە. من لەلایەن کوردەوە جگە لە خۆشەویستی هیچی دیکەم نەبینیوە. زۆر سوپاسگوزاریشم کە ئەم هەلەیان پێبەخشیم تاوەکو هاوکارییان بکەم.

### قوباد تاڵەبانی:

# دڵۆپ دڵۆپ چەکمان پێدەدرێت



(فۆتۆ: AFP)

### برێت مەکگۆرک: هیچ کێشەیەک نییە لە ناردنی چەک بۆ پێشمەرگە

**یەریڤان سەعید**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسانی پێنتاگۆن دەڵێن چەک و تەقەمەنی باشیان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دابینکردووە و هیچ دواکەوتنێک نەبووە لە دابینکردنی پێداویستیی سەربازی بۆیان لەڕێگەی بەغداوە، بەڵام هەولێر دەڵێت چەک و تەقەمەنی پێویستیان پێناگات بۆ شەڕەکەیان لە دژی داعش.

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی (CNN) ی ئەمریکی بێزاریی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەربڕی لە نەناردنی چەک و پێداویستی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە.

"هێشتا ئەمە خاڵی نارەزاییە بۆ ئێمە لە کوردستان. ئێمە ئەم شەڕە دەکەین، ئێمە کاریگەرترین هێزین لەم شەڕەدا لە دژی داعش، بەڵام چەک و تەقەمەنی پێویستمان پێناگات بۆ بەردەوامبوون لەم جەنگە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن." تاڵەبانی گوتیشی "دڵۆپ دڵۆپ چەکمان پێدەدرێ بۆ شەڕکردن".

بە پاساوی یاسایی، حکومەتی ئەمریکا ڕەتیدەکاتەوە ڕاستەوخۆ چەک و تەقەمەنی بداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەڕێی بەغداوە چەک دەنێرن بۆ هێزەکانی پێشمەرگە. هەندێک لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکی پرۆژە یاسایان پێشنیاز کردووە بۆ ناردنی چەک و تەقەمەنی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ هێزەکانی پێشمەرگە.

تاڵەبانی گازندەی ئەوەی کرد کە دەبێت هەموو وەجبەیەکی چەک و تەقەمەنی بە پرۆسەی پشکنیندا بڕوات لە بەغدا. قوباد تاڵەبانی گوتی "ئێمە شەڕێکی درێژخایەن لە دژی گرووپێکی زۆر توندڕەو دەکەین، ئەمەش پێویستی بە هاوکاریی زۆر باشتر و جێگیرتر دەبێت. بەردەوام دەبین لە سەرکەوتن بەسەر داعش، بەڵام بارودۆخەکە بەپێی خواستی ئێمە نییە. پێویستمان بە چەکی زیاترە."

بەڵام برێت ماکگورک، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروبارەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و نوێنەری ولایەتە یەکگرتووەکان لە هاوپەیمانیی دژی داعش، هەفتەی ڕابردوو بە (ڕووداو)ی گوت هیچ کێشەیەک نەبووە لە ناردنی چەک و تەقەمەنی لەڕێگەی بەغداوە. ئەو گوتی "کۆشکی سپی سیاسەتی خۆی نەگۆڕیوە لەو بارەیەوە".

ماکگورک گوتیشی "دەمانەوێت دڵنیابین لەوەی کە هێزەکانی پێشمەرگە پێداویستی تەواویان پێدەگات و ئەم حکومەتە تازەیەی عێراق هیچ دواکەوتن و ڕێگرییەکی نەکردووە لە هیچ شتێک کە ناردوومانە بۆ پێشمەرگە. بۆیە ئێمە بەردەوام دەبین لە ناردنی چەک بەم شێوەیە."

ئەوەی پێچەوانەیە لەم چیرۆکەدا، ئەوەیە میلیشیا شیعەکان کە لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێن و هاوکاریی سوپا لاوازەکەی عێراق دەکەن لە شەڕی دژ بە داعش، چەکی باشتریان پێدەگات لە حکومەتی ناوەندییەوە. لەنێو ئەو گرووپانە، گرووپێکی وەکو حیزبوڵڵای عێراقی هەیە کە پێشتر شەڕی لەدژی ئەمریکا دەکرد لە عێراق.

وێنەی قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەوێ کە دەورە دراوە بە تانکی M1 ئەبرامزی ئەمریکی.

کورد لە کێشە یاساییەکانی ئەمریکا تێدەگات لە ناردنی چەک و تەقەمەنیی ڕاستەوخۆ بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام واشنتن مێژووی هەیە لە دابینکردنی چەک و تەقەمەنیی ڕاستەوخۆ و بەبێ تێپەڕین بە هیچ حکومەتێکدا بۆ ئەو گرووپانەی کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایان کردووە.

هەولێر هەست دەکات ئەوەی ئێستا لەگەڵ کورد دەکرێت، نەبوونی ئیرادەیەکی سیاسییە لەلایەن ئیدارەکەی ئۆباماوە بۆ چاوپۆشیکردن لەو ڕێوشوێنە یاساییانە لە ناردنی چەکی ڕاستەوخۆ بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پێشمەرگە وەک هێزێکی کاریگەر و بە توانا تاوەکو ئێستا زیاتر لە 1000 شەهیدی داوە لەو شەڕەدا.

بۆ جاری دووەم، پڕۆژە یاسایەکی دوو لایەنە لە کۆنگرێسی ئەمریکا پێشنیاز کراوە بە ئامانجی دەسەڵاتدان بە ناردنی ڕاستەوخۆی چەک بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ماوەکەی سێ ساڵ بێت. ئەو پڕۆژە یاسایە زیاتر لە 41 پشتیوانی هەیە کە 29یان کۆمارین و 12یان دیموکراتن، بەڵام چەند هەنگاوێکی زیاتر پێویستە تا دەگاتە کۆنگرێس بۆ دەنگدان.

هەر لە میانەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ (CNN)، قوباد تاڵەبانی بەغدای تۆمەتبار کرد بە نەناردنی بودجەی کوردستان کە بووەتە مایەی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان. هەولێر شەڕی مان و نەمان لەبری جیهان دەکات لە دژی داعش، لەهەمانکاتدا بەدەست قەیرانێکی دارایی گەورەوە دەناڵێنێ، ئەمەش بووەتە هۆی دروستکردنی بارودۆخێکی دارایی سەخت لەسەر فەرمانبەرانی کوردستان کە مووچەیەکی کەم وەردەگرن "ئێمە لەنێوەندی قەیرانێکی داراییداین" قوباد تاڵەبانی وایگوت.

تاڵەبانی هۆشداری دا لەوەی کە 1.4 ملیۆن ئاوارەی بەشەکانی دیکەی عێراق و سووریا لە کوردستانن "ئەمە فشار دروستکردنە لەسەر سەرچاوەکانی حکومەت". ئەو گوتی "ئێمە خزمەتگوزاریی تەندروستی و پەروەردە و خزمەتگوزارییەکانی دیکە بۆ ئەم ئاوارانە دابین دەکەین، هێشتا بەغدا ئەو بەشە بودجەیەی خۆمان کە هەمانە لە حکومەتی فیدراڵی دابینی ناکات."

تاڵەبانی هەروەها گوتی "سەربازە ئازاکانمان کە ئێستا لەبەرەکانی پێشەوەن و لە دژی داعش دەجەنگن، مووچەی دوو مانگیان وەرنەگرتووە بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا تێیداین، چونکە بەغدا بەشە بودجەکەمان بۆ دابین ناکات".

# دادگای فیدراڵی داوای وەرگرتنەوەی متمانە لە 4 پەرلەمانتار دەکات



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیارێکی دادگای فیدراڵی جێبەجێ ناکات کە داوای وەرگرتنەوەی متمانەی لە چوار پەرلەمانتار کردووە. پەرلەمانتارێک لەوبارەوە دەڵێت سەرۆکی پەرلەمان بۆ تێکنەچوونی کەشوهەوای نێو پەرلەمان بڕیارەکەی جێبەجێ نەکردووە.

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە 328 ئەندام پێکدێت. لەگەڵ دەستبەکاربوونی خولی سێیەمدا، ژمارەیەک پەرلەمانتار بەهۆی وەرگرتنی پۆستی حکومییەوە دەستیان لە ئەندامێتی پەرلەمان کێشایەوە و پەرلەمانتاری دیکەیان لە شوێن دانران، بەڵام دادگای فیدراڵی بەگوێرەی ئەو سکاڵایانەی بەدەستی گەیشتوون تێبینی لەسەر دانانی ئەو پەرلەمانتارە نوێیانە هەیە.

لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، سەرۆکی لیست کاندیدی جێگرەوە بۆ شوێنی ئەو پەرلەمانتارە دەستنیشان دەکات کە وازدێنێ، بەڵام لە هەرێمی کوردستان شوێنگرتنەوەی پەرلەمانتار بەپێی ڕیزبەندی زۆرترین دەنگە.

لە ساڵی ڕابردووەوە نزیکەی 20 سکاڵا لەسەر فراکسیۆنە جیاوازەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لە دادگای فیدراڵی تۆمار کراوە بەهۆی ئەوەی لەلایەن حیزبەکانیانەوە کاندیدی دیکە خرابووە شوێنیان کە بەپێی ڕیزبەندی ناتوانن ببنە پەرلەمانتار، دادگای فیدراڵیش لە کۆتایی مانگی شوباتی ئەمساڵدا بڕیاری گەڕانەوەی مافی پەرلەمانتاری لە بەرژەوەندیی 4 پەرلەمانتار دا.

زانا ڕوستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت "یەکێک لەو پەرلەمانتارانەی تانەی لەدژ دراوە شوان داودیە کە پەرلەمانتاری یەکێتییە و لە شوێنی د.نەجمەدین کەریم پارێزگاری ئێستای کەرکووک دانراوە. بەڵام کاندیدێکی دیکەی دەرچووی یەکێتی کە خەڵکی شاری کەرکووکە، ئەو شوێنەی داودی بە مافی خۆی دەزانێت".

ئاڵا تاڵەبانی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕەتیکردەوە شوان داودی گوتەبێژی فراکسیۆنەکەیان ناوی لەنێو ئەو لیستەی دادگای فیدراڵیدا بێ، چونکە وەک ئەو گوتی، ئەو کاندیدەی کێشەی لەگەڵ شوان داودی هەبوو، پاش تەواوبوونی ماوەی یاسایی ئینجا سکاڵای لە دادگای فیدراڵی تۆمار کردبوو، بۆیە سکاڵاکەی وەرنەگیرا.

هەر لەکاتی شوێنگرتنەوەی پەرلەمانتارەکاندا، کاتێک د.دەرباز محەممەد پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بووە وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، نەوشیروان مستەفا وەک سەرۆکی کیانی بزووتنەوەی گۆڕان (مەحموود ڕەزا ئەمین)ی لەشوێنی دانا.

زانا ڕوستایی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەرچەندە دەمێکە بڕیارەکەی دادگا ڕەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا سەرۆکی پەرلەمان بڕیارەکەی جێبەجێ نەکردووە و ڕەهەندێکی سیاسی پێداوە "چونکە سەرۆکی پەرلەمان پێیوایە ئەگەر جێبەجێ بکرێ، کەشوهەوای ئەنجوومەنی نوێنەران تێکدەچێ و ئەو کاتە کاندیدی دیکەش تانە دەدەن، بۆیە داوای لە سەرۆکی فراکسیۆنەکان کردووە هەوڵ بدەن ئەو کێشەیە بەڕێککەوتن لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارانەی کێشەی لەو جۆرەیان هەیە چارەسەر بکەن".

ئاڵا تاڵەبانی گوتی کە ئەو کێشەیە هێشتا لەنێو ئەنجوومەنی نوێنەراندا کۆتایی نەهاتووە، جێبەجێکردنیشی کێشەی سیاسی لەنێو فراکسیۆنە عەرەبییەکان دەنێتەوە. ئاڵا گوتی "لەنێو فراکسیۆنە کوردییەکاندا هیچ حاڵەتێکی وا نییە، بەڵام هەندێک لەو پەرلەمانتارانەی بڕیارەکەی دادگایان بۆ هاتووەتەوە، ڕاستە لەنێو فراکسیۆنێکدان، بەڵام پەرلەمانتارەکەی بەدیلیان لە حیزبێکی سیاسی جیاوازە و بەجێبەجێکردنیشی کێشە بۆ فراکسیۆنەکان دروست دەکات".

بەپێی قسەی ئەو دوو پەرلەمانتارە، بڕیاری دادگای فیدراڵی مایەی تانەلێدان و ڕەتکردنەوە نییە، بەڵکو یەکلاکەرەوەیە و هەر دەبێت جێبەجێ بکرێ.

# داوای جێگر بۆ عەلی باپیر دەکرێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی داوا دەکات لە کۆنگرەی داهاتووی حیزبەکەیاندا جێگرێک بۆ عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی دابنرێت. شارەزایەکی زانستە سیاسییەکانیش پێیوایە هۆکاری دانانی جێگر لە زۆربەی حیزبە کوردییەکاندا بۆ ڕاگرتنی باڵانسی کوتلەکانە.

وا بڕیارە دوای تەواوبوونی کۆنفرانسی مەڵبەندەکان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ڕاستەوخۆ کۆنگرە ببەستێ. فەخرەدین قادر ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی لە کۆنفرانسی مەڵبەندی سلێمانی حیزبەکەیدا داوای کردووە لە کۆنگرەدا جێگرێک بۆ عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵ دەستنیشان بکرێ.

بەڵام تۆفیق کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ ئەو بۆچوونەی ڕەتکردەوە و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو وەکو خۆی قەناعەتی بە جێگر نییە و هەر کاتێک ئەمیر لەوێ نەبوو دەتوانێت کەسێک لە شوێنی خۆی دابنێت.

زۆر لە حیزبە کوردستانییەکان جێگریان نییە، بەڵام هەندێکیان لە جیاتی جێگرێک دوو جێگریان هەیە. پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، یەک جێگری هەیە کە نێچیرڤان بارزانییە. بەڵام یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دوو جێگری سکرتێری گشتی هەیە و ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامیش دوو یاریدەدەری هەیە. لە حیزبەکانی دیکەشدا حیزبی شیوعی کوردستان تاوەکو ساڵی 2012 جێگری نەبوو.

لە کاری حیزبیدا کاتێک کەسی یەکەمی حیزب "جێگر"ی دەبێت، ئەوا لەکاتی سەفەرکردن یاخود کۆچی دوایی، ڕاستەوخۆ جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە، بەڵام یاریدەدەر زیاتر پۆستێکی ڕاوێژکارییە.

## سوود و زیانیان هەیە

هەریەک لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و حیزبی شیوعیی کوردستان، تاوەکو دوایین کۆنگرەیان جێگر و یاریدەدەریان نەبوو. ئەوەی یەکەمیان پێیوایە دانانی جێگر شتێکی باش نییە، بەڵام دووەمیان دەڵێت جێگر سوودی هەبووە بۆیان.

سەمیر سەلیم کە یەکێکە لە یاریدەدەرانی ئەمینداری گشتی یەکگرتوو، پێیوایە ئەو پۆستە زیادەیە، چونکە کاتێک مەکتەبی سیاسی هەبوو پێویست بە جێگر یاخود یاریدەدەر ناکات، جگە لەوەش دەسەڵاتەکانی یاریدەدەر لەلایەن ئەمیندارەوە دیاری دەکرێن، ناشتوانێت ڕاستەوخۆ دوای ئەمیندار شوێنی بگرێتەوە.

ناوبراو گوتی "یاریدەدەر زیاتر پۆستێکی ڕاوێژکارییە. کاتێکیش ئەمیندار سەفەر دەکات بۆی هەیە یاریدەدەر یاخود ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ڕاسپێرێ بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان".

بەڵام باباعەلی جەباری، گوتەبێژی حیزبی شیوعیی کوردستان دەڵێت "سوودمان لە جێگر بینیوە، چونکە لەکاتی ئامادەنەبوونی سکرتێر سەرپەرشتی کۆمیتەی ناوەندی دەکات و لەهەمانکاتیشدا ڕۆڵێکی گرنگ بۆ پێگەیاندنی کادیر دەگێڕێت، جگە لەوەش لەکاتی پەسەندکردنی بڕیارەکاندا لەبری ئەوەی کەسێک بڕیار بدات، 2 کەس بڕیار دەدات.

## گۆڕان و سۆسیالیست: پێویستمان بە جێگر نییە

بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆنگرەی یەکەمیدا لە کانوونی یەکەمی 2013، دەستووری نێوخۆییان پەسەند کرد، بەپێی دەستوورەکە ڕێکخەری گشتی "جێگر"ی نییە.

د.محەممەد عەلی، ئەندامی ژووری توێژینەوەی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان کە ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری نێوخۆیی بزووتنەوەکەش بووە، بە (ڕووداو)ی گوت "لەدوای ڕێکخەری گشتی، خانەی ڕاپەڕاندن و جڤاتی نیشتمانی و جڤاتی گشتیمان هەیە. بەبڕوای من پێویستمان بە جێگر نییە، چونکە ئێمە پەیکەرێکی ڕێکخستنمان هەیە و ڕێکخەر دەتوانێت ئیشەکان بکات".

ئەی دوای نەوشیروان مستەفا کێ کاروباری گۆڕان بەڕێوەدەبات؟ د.محەممەد عەلی گوتی "جارێ کاک نەوشیروان کێشەی نییە و ئیشەکان ڕادەپەڕێنێ. دوای ئەویش دامەزراوەکانی دیکە دەتوانن کارەکان ڕاپەڕێنن".

حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانیش بە سەرۆکایەتی محەممەدی حاجی مەحموود، جێگری نییە. ڕزگار غەفور گوتەبێژی ئەو حیزبە دەڵێت پێویستیان بەجێگر نییە، چونکە لەنێو مەکتەبی سیاسیدا دەستەیەکی کارگێڕییان هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان "گرنگ ئەوەیە ئیشوکارەکانی حیزب بەباشی بەڕێوەبچن، ئیتر جێگر هەبێت یان نا، کێشە نییە".



(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

## بزووتنەوەی ئیسلامی نەیهێشت

بزووتنەوەی ئیسلامی، پێشتر ڕابەرەکەیان جێگری هەبوو، بەڵام لە کۆنگرەی 10یەمی حیزبەکەیان کە لە هاوینی 2012 بەستیان، جێگریان نەهێشت.

عەبدوڵڵا وەرتی، گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی ڕایگەیاند، لەو کۆنگرەیەوە بڕیاریان داوە ڕابەر و بەرپرسی مەڵبەندەکانیش جێگریان نەمێنێ و گوتی "ئێستاش هیچ کێشە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا نییە، ڕابەر لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەڵبەندەکان ئیشوکارەکان ڕادەپەڕێنن".

## بە سێ سەرۆک جێگرێکیان نییە

حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان 30 ساڵ تەمەنی هەیە و لەسەرەتاشەوە قادر عەزیز سکرتێری بوو، بەڵام بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی لە 2009 بوون بە دوو بەش و بەڵێن عەبدوڵڵا بوو بە سکرتێر. ئەم حیزبەش جێگری سکرتێری نییە، بەڵام لە کۆنگرەی 8ی ئەو حیزبەدا سیستەمی (دەستەی سەرۆکایەتی) پەیڕەو دەکرێ، واتە 3 کەس سەرۆکایەتی حیزبەکە دەکەن کە بریتی دەبن لە (بەڵێن عەبدوڵڵا، بەهمەن حوسێن و سەعد خالید).

بەڵێن عەبدوڵڵا دەڵێت ئەوان نەریتێکی نوێیان لەژیانی حیزبایەتیدا هێناوەتە ئاراوە، بۆ ئەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لای کەسێک نەبن "ئێستا هەر سێ سەرۆک، یەک دەسەڵاتمان هەیە و جێگریشمان نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێڕی کە وەکو مەکتەبی سیاسی حیزبەکانن کارەکان بەڕێوەدەبەین".

د.سەردار قادر مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانی، لەبارەی دانانی جێگر بۆ سەرۆک و سکرتێری حیزبەکان گوتی "دانانی جێگر بۆ هەندێک حیزب پێویستە، بەڵام بۆ هەندێکیش پێویست ناکات". گوتیشی "لە هەندێک حیزبدا، دانانی جێگر بۆ ڕاگرتنی باڵانسی کوتلەکانە".

رووداو
ئابووری
ژمارە (356) دووشەممە 2015/4/27



## مونتەدای ئابووری (سلێمانی- سنە) دەستپێدەکات

**رووداو – سلێمانی**

بەبەشداری پارێزگار و بەرپرسانی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ (دووشەممە) مونتەدای ئابووری سلێمانی- سنە لە شاری سلێمانی دەست بەکارەکانی دەکات و 2 ڕۆژ دەخایەنێت. سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بە (رووداو)ی ڕایگەیاند ئەو مونتەدایە بە مەبەستی پتەوترکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. وەفدەکەی بەرپرسانی شاری سنەش بەدواداچوونێکی مەیدانی بۆ پڕۆژە جێبەجێکراوەکانی شاری سلێمانی دەکەن بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونییەکیان لا دروست ببێت.

# 180 ملیار دینار قەرز دراوەتە جوتیاران



### بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی دهۆک:
### بەهۆی ئەم قەرزەوە پڕۆژەکانی پەلەوەر لە دهۆک 200 % زیاد بووە

### بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی هەولێر:
### جوتیار هەیە بەو قەرزە بیری لێداوە و سەری داخستووە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

ڕێبەند محێدین جوتیارێکی ناوچەی بازیانە، ساڵی 2009 لە ڕێگەی قەرزی کشتوکاڵەوە 18 خانووی پلاستیکیی کڕی و خیار و تەماتەی لەژێردا چاند. ئەو ئێستا بووەتە جوتیارێکی پێشکەوتووی ناوچەکە و ساڵانە بەسەدان تۆن بەرهەم دەخاتە بازاڕەوە.

ئەم جوتیارە ساڵ بەساڵ ژمارەی خانووە پلاستیکییەکانی زیاد دەکات و ئێستا خاوەنی 50 خانووی پلاستیکییە، ڕێبەند دەڵێت "ئەگەر قەرزی کشتوکاڵی نەبووایە، هەرگیز نەمدەتوانی ببمە خاوەنی ئەوەندە خانووە پلاستیکییە".

ڕێبەند ئێستا قەرزداری حکومەت نییە و دەڵێت "بەرهەمی زۆر باشم هەبوو، بە سێ ساڵ قەرزەکەم دایەوە".

پڕۆژەی بەگەڕخستنەوەی قەرزی کشتوکاڵی لە ساڵی 2007 لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کرا و ساڵی 2009 ڕەزامەندی لەسەر درا. بۆ ساڵی یەکەم حکومەت بڕی 50 ملیار دیناری بۆ قەرزەکە تەرخان کرد و بڕی 60 ملیۆن دیناریش وەک بەرزترین ئاستی سوودمەندبوون بۆ جوتیاران دیاری کرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی 2%ی سوود لەسەر پێشینەکە دانرابوو، جوتیاران وەک پێویست پێشوازییان لێ نەکرد و تەنیا 674 جوتیار پێشینەیان وەرگرت.

ساڵی 2010 سوودەکە لادرا و بڕی 75 ملیار دیناریش تەرخان کرا، بڕی سوودمەندبوونیش بۆ 80 ملیۆن دینار زیاد کرا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بە لێشاو جوتیاران مامەڵەی وەرگرتنی پێشینە پێشکەش بکەن، بەجۆرێک لەو ساڵەدا 1818 جوتیار پێشینەیان وەرگرت. بەهەمانشێوە لەبودجەی ساڵی 2011 تاوەکو 2013 حکومەت بڕی 100 ملیار دیناری بۆ قەرزەکە تەرخان کرد، بڕی سوودمەندبوون لە پێشینەکەشی بۆ 100 ملیۆن دینار بەرزکردەوە.

قەرزەکە 14 بواری جۆراوجۆری وەک لێدانی بیر، کڕینی تراکتۆر و دەڕاسە، ئامێری پرژاندن، پڕۆژەکانی پەلەوەر، ماسی، هەنگ، باخداری، چاندنی قارچک، خانووی پلاستیکی، کۆگای ساردکەرەوە، ڕاکێشانی هێڵی کارەبا و چەند بوارێکی دیکە دەگرێتەوە. ماوەی 5 ساڵیش بۆ گەڕاندنەوەی قەرزەکان دیاری کرا.

نووری ئیسماعیل، بەڕێوەبەری پێشینە و بەبازاڕکردن لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت، ئامانجیان لە پێدانی قەرز بە جوتیاران بۆ ئەوەیە جارێکی دیکە جوتیاران بگەڕێننەوە نێو زەوییەکانیان و کەرتی کشتوکاڵی گەشە پێبدەن و بەرهەمی ناوخۆ زیاد بکات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لەساڵی 2009 تاوەکو 2013 بڕی 179 ملیار و 482 ملیۆن و 742 هەزار دینار قەرزی کشتوکاڵی دراوە بە جوتیاران. ئەم قەرزەش بۆ 6 هەزار و 825 پڕۆژەی جۆراجۆر بووە (3552 پڕۆژە لە هەولێر، 1084 پڕۆژە لە سلێمانی، 1896 پڕۆژە لە دهۆک و 293 پڕۆژە لەگەرمیان).

نوری ئیسماعیل، دەڵێت "جۆری پڕۆژەکان بەپێی پارێزگاکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە پارێزگای هەولێر زۆرترین قەرز بۆ پڕۆژەکانی بیرلێدان و ئامێری پرژاندن و کڕینی تراکتۆر وەرگیراوە، بەڵام لە پارێزگای دهۆک قەرز زیاتر بۆ پڕۆژەی پەلەوەر و ئامێری پرژاندن وەرگیراوە، لە پارێزگای سلێمانیش زۆرترین قەرز بۆ پڕۆژەی خانووی پلاستیکی وەرگیراوە".

بەبڕوای بەڕێوەبەری پێشینە و بەبازاڕکردن، قەرزی کشتوکاڵ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵ هەبووە، بەو هۆیەوە بەرهەمی خۆماڵی لە سەوزە لە 325 هەزار تۆنەوە بۆ 481 هەزار تۆن زیاد بووە. بەهۆی لێدانی بیری ئێرتیوازیش ڕووبەرێکی یەکجار فراوان لەزەوی کشتوکاڵی لە دێمییەوە بووەتە بەراو، بەم هۆیەشەوە بەرهەمی گەنم لە 318 هەزار تۆنەوە بۆ 742هەزار تۆن بەرزبووەتەوە.

بەهۆی قەیرانی داراییەوە ماوەی دوو ساڵە قەرزی کشتوکاڵ وەستاوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی سستی بکەوێتە نێو پڕۆژە کشتوکاڵییەکان.

نووری ئیسماعیل دەڵێت "بەهۆی وەستانی ئەم قەرزەوە، زۆر بەدەگمەن پڕۆژەی کشتوکاڵی جێبەجێکراون، ئەمەش وای کردووە پاشەکشەیەک لە بەرهەمی خۆماڵی دروستببێت".

جوتیارانی پارێزگای هەولێر ژمارەی پێوانەییان لە وەرگرتنی قەرزی کشتوکاڵی تۆمار کردووە و 89 ملیار و 795 ملیۆن دیناریان بۆ 3552 پڕۆژە وەرگرتووە.

د.عەبدولڕەحیم عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی هەولێر دەڵێت "لەڕێگەی ئەو قەرزە کشتوکاڵییە تارادەیەک ڕووبەری زەوی بەراو و بەرهەم زیاد بووە، بەڵام بەشێک لە جوتیاران وەک پێویست پابەند نەبوونە بە ڕێنماییەکان، جوتیاری وا هەیە بیری لێداوە و سەری داخستووە. هەشیانە پارەکەیان لە شتی دیکە خەرج کردووە، ئەمەش گرفتی دروستکردووە لە دانەوەی قەرزەکان".

د.عەبدولڕەحیم دەڵێت بەگوێرەی بەدواداچوونی ئەوان بۆ پڕۆژەکان، قەرزی کشتوکاڵ بەو شێواز و ڕێنماییەی کە دەبەخشرا بە جوتیاران، سەرکەوتوو نەبووە، زۆر لە پڕۆژەکان فەشەلیان هێناوە، بۆیە پێشنیازی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ کردووە، پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکانی قەرزی کشتوکاڵدا بکات و ئەوانەی پابەند نەبوونە بە ڕێنماییەکان بەزووترین کات قەرزەکانیان لێ وەربگیرێتەوە.

بەڵام د.لەزگین حاجی عەساف، بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی دهۆک، پێشنیازی ئاراستەی وەزارەتی کشتوکاڵی کردووە کە ئاسانکاری بۆ پێدانی قەرزی کشتوکاڵی بە جوتیاران بکرێت و دەڵێت "پێشنیازم ئاراستەی وەزارەتی کشتوکاڵ کردووە کە بڕی قەرزەکان زیاد بکرێت و ماوەی دانەوەشیان درێژ بکرێتەوە، بۆ هاندانی جوتیارانیش ئەگەر هەر پڕۆژەیەک سەرکەوتوو بوو، بەرهەمی باشی خستە بازاڕەوە، حکومەت لە بەشێکی قەرزەکە خۆش بێت".

د.لەزگین حاجی عەساف ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە قەرزی کشتوکاڵ لە پارێزگای دهۆک تەکانێکی زۆر باشی بە بەرهەمی کشتوکاڵی داوە، نموونە بە پڕۆژەکانی پەلەوەر دەهێنێتەوە و دەڵێت "لەڕێگەی ئەم قەرزەوە پڕۆژەکانی پەلەوەر 200% لە سنووری پارێزگای دهۆک زیاد بووە، بەهەمانشێوە ڕووبەری کێڵگەی پەتاتەش یەکجار زیاد بووە و ئێستا 80%ی ئەو پەتاتەیەی لە کوردستان دەچێنرێت لە پارێزگای دهۆکدایە".

بەهۆی قەیرانی دارایی و گرفتی بەبازاڕکردن، بەشێک لە جوتیاران گرفتی دانەوەی قەرزەکانیان هەیە و ناتوانن وەکو پێویست قەرزەکانیان بگەڕێننەوە.

نووری ئیسماعیل دەڵێت "دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، لەسەر پێشنیازی وەزارەتی کشتوکاڵ ماوەی دانەوەی قەرزەکان بۆ ساڵێک درێژ کرایەوە، ئێستا ئەو جوتیارانەی بەرهەمیان هەیە ئەو گرفتەیان نەماوە".

بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر وەرگرتنی قەرزی کشتوکاڵ هەیە، ساڵی 2013 پڕۆژەی قەرزی کشتوکاڵ هەموار کرایەوە، بەپێی ڕێنمایی نوێ بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ 500 ملیار دینار زیادکراوە و بڕی سوودمەندبوونیش بۆ 150 ملیۆن بەرزکراوەتەوە.

نووری ئیسماعیل دەڵێت "ئەم هەوارکردنەوەیە هەنگاوێکی زۆر دڵخۆشکەر بوو، ئەگەر بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە جارێکی دیکە پڕۆژە کشتوکاڵییەکان جووڵەیان تێدەکەوێتەوە".

# وەزارەتی کشتوکاڵ پرۆتۆکۆڵێک لەگەڵ کۆلێژەکانی کشتوکاڵ واژۆ دەکات

### "توێژینەوەکانی قوتابیانی کۆلێژەکانی کشتوکاڵ لەسەر ڕەفەکان کەوتوون"

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت پەیوەندیی نێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و کۆلێژە کشتوکاڵییەکان لە ئاستی پێویستدا نییە، بۆیە تاوەکو ئێستا وەزارەتی کشتوکاڵ سوودی لە دەرچووانی ئەو کۆلیژانە نەبینیوە و ئەوانیش کاریگەرییان نەبووە لەسەر پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ.

وەزارەتی کشتوکاڵ بەهاوکاری لەگەڵ ڕاگرایەتی کۆلێژە کشتوکاڵییەکان ئێستا سەرقاڵی دارشتنی ڕەشنووسی پرۆتۆکۆلێکن تاوەکو لە ڕێگەیەوە هەوڵەکانیان بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکاڵ یەکبخەن.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون و گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێ پەیوەندیی نێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و کۆلێژە کشتوکاڵییەکانی زانکۆکانی کوردستان لەئاستی داخوازیی ئەواندا نییە، بۆیە وەزارەتەکەیان خوازیارە لەڕێی ئەم پرۆتۆکۆڵەوە پەرە بە پەیوەندییەکانیان بدەن "کشتوکاڵ تەنیا بە توێژینەوە پێشدەکەوێت، بۆیە پرۆتۆکۆلێکی لەمشێوەیە سوودی زۆری دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکاڵ".

لە زۆربەی زانکۆکانی کوردستان کۆلێژی کشتوکاڵی هەیە، بەڵام زۆر لە دەرچووانیان سوود لە تواناکانیان نابینرێت و تەنانەت هەندێکیان لەجیاتی ئەوەی ببنە توێژەری کشتوکاڵی، دەبنە مامۆستا و وانەکانی وەکو زانست و فیزیا و کیمیا دەڵێنەوە.

ئەوانەی لە کۆلیژە کشتوکاڵییەکان دەردەچن، دەبێت توێژینەوە پێشکەش بە کۆلێژەکەیان بکەن، تەنانەت ئەوانەی ماستەر و دکتۆراش بەدەستدێنن، بەڵام د. ئەنوەر عومەر دەڵێت ئەو توێژینەوانە سوودیان بۆ ئەوان نییە "چونکە زۆربەی ئەو توێژینەوانە تیۆرین و قابیلی جێبەجێکردن نین لە کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا".

بۆ چارەسەری گرفتە کشتوکاڵییەکان، وەزارەتی کشتوکاڵ لە ساڵی 2008دا زیاتر لە 125 گرفتی کشتوکاڵی و لە ساڵی 2011دا زیاتر لە 135 گرفتی دیکەی خستووەتە بەردەم کۆلێژە کشتوکاڵییەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەری، بەڵام زۆر بە کەمی لەلایەن کۆلێژە کشتوکاڵییەکانەوە کاریان لەسەرکراوە.

دکتۆر ئەنوەر دەڵێت "بەهۆی ئەوەی پەیوەندیی نێوان کۆلێژە کشتوکاڵییەکان و وەزارەتی کشتوکاڵ بەیاسا ڕێکنەخرابوو، ئەرک و ماف دیار نەبوو، بۆیە وەک پێویست لەلایەن کۆلێژە کشتوکاڵییەکانەوە توێژینەوە لەسەر ئەم گرفتە کشتوکاڵیانە نەکرا".

#### تۆزیان لەسەر نیشتووە

زۆربەی وڵاتانی جیهان لەڕێی پشتبەستن بە تەکنۆلۆژیا و ئەنجامدانی توێژینەوە، توانیویانە ساڵ لەدوای ساڵ بەرهەم زیاد بکەن و کشتوکاڵ پێشبخەن، بەڵام لەکوردستان سەرەڕای بوونی ئاو و هەوا و خاکێکی زۆر بەپیت، کشتوکاڵ هێشتا لە ئاستێکی لاوازدایە.

د.ڕەمەزان یوسف، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ڕووەک لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، هۆکاری دواکەوتوویی کشتوکاڵ لەکوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە حکومەت وەک پێویست گرنگیی بەو کەرتە نەداوە و بودجەی پێویستی بۆ تەرخان نەکردووە، بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵیش نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی زانستیانە پلانێکی ستراتیژی بۆ بووژانەوەی ئەم کەرتە دابنێن.

سەبارەت بە توێژینەوەکانیان، گوتی "ساڵانە دەیان توێژینەوەی زۆر باش لە کۆلیژە کشتوکاڵییەکان ئەنجام دەدرێن، بەڵام بەداخەوە توێژینەوەکان لەسەر ڕەفەکان کەوتوون و سوودیان لێ نەبینراوە".

د.ڕەمەزان ڕەتیکردەوە توێژینەوەی کۆلێژەکان نەتوانرێت لەبواری کرداری لە کێڵگەدا جێبەجێ بکرێن و گوتی "زۆربەی توێژینەوەکان لەسەر بەروبوومی ستراتیژی ئەنجامدراون، بەشی زۆریشیان بەتوێژینەوەی ڕەسەن قبوڵکراون، بۆ ئەنجامدانیشیان سوود لەزانستی سەردەم وەرگیراوە، بۆیە زۆر بەئاسانی دەتوانرێ لە بواری کردارەکی لە کێڵگەدابەکاربهێنرێن".

کۆلێژی فاکەڵتی زانستەکانی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی لە بەشەکانی بەروبوومی کێڵگەیی، باخداری، زانستی خاک و ئاو، زانستی خۆراک، بەروبوومی ئاژەڵی و بەشی ڕێنمایی کشتوکاڵی پێکهاتووە، خاوەنی زیاتر لە 1500 قوتابییە، ساڵانە 200 تاوەکو 250 دەرچووی لەبوارە جیاوازەکاندا هەیە.

د.ئارام عەباس محەممەد، شارەزا لە بواری کشتوکاڵ و ڕاگری کۆلێژی فاکەڵتی زانستەکانی کشتوکاڵ لە زانکۆی سلێمانی دەڵێت "بۆ پێشکەوتنی کشتوکاڵ پێویستە بەر لە هەر شتێک وەزارەتی کشتوکاڵ بەشی ڕێنمایی و توێژینەوەی کشتوکاڵ پەرەپێبدات، بۆ ئەمەش پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ پسپۆڕە تایبەتەکان لە کۆلێژە کشتوکاڵییەکان دروست بکات".

ساڵانە لە فاکەڵتی زانستەکانی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی تەنیا لە دوا قۆناغی خوێندندا زیاتر لە 250 توێژینەوە دەنووسرێن، بەڵام سوودیان لێ وەرناگیرێت.

د.ئارام دەڵێت "لە کوردستان بە سەدان توێژینەوەی زۆر باش لە بوارە جۆربەجۆرەکانی بەروبوومی کشتوکاڵی کراون و ئەنجامی زۆرباشی بەدەستهێناوە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم توێژینەوانە تاوەکو ئێستا بەسیستەم نەکراوە کە ئەمەیان زیاتر وەزارەتی کشتوکاڵ لێی بەرپرسە".

#### زەوی دەدرێتە دەرچووان

هاوکات لەگەڵ هەنگاوەکانی دارشتنی سیستەمێک بۆ سوود وەرگرتن لە توێژینەوە کشتوکاڵییەکان، وەزارەتی کشتوکاڵ بیرۆکەی پێدانی 5 دۆنم زەوی بە دەرچووانی کۆلێژ، پەیمانگا و ئامادەییە کشتوکاڵییەکان خستەڕوو کە ئەمە بەلای پسپۆڕانی کشتوکاڵەوە هەنگاوی نزیکبوونەوەی وەزارەتی کشتوکاڵە لە پسپۆڕانی کشتوکاڵ.

د.ئەنوەر عومەر دەڵێت بیرۆکەی پێدانی 5 دۆنم زەوی بە دەرچووانی کۆلێژ و پەیمانگا و ئامادەییە کشتوکاڵییەکان، لەسەر ئەو بنەمایە لەلای وەزارەتی کشتوکاڵ دروستبوو کە بتوانێ لەو ڕێگەیەوە سوود لە شارەزایی و پسپۆڕیی ئەو دەرچووانە وەربگرێ کە ساڵانە لەکۆلێژە کشتوکاڵییەکان دەردەچن، بۆ ئەوەی بیانخزێنێتە نێو کێڵگەکان، تاوەکو بتوانن لەسەر ڕووبەری بچووک پڕۆژەی باش دروست بکەن و بەرهەمی باشیان هەبێت.

سەبارەت بە کاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەش، گوتی "بیرۆکەکە هێشتا ماویەتی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە بۆ جێبەجێکردنی لە هەر پارێزگایەک پێویستمان بە 100 دۆنم زەوی هەیە، ئێستا لە هەوڵی دابینکردنی زەوی لە باردان بۆ ئەم مەبەستە".



فێستیڤاڵێکی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی

# "هەرێمی کوردستان رۆژانە 650 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات"

محەممەد هادی
رووداو- هەولێر



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بە رێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بە تایبەتی دوای رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا کە رێککەوتنەکە هەولێری پابەند کردووە بە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان، بە جۆرێک لەسەرەتای ساڵی 2014 ئاستی بەرهەمهێنان تەنیا 170 هەزار بەرمیل بوو لە رۆژێکدا، بەڵام ئێستا گەیشتووەتە 650 هەزار بەرمیل.

بەرهەم چەندە و چەندی دەدرێتە بەغدا؟
ئاژانسە جیهانییەکان بڵاویانکردەوە کە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان و کەرکووک لە 20ی نیسانەوە گەیشتووەتە ئاستێکی پێوانەیی. تەنانەت تۆنی هایوارد سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای گەنەل ئێنێرجی کە زۆرترین رێژەی نەوتی کوردستان بەرهەمدێنێت، گوتی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان گەیشتووەتە 650 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا و لە مانگەکانی داهاتووش ئەو رێژەیە بەرزتر دەبێتەوە.

سەرچاوەیەکیش لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەوەی بۆ (رووداو) پشتڕاست کردەوە کە "هەناردەی نەوتی کوردستان گەیشتووەتە 650 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا". ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بەرزکردنەوەی ئەو رێژە نەوتە دەگەڕێتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو رێژە نەوتەی لە چارەگی یەکەمی ئەمساڵ دەبووایە بدرێت بە کۆمپانیای سۆمۆ.

دڵشاد شەعبان جێگری سەرۆکی لێژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند کە هەناردەی نەوتی کوردستان لە گەشەکردندایە، جگە لەو رێژەیەش کە هەناردە دەکرێ، هەرێمی کوردستان ئێستا رۆژانە نزیکەی 150 هەزار بەرمیل نەوت بۆ پێداویستی ناوخۆ بەکاردێنێت. گوتیشی "تێکڕای بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستان رۆژانە لە سنووری 850 هەزار بەرمیل نەوتە، تاوەکو کۆتایی مانگەکانی ئەمساڵیش دەگاتە زیاتر لە 900 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا".

## بەشە بودجەی کوردستان

حکومەتی عێراق لە مانگی یەک بڕی 250 ملیار دینار و لە مانگی شوبات بڕی 490 ملیار دینار و لە مانگی ئاداریش 527 ملیار دیناری بۆ هەرێمی کوردستان ناردووە، لە بەرامبەریشدا کوردستان لەو سێ مانگەدا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی زۆر کەمتر بووە لەو 550 هەزار بەرمیل نەوتەی کە هەولێر و بەغدا رێککەوتنیان لەسەر کردووە.

مەسعود حەیدەر، ئەندامی لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند، پێشبینی دەکرێت لە مانگی نیسان حکومەتی عێراق بڕی 800 ملیار دینار وەک بەشە بودجەی مانگی نیسان بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت. لەلایەکی دیکە ئاریز عەبدوڵڵا، سەرۆکی لێژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمانی عێراق گوتی "دوای ئەوەی کە کوردستان بەشێوەی سەد لەسەد پابەندی رێککەوتنەکەی لەگەڵ عێراق بوو، ئەوە حکومەتی عێراق دەبێت بەپێی یاسا ئەو بەشە بودجەیە بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت کە دیاریکراوە و رێژەکەش 17%ی کۆی داهاتی عێراقە".

ئاریز عەبدوڵڵا پێشبینی کرد کە ئەم مانگە حکومەتی عێراق پارەیەکی زۆرتر لە مانگەکانی پێشووتر بنێرێت، ئەویش بەهۆی زیادبوونی رێژەی هەناردەی نەوتەوە. گوتیشی "هەرێمی کوردستان چەند نەوت بنێرێت ئەوەندە پارەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پێدەدرێت".

لە کاتێکدا حکومەتی عێراق بەگوێرەی رێژەی هەناردەکردن بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی داوە، بەڵام هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە لە هەناردەکردنی نەوتدا قەرەبووی حکومەتی عێراق بکاتەوە.

ئاریز عەبدوڵڵا لەوبارەیەوە گوتی "عێراق حیسابی ساڵ دەکات و لە کۆتایی ساڵ بە تێکڕایی دەبێت هەرێمی کوردستان رۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات و لەبەرامبەریشدا عێراق لە حیساباتی کۆتایی ساڵ بە تێکڕایی دەبێت 17%ی کۆی داهاتی بنێرێت بۆ هەرێمی کوردستان".

لە هەفتەی رابردوودا بەهای نەوتی خاوی برێنت لە ئاستەکانی 64 دۆلار بە تێکڕایی مامەڵەی پێوەکراوە، بەهای نەوتی عێراق و نەوتی کوردستانیش بە بەهای نزیکی 59 دۆلار مامەڵەی پێوەکراوە لە بازاڕەکاندا، بەو پێیەش بێت ئەگەر هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت لەسەر ئەو ئاستەی کە 650 هەزار بەرمیل نەوتە لە رۆژێکدا، ئەوا داهاتی ئەو بڕە نەوتە دەگاتە ملیارێک و 150 ملیۆن دۆلار لە مانگێکدا.

ئەو بڕە پارەیەش 150 ملیۆن دۆلار زیاترە لەو پشکەی کە وەک بەشە بودجەی کوردستان لە پرۆژە بودجەی 2015ی عێراق دیاریکراوە کە نزیکەی یەک ملیار دۆلارە بۆ هەر مانگێک. جێگری سەرۆکی لێژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان گوتی "میکانیزمی ناردنی بەشە بودجەی ئێستای کوردستان لەلایەن بەغداوە بەرامبەرە بەم بڕە نەوتەی کە هەناردە دەکرێت، بەو مانایەش دەتوانین بڵێین کە هەولێر نەوت بە بەغدا دەفرۆشێ".

## کێشەی داهاتوو

هەرێمی کوردستان بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی بە ئاستێکی پێوانەیی نوێ گەیاندووە، چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا کێشەیەکی دیکە بەرۆکی کوردستان بگرێ، کێشەکەش دوای ئەوە دێت ئەگەر ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان زیاتر بوو لەو رێژەیەی کە هەولێر و بەغدا لەسەری رێککەوتوون، هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی دەبێت راستەوخۆ ئەو نەوتە بفرۆشێتە بەغدا.

لەو بارەیەوە سەرۆکی لێژنەی نەوت و گازی پەرلەمانی عێراق گوتی تاوەکو ئێستا هیچ رێککەوتنێک لەسەر ئەو پرسە نەکراوە و بێدەنگی لێکراوە، ئەگەری هەیە لە داهاتوودا کێشەیەکی نوێ لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان دروست ببێت لەسەر ئەو نەوتەی کە بۆ هەناردەکردن ئامادە دەکرێت بەدەر لەو رێژەیەی کە دەدرێت بە کۆمپانیای سۆمۆ.

بەڵام دڵشاد شەعبان گوتی ئەو رێژە نەوتەی بەرهەمدێت دوای رادەستکردنی ئەو بڕەی کە رێککەوتنی لەسەر کراوە، دەدرێتەوە بەو کۆمپانیا نەوتییانەی کە پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەیان بە قەرز لێوەرگرتوون و بەشێکیشی وەک دەستحەقی کۆمپانیاکان دەدرێتە کۆمپانیاکانی بواری نەوت.

### نەوتی کەرکووک

هەرێمی کوردستان ئێستا 650 هەزار بەرمیل نەوت لە رێگای بۆڕی نەوتی کوردستان دەگوازێتەوە بۆ بەندەری جەیهان. بەپێی سەرچاوەکانی رووداو، لەو رێژەیە نزیکەی 250 هەزار بەرمیل نەوتی لە پارێزگای کەرکووک هەناردە دەکرێت کە بڕی 100 هەزار بەرمیل نەوت لە کێڵگەکانی بای حەسەن و هاڤانایە و لە کێڵگەی نەوتی بابەگوڕگوڕیش بڕی 150 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکرێت.

رێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت بە (رووداو)ی راگەیاند کە کێڵگەی بابەگوڕگوڕ لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە بەڕێوەدەبرێت و نەوتەکەشی لە رێگای بۆڕییەوە دەگوازرێتەوە بۆ بۆڕی نەوتی کوردستان، هەروەها کێڵگەکانی هاڤانا و بای حەسەنیش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەبرێ.



عومەر ئەحمەد

# کەرتی نەوتی کوردستان قەیرانی ئێستا تێدەپەڕێنێ؟

بۆ ماوەی ساڵێک دەڕوات نرخی نەوت لە 115 دۆلارەوە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی رابردوو، دابەزیوە بۆ نیوەی ئەو نرخە و پیشەسازیی نەوت گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە هەم لەڕووی کار و چالاکیی کۆمپانیاکانی نەوت و هەم لەڕووی رەوشی دارایی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت. کوردستان وەک ناوچەیەکی تازەی بەرهەمهێنەری نەوت، هەرچەندە توانی بەشی زۆری ئامانجەکانی بەرهەمهێنانی نەوت کە دەستنیشانی کردبوون بپێکێ، بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆبوونی ئابووری بەپشتبەستن بە داهاتی نەوت، درەنگ کەوت و ئێستاش چەندین ئاستەنگی لەبەردەمە کە دەبێت تێیپەڕێنێ بۆئەوەی لەم رەوشەی ئێستای دەربازبێت. هۆکارەکەشی زۆر روونە، کاتی خۆی بە ناردنی رۆژانە 300 هەزار بەرمیل نەوت، هەرێمی کوردستان بە نرخی 100 تا 110 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دەیتوانی خۆی بەڕێوەبباتە، بەڵام ئێستا لانیکەم پێویستی بە هەناردەکردنی رۆژانە 650 هەزار بەرمیل هەیە بۆئەوەی جگە لە مووچە، بودجەش دابین بکات.

لە راپۆرتێکی بانکی جیهانیدا هاتووە کە ئەگەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان فریای کوردستان نەکەوتبایە، ئەوا قەیرانی دارایی چۆکی پێ دادەدا و بەتەواوەتی مایەپووچ دەبوو، بەڵام هەرچۆنێک بێت بە قەرزکردن لە کۆمپانیا نەوتییەکان لە بڕی پێدانی نەوتی خاو لە داهاتوودا و چەندین سەرچاوەی دیکە، توانی هیچ نەبێ مووچەی فەرمانبەران هەرچەندە بە درەنگیشەوە بێت دابین بکات. ئێستاش هەلومەرجی ناوچەکە و بەتایبەتی دۆخی ئەمنیی عێراق بووەتە هۆکاری ئەوەی رێککەوتنێکی کاتی لە نێوان هەولێر و بەغدا بێتە ئاراوە. هەرچەندە گلەیی زۆر هەیە لەلایەن هەردوولاوە، بەڵام ئەو رێککەوتنە هێشتا بەردەوامە.

بەبڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2014، عێراق کوردستانی بەرەو ئیفلاس برد، لەبەر ئەوەشە بێ بڕواییەکی قووڵ لەنێوان هەولێر و بەغدا هەیە و پێناچێ دوای باشبوونەوەی رەوشی ئەمنیی عێراق، ئەو رێککەوتنە بەردەوام بێت، چونکە کوردستان زیاتر لە 16 ملیار دۆلاری لای عێراقە کە نەک تەنیا نکۆڵی لێدەکات و ئامادە نییە بیداتەوە، بەڵکو ئەگەر نیازێکی وەهاشی هەبێت بەم نزیکانە و تەنانەت لە چەند ساڵی داهاتووشدا لە توانایدا نابێت بیداتەوە. لەبەر ئەوەشە، هەر لایەک دواجار رێگەی خۆی هەڵدەبژێرێ و کوردستانیش ناچارە دەستبکاتەوە بە ناردنی راستەوخۆی نەوتی خۆی. هەرچۆن پێشبینی دەکرێت کە دواجار هەر لایەک بە رێگەی خۆیدا بڕوات، تەحەددای گەورە لەبەردەم وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە نەهێڵێ چالاکیی کۆمپانیا نەوتییەکان خاوببێتەوە، بەتایبەت دوای ئەم قەیرانە داراییەو ئەم نرخە کەمەی نەوت کە کاری کۆمپانیاکانی ئەستەم کردووە.

هەرێمی کوردستان لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا کەم کێشەی نەبوو، کێشەی کەمهێنانی بەنزین، کێشە سیاسییەکانی لەگەڵ بەغدا، هەڕەشەکانی بەغدا لەسەر ناردنی راستەوخۆی نەوت و تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگا نێودەوڵەتییەکان لە دژی حکومەتی کوردستان و هاوپەیمانەکانی، بەڵام بەرگەی هەموو ئەمانەی گرت و پێدەچێت گەورەترین کێشەی کەرتی نەوتی لەم کاتەدا دابینکردنی حەقدەستی کۆمپانیاکان بێت کە مەترسی لەسەر پیشەسازیی نەوت دروستدەکات و ئەگەر زۆر درێژە بکێشێ، خاوبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی لە کوردستان لێدەکەوێتەوە. هەرچەندە بەشێکی حەقدەستی کۆمپانیاکان لەلایەن حکومەتەوە دراوەتەوە، بەڵام پارەیەکی زۆریان لای حکومەت ماوە و ئەگەر درەنگ بکەوێت، رەوشی دارایی هەندێ کۆمپانیای نەوتی بیانی دەگاتە ئاستێک کە ناچاردەبن بەرهەمهێنانی نەوت یان کەم بکەنەوە یان رایگرن.

تا ئێستا و لە چەند ساڵی رابردوودا ئەو کۆمپانیایانە وەبەرهێنانێکی زۆریان کردووە و پارەیەکی زۆریان خەرجکردووە بۆ ئەوەی نەوتی ژێرخاکی کوردستان بگەیەننە ئاستی بەرهەمهێنان، بەڵام لەوە بەدواوە پێویستیان بە گەڕاندنەوەی سەرمایەکانە لە فرۆشی ئەو نەوتەی کە بەرهەمدێت، ئەگەر حەقدەستی کۆمپانیاکانی نەوت نەدرێتەوە، ئەوان ناتوانن درێژە بە بەرهەمهێنانی نەوت بدەن و چەند نموونەیەکیش بینراون کە یان چالاکییەکانیان راگرتووە، یان بەدوای فرۆشتنی پشکی کۆمپانیاکەوەن بە کۆمپانیای گەورەتر.

بەپێچەوانەوە، بە زیاتر دڵنیابوونەوەی کۆمپانیاکانی نەوت و بەردەوامیی چالاکییە نەوتییەکان، تەنانەت ئەگەر رێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا پووچەڵیش ببێتەوە، هەرێمی کوردستان دەتوانێت رێگەی خۆی درێژە پێبدات و ئەم رەوشەی ئێستاش دەرباز بکات، چونکە ئاستی بەرهەمێنانی نەوتی هەرێم نە تەنیا جێگیرە، بەڵکو بەرەو زیادبوونیش دەڕوات و نزیک دەبێتەوە لەو قەبارەیەی کە بتوانێت بودجەکەی پێ دابین بکات. هەروەها ژێرخانی هەناردەکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان بە رێکوپێکی کاری پێدەکرێت، هەر لە بۆڕی هەناردەکردنی نەوتەوە تا کۆگای تایبەتی نەوت لە بەندەری جەیهان، بەهەمان شێوازیش کڕیاری نێودەوڵەتی.

# پەرلەمانی عێراق بڕیارێک بە زیانی ئێزدیەکان دەردەکات

## محەممەد هاودیانی:
## ئەو هەنگاوە زۆر خراپە و هەوڵی بە جینۆسایدناسینی تاوانی دژ بە ئێزدیەکان دەمرێنێ

**مەحمود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

بە بەرچاوی نوێنەرانی کوردەوە لە پەرلەمانی عێراق، بەغدا هەنگاوێکی دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان هاوێشت، کاتێک ڕۆژی 18ی نیسانی 2015 لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەماندا بڕیاری دا کەیسی تاوانەکانی داعش دژ بە پێکهاتەکانی عێراق ئاراستەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بکات، بەمەش دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان ناتوانێ سەیری دۆسیەی بەجینۆسایدناسینی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان بکات.

ئەمین بەکر، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق سەبارەت بە تێپەڕینی ئەو بڕیارە لەسەر پەرلەمانتارانی کورد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "عێراق ڕێککەوتننامەی بنەماکانی ڕۆمای واژۆ نەکردووە و ئەندامی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان نییە، بۆیە ئەو دادگایە ناتوانێ سەیری کەیسی تاوانەکانی داعش لە نێوخۆی عێراق بکات، مەگەر ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیار بدات، یاخود عێراق بە فەرمی داوا بکات".

پێشتر کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ داوای لە ئەنجوومەنی ئاسایش کردبوو کە تاوانەکانی داعش ڕادەستی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بکرێ، پاش ئەوەی شاندێکی ئەو کۆمیسیۆنە هاتنە عێراق و لەنزیکەوە چاویان بە سەدان بەڵگەنامە کەوت کە تاوانەکانی ئەو تاقمە دەسەلمێنن.

د.فرسەت سۆفی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکی پێشتریدا بۆ (ڕووداو) لەبارەی دەستووری دادگای تاوانی نێودەوڵەتی گوتی "دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هەر دۆسێیەک درابێتە دادگایەکی نێوخۆیی وەریناگرێ، بەڵام کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان و تاوانەکانی دیکەی داعش لە کوردستان، مادام نەدراونەتە هیچ دادگایەکی نێوخۆیی، بێگومان کاری لەسەر دەکەن".

ئەو پەرلەمانتارە باسی ئەوەشی کرد کە کورد کارێکی باشی کردووە دۆسیەی تاوانی دژ بە ئێزدیەکانی بردە دادگای نێودەوڵەتی و نەیبردنە دادگاکانی عێراق.

لە کۆبوونەوەی ژمارە 4ی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە و دۆکیۆمێنت لەسەر تاوانەکانی داعش درابوو بۆ ئەوەی کار لەسەر بە جینۆسایدناسینی ئەو تاوانە بکرێت. ڕۆژی 20ی تشرینی یەکەمی 2014 ئەو لیژنەیە کۆمەڵێک بەڵگە و دۆکیۆمێنتی لەسەر تاوانەکانی داعش دژ بە کوردی ئێزدی و پێکهاتەکانی دیکە پێشکەشی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی لە لاهای کردن و بە فەرمی سکاڵای تۆمار کرد.

### دۆسیەکە دەمرێنن

محەممەد هاودیانی، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەندامی لیژنەی باڵای بە جینۆسایدناسینی دۆسیەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕۆژی 20ی تشرینی یەکەمی 2014 دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان بە فەرمی وەڵامیان داینەوە کە هەموو بنەماکانی جینۆساید لەو تاوانانەدا هەیە، بۆیە پێویستە حکومەتی عێراق بە نووسراوێکی فەرمی داوامان لێبکات کە کار لەسەر ئەم دۆسیە بکەین. بڕیارە 16ی مانگی داهاتوو سەردانی هەر سێ سەرۆکایەتی عێراق، ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان بکەین بۆ ئەوەی عێراق بە فەرمی داوا لە دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان بکات سەیری تاوانەکانی داعش دژ بە پێکهاتەکانی عێراق بکات".

محەممەد هاودیانی سەرسوڕمانی خۆی لە تێپەڕینی بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق بەسەر پەرلەمانتارانی کورددا دەربڕی و گوتی "ئەم هەنگاوە زۆر خراپە، کەیسی بە جینۆسایدناسینی تاوانەکە دەمرێنێ، چونکە دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان سەیری ئەو کەیسە ناکات و سکاڵاکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی ئێمە بۆ بە جینۆسایدناسینی تاوانەکە شکست دێنێ، دەبوو پەرلەمانتاران زیاتر بایەخیان بەو پرسە بدابایە، چونکە ئەم دۆسیە بە نیسبەت گەلی کوردەوە چارەنووسسازە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زەرەر لە پرسی کورد دەدات".

بە بۆچوونی محەممەد هاودیانی، ئەگەر دۆسیەی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان لەلایەن دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان بە جینۆساید نەناسرێت، کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زەرەر دەکات "هاوسۆزی و پاڵپشتییەکی مرۆڤایەتی و سیاسی زۆر لە دەستدەدەین، ئەگەر ئەم کەیسە نەگاتە ئاستی نێودەوڵەتی. جگە لەوە لەڕووی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری زیانلێکەتووان و ڕێگرتن لە چەندبارەبوونەوەی ئەم کارەساتانە کورد زەرەر دەکات. لە هەمانکاتدا ئەم تاوانە گەورەیە داعش لەسەر ئاستی لۆکاڵی دەهێڵێتەوەو ناهێڵێ کاردانەوەی لەسەر ئاستی جیهان لێبکەوێتەوە".


(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

# 30 هەزار پارچە کەلەپووری مەسیحییەکان 20 کیلۆمەتر لە داعش دوورن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- ئەلقوش**

نزیکەی 30 هەزار پارچە شوێنەواری تایبەت بە مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا لە مۆزەخانەی ئەلقوش پارێزراون کە کەمتر لە 20 کیلۆمەتر لە داعشەوە دوورە، سەرپەرشتیاری مۆزەخانەکەش داوا دەکات خەمێک لە مۆزەخانەکە بخورێت تاوەکو بە دەردی مۆزەخانەی مووسڵ نەچێت.

بیرۆکەی دروستکردنی ئەم مۆزەخانەیە بۆ ساڵی 1982 دەگەڕێتەوە. ئەوکات سێ کەسی ناحیەکە کە یەکێکیان ئێستا بەڕێوەبەری مۆزەخانەکەیە، دەست دەکەن بە کۆکردنەوەی کەلەپووری مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا، بەڵام ئەوکات حکومەتی عێراق مۆڵەتی کردنەوەی مۆزەخانەکەیان پێنادات.

جورێف یوسف، سەرپەرشتیاری مۆزەخانەی ئەلقوش ڕەخنەی لە حکومەتی ئێستای عێراقیش گرت و گوتی "دوای نەمانی ڕژێمی بەعس، داوامان لە حکومەتی عێراق کرد هاوکاریمان بکات بۆ کردنەوەی مۆزەخانەکە، بەڵام بێ سوود بوو".

چوار ساڵ لەمەوبەر قەشەیەکی ئەلقۆش خانوویەک بۆ مۆزەخانەکە تەرخان دەکات و سێ کەسەکە لەژێر ناوی "گرووپی خۆشەویستیی کەلتوور" دەست بە کۆکردنەوەی شتە کەلەپوورییەکان و شوێنەوارەکانی ئەلقوش دەکەن. جۆزێف دەڵێت "ماڵ بە ماڵ گەڕاین، توانیمان بەشێک لە کەلەپووری مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا کۆبکەینەوە".

ئێستا مۆزەخانەی ئەلقۆش لەنێو خانوویەکی کۆندایە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 100 ساڵ لەمەوبەر، تابلۆیەکی کۆن بەسەر دیواری مۆزەخانەکەوە هەڵواسراوە و لەسەری نووسراوە "مۆزەخانەی ئەلقوش".

جۆزێف یوسف کە زۆر بە پەرۆشە بۆ پاراستنی شوێنەواری مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا، دەڵێت "نزیکەی 30 هەزار پارچە شوێنەواری دەشتی نەینەوا لەنێو مۆزەخانەکەدان".

سەبارەت بە جۆری کەلوپەلەکانیش گوتی "هەمەجۆرن، هەر لە جلوبەرگی کۆنی مەسیحییەکان تاوەکو دەستخەت، بەڵام کەلوپەلەکان بە نارێکی دانراون، چونکە ئێمە شارەزاییمان لە کاروباری مۆزەخانەدا نییە".

دوو مانگ لەمەوبەر چەکدارانی داعش زۆربەی شوێنەوارەکانی مۆزەخانەی مووسڵ کە زۆربەیان تایبەت بوون بە ئاشوورییەکان لەنێوبرد. بۆیە جۆزێف ترسی لێ نیشتووەو داوا دەکات گرنگی بە پاراستنی مۆزەخانەکە بدرێ، نەوەک دەستی چەکدارانی داعشی بگاتێ و لەنێوببرێت، چونکە مۆزەخانەکە تەنیا 20 کیلۆمەتر لە چەکدارانی داعشەوە دوورە.

بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەریی دهۆک ئامادەیی خۆیانی نیشاندا بۆ هاوکاریکردنی ئەو مۆزەخانەیە. ئەیوب ڕەمەزان گوتی "بۆ ئێمە مەسیحییەکانیش وەکو سەرجەم نەتەوەکانی دیکەی کوردستان گرنگن، کەلتووریان گرنگە. پێشتر ئەم ناوچانە سەر بە ئیدارەی مووسڵ بوون، نەماندەتوانی وەکو پێویست هاوکارییان بکەین، بەڵام لەمەودوا هەرچی لە تواناماندا بێت بۆ پاراستنی کەلەپووری ئەوان دەیکەین". گوتیشی "هەوڵێکی جددی دەدەین بۆئەوەی مۆزەخانەی ئەلقۆش بخەینە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەشێک لە مۆزەخانەی دهۆکیش بۆ کەلەپووری ئەوان تەرخان دەکەین".

ناحیەی ئەلقوش یەکێکە لە کۆنترین ناوچەکانی نیشتەجێبوونی مەسیحییەکان لە دەشتی نەینەوا، جگە لە سێ کڵێسای کۆن کە مێژووەکەیان بۆ زیاتر لە 500 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، نزیکەی 15 خانووشی لێیە کە تەمەنیان زیاتر لە 140 ساڵ دەبێت.



## فەقیر جەردۆ عەفدۆ زانای ئاینیی ئێزدییەکان:
# ئەو ئێزدیانەی دەچنە دەرەوەی وڵات پەشیمان دەبنەوە
## هیچ مەترسییەک لەسەر لەناوچوونی ئاینی ئێزدییان نییە



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

کەسایەتی و زانایەکی ئاینیی ئێزدییان گوتی کە هیچ مەترسییەک لەسەر لەناوچوونی ئاینی ئێزدییان لە باشووری کوردستان نییە، دەشڵێت هەر ئێزدییەک بچێتە دەرەوەی وڵات پەشیمان دەبێتەوە.

فەقیر جەردۆ عەفدۆ کەسایەتی و زانایەکی ئاینیی ئێزدییانە و ئێستاش هەر لە چیای شنگالە.

عەفدۆ لە هۆزی زەرۆیە کە هۆزێکی گەورەی ئێزدیانە. دوای ئەوەی داعش لە 3ی ئابی 2014 هێرشی کردە سەر شنگال، لەگەڵ نزیکەی 10 هەزار ئێزدی پەنایان بردە بەر چیای شنگال، هەرچەندە دواتر زۆربەی ئێزدییەکان چیای شنگالیان جێهێشت و چوونە شاری دهۆک و دەوروبەری، بەڵام ئەو تاوەکو ئێستا لەوێ ماوە.

هەندێک هێز و لایەن پارتی بە هۆکاری کەوتنی شنگال دەزانن، بەڵام جەردۆ ئەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "ئەو قسانە ئەسڵ و ئەساسیان نییە کە دەڵێن پارتی بووە هۆی کارەساتی شنگال، چونکە ئەو دڕندانە سەرەتا هێرشیان کردبایە سەر هەر شوێنێک دەیانگرت. دواتریش ئێمە قەت لەو باوەڕەدا نەبووین ئەو عەرەبانەی دراوسێمانن خیانەتمان لێ بکەن".

ئەو زانا ئاینییەی ئێزدیان گوتی کە هەڵوێستی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان قەت لەبیرناکات "هەر چوار پارچەی کوردستان بەهانامانەوە هاتن و ڕێگەیان بۆ کردینەوە لەسەر چیای شنگال ئێمەیان ڕزگار کرد".

هەرچەندە هەندێک لە ئێزدییەکان دەڵێن هەرێمی کوردستان وەکو پێویست هاوکارییان نەکردوون بۆیە ناچار بوون پەنا بۆ حکومەتی عێراق ببەن، بەڵام جەردۆ دەڵێت "هەرێمی کوردستان هاوکارییەکی باشی کردین، پێشمەرگە بەشێک لە ناوچەکانی ئێزدییانی ئازادکردەوە، ئێستاش پەکەکە و پێشمەرگە لە چیای شنگال و ناوچەکانی دیکە بەرگری لە ئێمە دەکەن. هیچ ترسێکمان لەسەر نەماوە".

دوای کوشتن و بەدیلگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئێزدییەکان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، زۆر لە ئێزدییەکان لەو باوەڕەدان کە ئاینەکەیان لەژێر هەڕەشەی لەناوچووندایە و تەنانەت هێرشەکەی داعشیان بە یەکێک لەو فەرمانانە ناوبرد کە بە درێژایی مێژوو بۆ لەناوبردنی ئێزدییەکان و ئاینەکەیان دەرکراون.

بەڵام فەقیر جەردۆ هیچ مەترسییەک لەسەر ئاینەکەیان نابینێت و دەڵێت "ئەمە جاری یەکەم نییە، عەرەبەکان هەوڵی لەناوبردنی دینەکەمان دەدەن".

لەبارەی ئەو ئێزدیانەشی کوردستان جێدێڵن و ڕوو لە وڵاتانی ئەورووپا دەکەن، جەردۆ قسەیەکی شێخ شەرفەدین بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت "شەرفەدین گوتوویەتی ئەوەی خاکی نەبێت دەبێت بمرێت، بۆیە داوا لە گەنجانی ئێزدی دەکەم زێدی خۆیان جێنەهێڵن و بەرگری لە خاک و دینەکەیان بکەن. دڵنیابن ئەوانەی دەچنە دەرەوە پەشیمان دەبنەوە".

جەردۆ دڵنیایە لە ئایندەیەکی نزیکدا شنگال ڕزگار دەکرێت و دەڵێت "وەک چۆن سنونێ و ناوچەکانی دیکە ئازادکران، ئەوهاش شنگال ڕزگار دەکرێت و ژیان ئاسایی دەبێتەوە، چونکە پشتمان بە پێشمەرگە قایمە". گوتیشی "داواکارم لە بارزانی شنگال بکاتە پارێزگایەک لە پارێزگاکانی کوردستان و بە یەکجاری لە عەرەب دابڕێین".

فەقیر جەردۆ عەفدۆ ڕەخنەی لەو هەوڵانەش گرت کە ئەو بە "هەوڵی دابڕاندنی شنگال لە هەرێمی کوردستان" ناوی برد و گوتی "نابێ هیچ کوردێک هەوڵی لێکدوورخستنەوەی کورد بدات، ئێمە لەم قۆناغەدا دەبێت زیاتر یەکگرتوو بین، ئەوانەی داوای جیاکردنەوەی شنگال دەکەن هیچ خزمەتێک بە شنگال ناکەن".

لە چیای شنگال نزیکەی 30 شوێنی ئاینی و مەزارگەی تایبەت بە ئێزدییەکان هەن، بۆیە چیای شنگال لەلای ئەوانەوە گرنگیی خۆی هەیە. جەردۆ دەڵێت "چیای شنگال ناسنامەی ئێزدیانە، بۆیە بڕیارمانداوە ئەم چیایە چۆڵ نەکەین".

سەبارەت بە ڕەوشی ئەو ئێزدیانەی لەسەر چیای شنگال ماون، جەردۆ گوتی "سەرەتا ڕەوشمان زۆر خراپ بوو، بەڵام ئێستا زۆرباشە و بە بەردەوامی هاوکاریمان بۆ دێت".

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (356) دووشەممە 2015/4/27

## ڕادیۆی سوێد 100 ڕاپۆرت لەسەر پەنابەران بڵاودەکاتەوە

**ڕووداو- سەرکردە**

ڕادیۆی سـوید لەژێر ناوی ( #100röster ) واتە هاشـتاگ سـەد دەنگ زنجیرەیەک ڕاپۆرت بڵاودەکاتەوە. ئەم زنجیرە ڕاپۆرتە باس لە چۆنیەتی هاتنی کۆچبەران و هاوگونجییان لە کۆمەڵگای سوید دەکۆڵێتەوە. هەروەها لە کێشەکانی خوێندن، بواری کار، خانوبەرەو ئەوانی دیکە دەگرێتەوە. سۆران ئەمینی کە پەنابەرێکی کوردە لە سوێد و بەشداری ئەو زنجیرە ڕاپۆرتەی کردووە دەڵێت "کێشەکانی پەنابەران لە سوید پەوەستن بەیەکەوە. بۆ نمونە ئەگەر زمان نەزانیت کارت بەزەحمەت دەستدەکەوێ یان ئەگەر خانووت نەبێت ناتوانیت لەسەر ئەو کارەی کە بژێوی ژیانتی لەسەرە، بەردەوامبیت.




# کوردێک دەبێتە ڕاوێژکاری سەرۆکی کازاخستان

**ساڵحێ کەڤرپڕی**
**ڕووداو — ئەلمائاتا**

نووسەر و ڕۆشنبیر و کارسازی کورد، عەزیزێ زیۆ بەدرخان دەبێتە ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری کازاخستان بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن.

نور سـولتان نەزەربایێڤ، سەرۆک کۆماری کازاخستان ئەگەرێکی زۆر هەیە لە هەڵبژاردنی سـەرۆک کۆماریـدا کـە دوێنـێ 2015/4/26 بەڕێوەچوو دووبارە ببێتەوە بە سەرۆک کۆمار. نەزەربایێـڤ بەر لـە هەڵبژاردنەکان لە زۆربەی شـارەکانی کازاخسـتان تیمێکـی ڕاوێـژکاری پێکهێنابـوو کە ئیشـیان چاودێریی پرۆسـەی هەڵبژاردن بوو، لە نێو تیمەکەی نوور سوڵتاندا کوردێکی ئەو وڵاتە هەبوو، بەناوی عەزیزێ زیۆ بەدرخان.

بەدرخـان لەنێـو کوردی کازاخسـتان وەکو کەسـێکی ڕۆشـنبیر و کوردپەروەر ناسـراوە.

لـە زۆربەی ئەو هەڵبژاردنانەی لە کازاخسـتان دەکرێن، وەکو ڕاوێژکارێک کار لەگەڵ کاندیدەکان دەکات. بـۆ ئـەم هەڵبژاردنـەش لـە کەمپینی هەڵبژاردنی سـەرۆک کۆماری کازاخستان نوور سوڵتان نەزەربایێڤدا کاری کرد کە ئەگەری زۆرە جارێکی دیکە ببێتەوە بە سەرۆک کۆمار.

بەدرخـان لـە کازاخسـتان زیاتـر وەکـو نووسـەرێکی کـورد ناسـراوە و خاوەنی چەند پەرتووکێکە، لەوانە: کوردستانا سۆر ئامادەیە بۆ چـاپ. چێلۆڤەک لەگەنـدا: بارزانی (مێرێ مێرخـاس) بە ڕووسـی. هەروەها پەرتووکێکی دیکە بەناوی کوردی کازاخستان.

بنەماڵـەی بەدرخـان لـە سـاڵی 1944 بە فەرمانی دەسـەڵاتدارانی ئەوکاتی سۆڤیەت لە جۆرجیاوە ڕاگوازراون بۆ کازاخسـتان. عەزیزێ زیۆ بەدرخان سـاڵانێکی زۆرە خۆی بەکاروباری کـوردی کازاخسـتانەوە خەریـک کـردووە. لە مۆسـکۆ لەگـەڵ ڕۆشـنبیرانی کـوردی وەکـو نادرێ نادرۆڤ، کنیازێ ئیبراهیم، یورا نەبیێڤ، محەممـەدێ مەجیـد، وەکیـل موسـتەفاییێڤ و..هتـد، بەشـداری لـە چەندیـن کۆنفرانس و سەمینار لەبارەی کوردەوە کردووە.

عەزیزێ زیۆ بەدرخان کار لەسەر بەهێزکردنی هەسـتی نەتەوەیـی دەکات لـە نێـو کـوردی کازاخسـتان، تەنانەت لە گونـدە کوردییەکانی کازاخستان ماڵ بە ماڵ گەڕاوە و داوای لێکردوون کـە پاسـپۆرتەکانیان بدڕێنن و فـڕێ بدەن و داوا لـە حکومـەت بکـەن لە پاسـپۆرتەکەیان بنووسـرێت "کـورد". بەم هۆیەشـەوە چەندین کورد پاسپۆرتەکانیان نوێ کردەوە کە لەسەری نووسراوە "کورد".

باوکـی عەزیز لە جەنگـی دووەمی جیهانی سـەرباز بـووە لە سـوپای سـووری یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا، بۆ شەڕکردن لەگەڵ سوپای هیتلەر تاوەکو شاری بەرلین چووە. مامیشی کە ئەویش سەرباز بووە لەو شەڕەدا بریندار بووە.



# لە ئەرمینیا کۆنترین ڕۆژنامەی کوردی لەبەر مەترسیدایە

**دەنیز سەرینجی**
**ڕووداو- یەریڤان**

لەکاتێکـدا لـە هەرێمـی کوردسـتان یـادی دەرچوونـی یەکەم ڕۆژنامەی کـوردی دەکرێتەوە، تیتالێ کەرەم لە ئەرمینیا لە هەوڵی ئەوەدایە کە کۆنتریـن ڕۆژنامەی کوردی لەو وڵاتە بە زیندوویی بهێڵێتەوە.

لـە 85 سـاڵی تەمەنیدا، ڕۆژنامـەی ڕێیا تازە توانیویەتـی لـە جەنگێکی جیهانی و دەسـەڵاتی داپڵۆسێنەری ستالین و پاشان هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سـۆڤیەت لەسـاڵی 1991 دەرباز بێت و بگاتە ئەمڕۆ.

ئێسـتا ئیدیتـۆری ڕۆژنامەکـە بـە داخـە کە ڕۆژنامەکەیان ڕووبەڕووی کێشـە بووەتەوە بەهۆی "نەمانـی خوێنەری کورد لـە ئەنجامی کۆچی بە کۆمەڵی کوردی ئەرمینیا و دووبەرەکیی ناوخۆیی و کێشـەی دارایی". بەڵام کەرەم کە کارکردنی لە ڕۆژنامەی ڕێیا تازە لە ساڵی 2010 دەستپێکردووە، سـوورە لەسەر ئەوەی ئەم پەڕە گرنگەی مێژووی ڕاگەیاندنی کوردی دانەخرێت.

"گرنگـە درێژە بـەم ڕۆژنامەیە بدرێت، چونکە ڕۆژنامەکـە گرنگییەکی زۆری مێژوویی هەیە وەکو کۆنترین ڕۆژنامەی کوردی"

کەرەم لە یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیاوە قسەی بـۆ (ڕووداو) کرد "زۆر کورد لێرە نەماون" ئەو بە خەمبارییـەوە وا دەڵێت وەکـو ئاماژەیەک بۆ ئەو کۆچـە بە کۆمەڵـەی کورد بە تایبەتـی لە دوای هەڵوەشـاندنەوەی یەکێتی سـۆڤیەتەوە و دواتر شـەڕی ناگۆرنۆ قەرەباخ لە سـاڵانی 1991 — 1994 کە بـووە هۆی لاوازبوونـی ئابووریی ئەرمینیـا و وایکـرد زۆر کـەس ئەو وڵاتە بەرەو ڕووسیا و ئەوروپا بەجێبهێڵن.

"ئەوانەی کە لێرە ماون ناتوانرێت پارەیـان پـێ بدرێت و کەسـیش نایەوێت بـە خۆبەخشـانە کار بـکات" کـەرەم لـە باسـی کێشەی نەبوونی ستافدا وا دەڵێت.

ئـەو ڕۆژنامەیە کە لـە دوای نـەورۆزی سـاڵی 1930 دامەزرا، ئێسـتا ڕوو لـە کزبوونـە.

لـە سـەردەمانێکدا ڕۆژنامەکـە هەفتـەی دووجـار بـە چاپـی ڕەنگاوڕەنـگ دەردەچـوو، بـەڵام ئێسـتا مانگی یەکجار دەردەچێت، ئەویش بە ڕەش و سپی.

یەکێـک لـەو هۆکارانـەی کـە کاریگەرییەکی زۆری کردە سـەر لاوازبوونی ڕۆژنامەکە، ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت بوو. ڕووخانی سۆڤیەت سەرەتا بووە هۆی نەمانی پشـتیوانی دارایی ڕۆژنامەکە و دواتریش بووە هۆی لێکترازانی کوردی قەفقاس.

ڕێکخـراوی یە کێتـی ئێزدیـان کـە پێیانوایـە ئێزدییـەکان کوردنیـن و خاوەنـی شوناسـی خۆیانن، ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆیان هەیە بەناوی "ئێزیدخان". ئەمەش بووەتە هۆی بردنی هەندێک لە خوێنەرانی ڕۆژنامەی ڕێیا تازە.

سـاڵی 2002 لەسـەر داوای یەکێتی ئێزدیان، پەرلەمانـی ئەرمینیـا ئێزدی وەکـو نەتەوەیەکی جیـاواز ناسـاند و زمانەکەشـیانی بـە ئێزدیکی ناسـاند. ئێسـتا لە زانکۆکانی ئەرمینیا کوردی و ئێزدیکی بە جیاوازی دەخوێنرێن.

کـەرەم دەڵێـت کـە ئـەو کـوردە بە نەتـەوە و ئێزدییە بە ئاین، ئەوەش لەگەڵ ئارگیومێنتی یەکێتی ئێزدی ناتەبایە و دەڵێت زمانـی ئێـزدی پڕاوپـڕە لە وشـەی کوردیی شـێوەزاری کرمانجیی سەروو "ئێمە لە یەکدی تێدەگەین، چونکە بە یەک زمان قسە دەکەین، تەنەنـات بە هەمـان دیالێکتیش کە کرمانجییە" کەرەم وا دەڵێت.

نـاوی ڕێیا تازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە دامەزرێنەرانی ڕۆژنامەکە سـەرەتایەکی نوێیان لە وڵاتێکی نوێدا دەستپێکرد. کەرەم دەڵێت "بۆ گەلی ئێمە، ڕێگەیەکی تازە بوو. دەستپێکێکی تازە بوو، وڵاتێکـی تازە بـوو، ئەوەش دوای ئـەوەی کە لە دەست کوشـت و بڕی عوسمانییەکان هەڵهاتین، هەر بۆیە ڕۆژنامەکە بەناوی ڕێیا تازە دەرچوو".

لە سـەدەی نـۆزدەدا ژمارەیەکی زۆری کوردی ئێزدی لە زوڵم و زۆری عوسمانییەکان هەڵهاتن و لە ئەرمینیا و ئازەربایجان و جۆرجیای گیرسانەوە. ژمارەی کورد لە ئەرمەنستان نزیکەی 60 هەزار دەبوون، بەڵام سـەرژمێریی ساڵی 2011 پێشانی دەدات کە تەنیا نیوەی ئەو ژمارەیە ئێسـتا لەوێ ماون.

لـە کاتێکـدا کە زمان و کەلتـووری کوردی لە تورکیا قەدەغە بوو، لە ئەرمینیا زمان و کەلتووری کوردی لە گەشەسـەندندا بوو، ئەوەش لەڕێی ئەو کوردانەی کە لەو وڵاتەدا نیشتەجێبوون.

ڕۆژنامـەی ڕێیـا تـازە لەلایـەن چەنـد ڕۆژنامەنووسـێکی ئەرمەنی کە کوردییان دەزانی، دامەزرا. لە نێو دامەزرێنەرانی ڕۆژنامەکەدا، هراچیا کۆچەر، هەریتیون میکیرتچیان و گەڤۆرک پاریس هەبـوون. ڕۆژنامەکە بە ئەلف و بێی لاتینی چاپ دەکرا و دواتر لەلایەن عەرەبی شـەمۆ و ئیسحاق مارگولۆڤ پەرەی پێدرا.

کـەرەم دەڵێت "ڕۆژنامەنووسـە ئەرمەنییەکان خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا بـوون، ئـەو ناوچانەی کە لە دوای جینۆسـایدی 1915 لـە دژی ئەرمەنـەکان، بەجێیانهێشـتبوو. ئەوان لە نێو کورد گەورەبووبوون، بۆیە کوردییەکی باشیان دەزانی".

یەکەم کەس کە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بووە، کوردێـک بووە بەناوی جەردۆیێ گەنجۆ. ڕێیا تازە وەکـو ئۆرگانێکی پارتی کۆمۆنیسـتی سـۆڤیەت خزمەتـی ئـەو پارتـەی دەکـرد و پڕوپاگەندەی ئەوانی بە زمانی کوردی بڵاودەکردەوە. لە ساڵانی سـییەکاندا، ناواخنی ڕۆژنامەکە ڕەنگدانەوەیەکی زەقـی پڕۆپاگەنـدەی سـۆڤیەتی پێـوە دیاربوو، تەرکیـزی لەسـەر ڕاهێنانی کۆمەڵگـەی کوردی لەسـەر ڕۆحیەتی مارکسـی- لینینـی و "برایەتی گەلان" دەکرد.

سـاڵی 1937 ڕۆژنامەکـە بـە فەرمانـی دەسـەڵاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت داخرا، دواتر لە سـاڵی 1955 و دوای هەژدە سـاڵ لە ڕاوەستانی، جارێکی دیکە دەسـتی بە وەشـان کردەوە، بەڵام ئەمجارە بە ئەلفابێی سیریلیکی (ڕووسی).

کەرەم دەڵێت "لە پەنجاکاندا کاتێک ڕۆژنامەکە بە ئەلفابێی سیریلیکی دەردەچوو، کوردی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت نەیاندەتوانی بیخوێننەوە".

لـە هەشـتاکاندا ڕۆژنامەکـە جارێکـی دیکـە گەیشـتەوە لوتکـە و "بوو بـە قوتابخانەیەک بۆ ئەکادیمیکارانـی کـورد" کـەرەم وادەڵێـت. لەو سـاڵانەدا 20 کارمەنـدی هەبـووە و هەفتانـە دەردەچوو. ساڵی 2000 جارێکی دیکە ڕۆژنامەکە بە ئەلفابێی لاتینی کەوتەوە وەشان.

کەرەم کە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی یەریڤان خوێندووە و چەندین ساڵ لە ڕادیۆی یەریڤان کاری کـردووە، دەیەوێت درێژە بـە ڕۆژنامەکە بدات بۆ ئەوەی تاکە دەنگی کوردی ئەرمینیا بە زیندوویی بمێنێتەوە.

"ڕۆژنامەگـەری بـۆ هەمـوو کۆمەڵگەیەک زۆر گرنگە" ئەو دەڵێت "پێویستمان بە ڕێیا تازەیە بۆ ئەوەی کوردی ئێرە دەنگیان بمێنێتەوە".




# کچێک، کوردە گەنجە ئەڵمانیزمانەکان کۆدەکاتەوە

ئاینا دەلین، سـەرۆکی ڕێکخـراوی لاوانـی کـوردی ئەڵمانیایـە (Kurdische Jugend Deutschland) کـە ڕێکخراوێکـی تایبەت بـە لاوانی کوردی ئەڵمانیزمانی سەرتاسـەری ئەوروپایـە و مانگی نۆڤەمبەری ڕابردوو ناوی کەوتە بەر باسـی میدیـاکان. ئەوەش دوای ئەوەی هەندێک لە هاوڕێ و هاوکارەکانی هەڵیانکوتایە سـەر کۆنگرێسـی پارتی سەوزی ئەڵمان. ڕاسـتەوخۆ لەسەر تەلەڤزیۆنەکانەوە کە لەلایەن میلۆنان بینەرەوە تەماشا دەکرا، دەلین گوتارێکی پێشکەش کرد و باسـی بارودۆخی کوردستانی کرد. هەروەها داوای خێرا ناردنی چەکی بۆ هێزە کوردییەکان کرد.

(ڕووداو) لە شاری ماینز لە ئەڵمانیا ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ دەلین سازکرد.

**پۆلا گەرمیانی**
**ڕووداو - ئەڵمانیا**





ئاینا دەلین: دەبێ وەکو یەک گەل بیربکەینەوە

**ڕووداو: هەرچەندە تۆ لە خێزانێکی کوردیت، بەڵام لێـرە لە ئەڵمانیا گەورە بووی. چۆنە وا زۆر بـە پەرۆشـی بۆ هاوکاریی کوردسـتان و کورد؟**

**ئاینـا:** پێموایـە ئـەوەی کـە زۆر کـورد هانـدەدات کار بـۆ کوردسـتان و گەلەکەیـان بکـەن، ئـەو مێـژووە هاوبەشـەی نێوانمانە. هـەر لـە سـەرکوتکردن و تواندنـەوەوە بگرە تا شـەڕ و کوشـتار. کورد بـە درێژایی مێژوو بەدەسـت هەموو ئـەو شـتانەوە ناڵاندوویانە. هەرچەندە من لە ئەڵمانیـا لەدایکبووم، بەڵام تەنانەت لێـرەش ڕووبەڕووی ئەو جیاکارییەوە بوومەتەوە. لەبەرئەوە پێویسـت بوو شـتێک بکەم. کوردبوون شوناسی منە. نەمتوانی لەوە زیاتر ئەو ناهەقی و جیاکارییە قبوڵ بکەم.

**ڕووداو: وەکـو کچـە کوردێکی بـە دیانەت ئێزدی، لـەو کەلتوورە پیاوسـالارەی کوردیدا ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبییەوە؟**

**ئاینا:** لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ئەو کێشەیە هەیە. ئیدی کۆمەڵگەی کوردی بێت، ئەڵمانی بێـت یان هـەر کۆمەڵگەیەکی دیکـە. ناتوانی ڕێگـری لە هەموویـان بکەی. بـەڵام دەتوانی کەمیان بکەیتەوە و دەبێت هەوڵبدەی کەمیان بکەیتـەوە. ئەمەش ئەو شـتەیە کـە ئێمە لە ڕێکخراوەکەمان هەوڵی بۆ دەدەین. دەمانەوێت کاری زیاتـر بـۆ هۆشـیارکردنەوە بکەیـن و بەمشێوەیەش ئەو کەلتوورە کەم بکەینەوە بۆ کەمترین ئاست.

**ڕووداو: ڕێکخراوەکەتـان ناسـراوترین ڕێکخـراوی لاوی کوردە لـە ئەڵمانیا. ئەوەش بەتایبەتـی بەهـۆی ئەو گوتارەوە کە سـاڵی ڕابـردوو لـە کۆنگرێسـی پارتـی سـەوزدا پێشکەشـت کرد و تەلەڤزیۆنەکانـی ئەڵمانیا بایەخیان پێدا. ئامانجی ڕێکخراوەکەتان چییە؟ پشتیوانتان هەیە؟**

**ئاینـا:** تۆبیـاس هەچ، لـە پارتـی لیبراڵ هاوکاریـی زۆرمـان دەکات. ئـەو لـە سـاڵی ڕابـردووەوە بە هەمـوو شـێوەیەک هاوکاریی کـورد دەکات. بەتایبەتی لـە ڕێگەی میدیاوە هاریکاریمـان دەکات و هەندێکجاریـش لـە بۆنەکاندا پشتیوانیمان دەکات.

**ڕووداو: هیچ پارتێکی کوردی پشتیوانیتان دەکات؟**

**ئاینـا:** ڕێکخراوەکەمان هیـچ پەیوەندیەکی بـە هیچ پارتێکەوە نییە و هاوئاهەنگی لەگەڵ هیچ پارتێکدا ناکات، بەڵام ئێمە پشتگیری هەر پارتێک دەکەین کە کار بۆ دۆزی کورد بکات و داوای کوردسـتانێکی یەکگرتوو و ئازاد بکات. دەمانەوێت نوێنەرایەتـی هەموو لاوێکی کورد بکەین، ئیدی گرنگ نییە لایەنگری چ پارتێکە.

**ڕووداو: تـۆ بـۆ خـۆت ئەندامـی پارتـی سۆشـیال دیموکراتـی ئەڵمانیـای، بۆچوونی پارتەکەت لەسەر کوردستان چۆنە؟**

**ئاینـا:** سـاڵی ڕابـردوو سـەرۆکایەتی ئەو پارتە پشـتگیری ناردنی چەک و تەقەمەنییان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کرد. ڕێکخراوی ئێمە سوپاسگوزاری ئەو هەڵوێستەی سەرکردایەتی پارتـی سۆشـیال دیموکـرات بوو. سۆشـیال دیموکراتەکان بە وردی لە دۆخەکە کۆڵینەوە و بەو ئەنجامە گەیشتن کە گرنگە پشتگیری کورد بکرێت لە شەڕی دژ بە داعش. هەروەها وەزیری دەرەوەی ئێمـە، فرانک والتەر شـتێنمایەر کە ئەویش بۆ خۆی ئەندامی سۆشـیال دیموکراتە پەیامێکـی ئاشـکرای نارد و پێشـمەرگەی بۆ ئەڵمانیا بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی لێرە لەلایەن سـوپای ئەڵمانیـاوە مەشـقیان پـێ بکرێت. لەبەرئـەوە دەکرێت بگوترێ پارتی سۆشـیال دیموکرات بەشێکی گەورەیە لە هاوکاریکردنی پێشمەرگە و کوردستان لە شەڕی دژە داعشدا.

**ڕووداو: هەندێـک کـەس هـەن دەیانەوێت کـوردی ئێزدی و کوردی دیکـەی باوەڕدارانی ئاینەکانـی دیکە لەیەک جیا بکەنەوە، تۆ لەم ڕووەوە چی دەڵێی؟**

**ئاینا:** پێموایە ئەمە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی ئێسـتای کوردسـتانە کـە زۆر نیگەرانـی و دڵتەنگـی و تووڕەیـی دروسـت کـردووە و دروستیشی دەکات. ئەمە وا دەکات کە خەڵکی زۆر پێـی بڕەنجێن. ئێمە لە مێـژووی کورددا بـۆ خۆشـمان هەوڵی لەو جۆرەمـان هەبووە. بـەڵام پێموایـە ئەم هەوڵە لە دواجـاردا لەناو دەچێت، بەتایبەتی کە بارودۆخی کوردسـتان باشـتر دەبێت. بەڵام بۆ ئەوەی ئەمە بێتەدی دەبێـت لێکتێگەیشـتن و لێکتـر نزیکبوونەوە هەبێت. دەبێت وەکو یەک نەتەوە و یەک گەل بیربکەینەوە. دەبێت ئێمە پشتیوانی لەم جۆرە بیرکردنەوەیە بکەین نەک هەر بۆئەوەی کە لە بەرامبەر داعش بەهێـز بین، بەڵکو بۆئەوەش کە شوناسی کورد بەهێز بێت.

## فیلمەکەی کەیهان کێبڕکێی 5 هەزار فیلم دەکات



**ڕووداو – هەولێر**

لەنێو نزیکەی 5 هەزار کەس کە بەرهەمیان پێشکەشی فێستیڤاڵی جیهانیی فیلم کردبوو لە نەرویج، کورتە فیلمی گەنجێکی کورد لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە بۆ ئەو فێستیڤاڵە هەڵبژێردرا. کەیهان، گەنجێکی تەمەن 24 ساڵە و بە کورتە فیلمێکی دوو خولەکی بەناوی "ئاوازی شەو" کە بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر بەرهەمی هێناوە، بەشداریی فێستیڤاڵەکە دەکات. کەیهان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەمە یەکەمجارم نییە بەشداری فێستیڤاڵە جیهانییەکان دەکەم، بۆ ئەمجارەش بە کورتە فیلمی ئاوازی شەو، بەشداری لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی لاوانی نەرویج دەکەم. کورتە فیلمەکەی من لە نێو 5000 کورتە فیلم هەڵبژێردراوە بۆ ئەم پێشبڕکێیە". سەبارەت بە ناوەڕۆکی کورتە فیلمەکە، کەیهان گوتی "ئاوازی شەو باس لە جەنگ و نەهامەتییەکانی دوای جەنگ دەکات".

### هەڤاڵ ئیبراهیم:

# بۆ کاری هونەری پێویستمان بە تورکیا نەماوە

## خۆم داهاتی کۆنسێرتە خێرخوازییەکانم دابەش دەکەم





**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو – هەولێر**

**ڕووداو: مانگی ڕابردوو لەلایەن دەزگایەکی خێرخوازیی تورکییەوە خەڵاتکرای، بۆچی تۆ؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** من لە ڕابردوودا چەند کارێکی خێرخوازیم کرد بۆ تووشبووانی تالاسیما، هەروەها بۆ ئاوارەکانیش. لە بەرامبەر ئەوەدا ڕێکخراوی "کیمسە یۆک" منی هەڵبژارد بۆ خەڵاتکردن. ئەوان باشتر دەزانن بۆچی منیان هەڵبژارد. ئەم خەڵاتە بۆ من شەرەفێکی گەورە بوو، بۆیە لە داهاتوودا پلانی باشترم دەبێت بۆ کاری خێرخوازی. هەوڵ دەدەم بەوپەڕی تواناوە خزمەتێکی باشی دایکانی شەهیدان بکەم.

**ڕووداو: بە نیازنیت ژمارەیەک هونەرمەند کۆبکەیتەوە و کۆنسێرتێکی خێرخوازی پێکەوە بکەن؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** بێگومان دەتوانم ئەو کارە بکەم. دەتوانم گۆرانیبێژی زۆر دیاری کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش بێنم بۆ بەڕێوەبردنی کارێکی خێرخوازی.

**ڕووداو: دەگوترێ پارەی کۆنسێرتە خێرخوازییەکان دەخورێت و ناگاتە شوێنی مەبەست، ئەمە ڕاستە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** من ئاگاداری ئەوە نیم کە داهاتەکە دەگاتە شوێنی خۆی یان نا، بەڵام من کە پرۆژەیەکی خێرخوازیم هەبێت، هەوڵدەدەم هەر خۆم پارەی پرۆژەکە بگەیەنمە شوێنی مەبەست. بەبڕوای من دەبێت لیژنەیەکی دەستپاک هەبێت بۆ دابەشکردنی داهاتی پرۆژە خێرخوازییەکان.

**ڕووداو: ئەلبوومێکی گۆرانیت ئامادەیە، بۆچی بڵاوی ناکەیتەوە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** ڕاستە. ئەلبوومەکەم 12 تراکە و چەند تراکێکی بەشێوەزاری سۆرانییە، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە جارێ بڵاوی ناکەمەوە.

**ڕووداو: هیچ قازانجێک لە فرۆشی ئەلبوومەکانت دەکەی؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** بەڵێ، چونکە خەڵکی ئێمە لەوە تێگەیشتووە کە ئیدی دەبێت گوێ لە بەرهەمی بە کواڵیتی بگرێت، ئەلبوومێکم سەرەتا 20 هەزار دانەم چاپکرد هەمووی فرۆشرا، دواتر 8 هەزار دانەی دیکەم لێ چاپکرد، بۆیە سوپاس بۆ خوا کە دەتوانم لە ئەلبوومەکانم زەرەر نەکەم، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە جگە لە فرۆشتنی ئەو ئەلبوومانەش خەڵک هەیە کۆپیشی دەکات.

**ڕووداو: ستۆدیۆکەت بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هونەرمەندان بۆ کاری هونەری نەچنە دەرەوە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** ئەگەر هەر گۆرانیبێژێک بیەوێت کار بکات لە تورکیا، بۆ حەزی خۆی دەچێت. من دڵنیات دەکەمەوە لە کوردستان ستۆدیۆی باش هەن و ئەلبوومی باش بەرهەمدێنن، بە نموونەش ستۆدیۆی خۆم کە کارمان بۆ چەندین هونەرمەندی گەورە کردووە، لەوانە شڤان پەروەر، حوسام ڕەسام و یاس خزر و چەندانی دی. پێویستمان بە چوونە دەرەوە نەماوە بۆ کاری هونەری.

**ڕووداو: ڕاستە بەنیازی دوێتی لەگەڵ حوسام ڕەسام و ئیبرۆ یەشار؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** ئەم دوێتانە زیاتر لە بەرنامە هونەرییەکان یان دانیشتنەکاندا باسدەکرێن و بڕیاریشی لێدەدرێت، بەڵام زۆرجار لەبەر نەبوونی کات بیرمان دەچێتەوە کە قسەیەکی وامان کردووە، بڕیار بوو لەگەڵ حوسام ڕەسام گۆرانییەک بە کوردی و عەرەبی تۆمار بکەین، بەڵام بەهۆی کەمیی کاتەوە نەکرا.

**ڕووداو: بۆچی گۆرانیبێژان درەنگ هاوسەرگیری دەکەن؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** گۆرانیبێژ موڵکی خۆی نییە، دواتریش کارکردنی گۆرانیبێژان زیاتر بە شەوانە و ژیانێکی جێگیریان نییە. هەمووشمان دەزانین کلتووری ئێمە بۆ ئەو کارە زۆر زەحمەتە، بۆیە دەبێت هاوسەرێکت هەبێت لێت تێبگات.

**ڕووداو: گۆرانی ئای فەلەک موڵکی هیچ کامتان نییە، بەڵام دەگوترێ بەهۆی ئەو گۆرانییەوە کێشە کەوتووەتە نێوان تۆ و نازدار، ئەمە ڕاستە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** هیچ کێشەیەکم لەگەڵ هیچ گۆرانیبێژێک نییە، گۆرانی ئای فەلەک تەنیا موڵکی من نییە و پێشی من گوتراوە، من لە چەندین بۆنەدا ئەم گۆرانییەم گوتووە، دواتر ئەو گۆرانییە کە لەسەر یوتیوب خەڵکێکی زۆر سەیریان دەکرد، یەکسەر ڕەش دەبووەوە، بەلامەوە زۆر سەیربوو، دواتر کێشەکەمان چارەسەر کرد. لەگەڵ نازداریش هیچ کێشەیەکم نییە. زۆر جاریش لە ئاهەنگەکان کە کۆنسێرتمان هەبووە سڵاومان لەیەکدی کردووە. من ئەو تەنیا وەکو گۆرانیبێژێک دەناسم.

**ڕووداو: دەگوترێ خەڵکی دهۆک ڕقیان لە هەڤاڵە، بۆ؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** هەموو گۆرانیبێژێک کەسانێک هەن ڕقیان لێیەتی و تەناتەت پروپاگەندەشی بۆ دروست دەکەن، بەڵام من دڵنیاتان دەکەمەوە کە هەواداری زۆرم هەیە لە شاری دهۆک و شانازیشیان پێوە دەکەم. هەر بە فرۆشی ئەلبوومەکەشم دیارە، زۆربەی فرۆشی ئەلبوومەکانم لە شاری دهۆک بووە.

هەڤاڵ ئیبراهیم خەڵکی شاری دهۆکە، بەڵام زۆربەی کات لە هەولێرە و سەرقاڵە بە کاری ستۆدیۆکەی. شنگال لە بیری هیچ هونەرمەندێکدا نەبوو کە هەڤاڵ چوار گۆرانی بۆ ئەو شارە تۆمارکرد، بەو پێیەی خۆی خەڵکی شنگالە. مانگی ڕابردوو دەزگایەکی خێرخوازی لە تورکیا ڕێزی لە هەڤاڵ نا. هەڤاڵ ئیبراهیم لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) کە لە نێو ستۆدیۆکەی لە شاری هەولێر لەگەڵی کراوە، باسی ستۆدیۆکەی، خەڵاتکردنی لەلایەن دەزگا تورکییەکە، کێشەی لەگەڵ نازدار و هۆکاری ئەوە دەکات کە تاوەکو ئێستا هاوسەرگیریی نەکردووە.

### نەدا ئابڕەنگی بۆ (ڕووداو):

# کاتم نییە بۆ شووکردن

## لەگەڵ لۆکە نێوانمان باشە و نامەوێت شوێنی بگرمەوە

## من بەدوای هەڵکەوت زاهیردا گەڕام

## جوانی کۆت و بەندت دەکات

**میوا سەلاح**
**ڕووداو – هەولێر**

ساڵێک لەمەوبەر لە پێشانگایەکی نێودەوڵەتی لە هوتێل ڕۆتانای شاری هەولێر کچێکی باڵابەرزم ناسی بەناوی نەدا ئابڕەنگی. بە زمانی فارسی دەئاخڤی و چەند وشەیەکی کوردیشی دەزانی، ئەوکات وەکو مۆدیل و دیزاینەر هەڤپەیڤینم لەگەڵ کرد، بەڵام ئەمجارە لە ماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێر وەکو گۆرانیبێژێک قسەم لەگەڵ کرد. نەدا ئابڕەنگی بە یەکێک لە هونەرمەندە نزیکەکانی هەڵکەوت زاهیر دادەنرێ، بۆیە دەگوترێ شوێنگرەوەی لۆکە زاهیرە کە زۆر لە هەڵکەوت نزیکە، بەڵام نەدا ئەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت لەگەڵ لۆکە نێوانیان زۆر باشە. نەدا لە دایک و باوکێکی فارس لە شاری تاران لەدایک بووە، بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە دەرهێنانی سینەمادا هەیە، بەڵام وەکو مۆدێلی جلوبەرگ و ئێستاش وەکو گۆرانیبێژێک دەناسرێت.

**ڕووداو: بۆچی کوردستانت هەڵبژارد و کەی هاتی بۆ ئێرە؟**

**نەدا:** من لە تاران سەرقاڵی کاری مۆدێل و جوانکاری بووم، ناوبانگێکی باشم هەبوو، سێ ساڵ لەمەوبەر داوەتنامەیەکم لە کوردستانەوە بۆ هات و بۆ بەشداریی لە کاری مۆدێل و نمایشی جلوبەرگ هاتمە کوردستان. چەند کۆمپانیایەک داوایان لێکردم لە کوردستان کاریان بۆ بکەم، ئیدی ئەمە سەرەتای هاتنی من بوو بۆ کوردستان. دواتر گەڕامەوە بۆ ئێران، بەڵام جارێکی دیکە بۆ کاری فیلمێکی سینەمایی کوردی دیسان داواکرامەوە. لەبەر خۆشەویستی و میهرەبانیی خەڵکی کوردستان تاوەکو ئێستا لە کوردستان دەژیم.

**ڕووداو: بۆچی وازت لە مۆدێل هێنا و ڕووت لە گۆرانیگوتن کرد؟**

**نەدا:** هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیای میوزیک و هونەرم هەبوو. کاتێک لە بەشی سینەما دەمخوێند هەستم بەوە کرد کە گۆرانیگوتن چەند گرنگە بۆ ئەکتەر، چونکە دەبێت لە هەموو بوارەکاندا شارەزا و لێهاتوو بێت، وابیرم دەکردەوە ئەگەر لە فیلمێکدا ڕۆڵی گۆرانیبێژێکم پێبدرێ، چۆن گۆرانییەکە بە سەرکەوتوویی بڵێم، بۆیە بڕیارمدا دەست بە گۆرانیگوتن بکەم.

**ڕووداو: هەڵکەوت زاهیر بەدوای تۆدا گەڕا، یان بە پێچەوانەوە؟**

**نەدا:** من داوام لە مامۆستا هەڵکەوت زاهیر کرد کە حەزدەکەم گۆرانی بڵێم، ئەویش سروودێکی کوردی بۆ ئامادەکردم و پێشکەشی کردم.

**ڕووداو: بۆچی بە گۆرانیی کوردی دەستت پێکرد؟**

**نەدا:** من بەڕاستی زمانی کوردیم زۆر زۆر خۆشدەوێت، فەرهەنگ و کولتووری کوردیم زۆر لا جوان بوو، بەتایبەتی جلی کوردی، زۆر شەیدای ئەو ستایلەی جلی کوردیم. دواتریش من لە کوردستان دەژیم و چاکە و پیاوەتی و نەبەردیی ئەم گەلەم لەبەرچاوە، هەر بۆیە وەک وەفایەک بەرامبەر ئەو میواندۆستییەی خەڵکی کوردستان، ئەم سروودەم پێشکەشکردن. ئەوەی کە سەرەتای کاری گۆرانیگوتنی من بە زمانی کوردی بووە، شانازییەکی زۆر گەورەیە بۆ من.

**ڕووداو: ئەو سروودەی لەسەر شەهیدانی کوردستانت گوتووە، لە ئێران کێشەت بۆ دروست ناکات؟**

**نەدا:** نەخێر، چونکە هیچ پەیامێکی سیاسی تێدا نەبوو تاوەکو لە ئێران تووشی کێشەم بکات، پاشان ئەو سروودە پەیامی من بووە بۆ داعش، کاتێک بینیم ڕۆژانە پێشمەرگە شەهید دەبن، ئەوە زۆر کاریگەری هەبوو لەسەرم، ئەم سروودەش وەک وەڵامدانەیەک بوو بۆ داعش و کارە نائینسانیەکانی ئەوان.

**ڕووداو: دوای دەرکەوتنت لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر، وا بڵاوکرایەوە کە بوویتە هۆی تێکدانی نێوانی هەڵکەوت زاهیر و لۆکە زاهیر؟**

**نەدا:** نەخێر، شتی وانییە. بە پێچەوانەوە من و لۆکە پەیوەندیمان زۆر باشە و زۆریشم خۆشدەوێت. لە هەموو کۆمەڵگایەک پڕوپاگەندەی وا بڵاودەکرێتەوە. دواتر پەیوەندی نێوان من مامۆستا هەڵکەوت تەنیا کاری هونەرییە. هەڵکەوت زاهیر خۆ هەر کاری بۆ من نەکردووە، بۆ زۆربەی هونەرمەندانی کردووە و هیچ کێشەیەکیش نەبووە، بەپێی زانیاری منیش تاوەکو ئێستا مامۆستا هەڵکەوت پەیوەندی هەر لەگەڵ لۆکە ماوە.

**ڕووداو: دەنگی لۆکەت پێ چۆنە؟**

**نەدا:** بەڕاستی یەکەمجار کە لۆکەم بینی زۆر خۆشحاڵ بووم، دەنگی زۆر خۆشە و کچێکی جوان و قەشەنگە، زۆریشم خۆشدەوێ.

**ڕووداو: پێتوایە بتوانی شوێنی لۆکە بگریتەوە و وەکو ئەو بەناوبانگ بیت؟**

**نەدا:** هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە خۆم لە خەڵکی دیکە بەباشتر بزانم، یان خۆم بە خەڵکی دیکە بەراورد بکەم. بەڵکو دەمەوێت وەک نەدا بناسرێم و نامەوێت جێی کەسیش بگرمەوە. حەز دەکەم بەناوبانگ بم، بەڵام لەسەر حسابی خەڵکی دیکە نا.

**ڕووداو: کاردانەوەی خەڵک دوای بڵاوبوونەوەی یەکەم کلیپت چۆن بوو؟**

**نەدا:** من ئەم کارەم وەک ئەرکی سەرشانی خۆم کردووە، نەک بۆ دەستخۆشی و پێداهەڵگوتن. ئەو کەسانەی من بینیومن، زۆرباش باسی دەکەن. هەرچەندە ئەم سروودە بە زمانی خۆم نەبوو، بەڵام کوردەکانی هاوڕێم دەڵێن زۆر باش بە کوردی گۆرانییەکەم گوتووە. تاوەکو ئەم سروودەم لەبەر کرد دەیانجار گریام، چونکە ئاسان نەبوو بەزمانێک گۆرانی بڵێیت کە زمانی دایکت نەبێت، زۆر بە زەحمەت فێری وشەکان بووم.

**ڕووداو: شارەزاییت لە میوزیک و گۆرانیی کوردیدا هەیە؟**

**نەدا:** پێشتر کە لە ئێران بووم زۆر شارەزای گۆرانی و فەرهەنگی کوردی نەبووم، بەڵام لە زانکۆ کوردێکی خەڵکی سنەم لەگەڵ بوو، ئەو کاتەی بە کوردی قسەی لەگەڵ خێزانەکەی دەکرد زۆر حەزم لە زمانی کوردی کرد، لەگەڵ ئەویش گوێم لە گۆرانی کوردی دەبوو، بۆیە گەلێک عاشقی گۆرانی کوردی بووم، بەتایبەتی ئەو گۆرانیانەی لەسەر ڕیتمی شادن و هەڵپەڕکێی لەگەڵ دەکرێت.

**ڕووداو: واز لە مۆدیل و دیزایت دێنی؟**

**نەدا:** زۆر حەزم لە کاری مۆدێل و نمایشی جلوبەرگە، بەڵام هەست دەکەم لە کوردستان زۆر گرنگی بە نمایشی جلوبەرگ و دیزاین و مۆدێل نادرێت. ئەگەر ئەو کارە هەبێت بێگومان زۆر حەزی لێدەکەم، ئێستاش بێ دوودڵی دەیکەم. هەرچەندە من ئێستا زۆر سەرقاڵی گۆرانی تۆمارکردنم، کاتم نییە بۆ بەشەکانی دیکە، بەڵام هەر ئامادەم بۆ ئەو کارە.

**ڕووداو: داوات لێ نەکراوە بەشداری فیلم بکەیت؟**

**نەدا:** بەڵێ زۆر دەقم پێشکەشکراوە، بەڵام من خۆم ڕەتمکردۆتەوە، هەندێکیانم بەدڵ نەبووە و هەندێکیان لەبەر نەبوونی کات نەمتوانی بەشداری بکەم. هەڵبەتە من لە چەندین فیلمی فارسی بەشداریم کردووە و ڕۆڵی باشم هەبووە.

**ڕووداو: شووت کردووە؟**

**نەدا:** نەخێر، بیریشم لێ نەکردووەتەوە. من بەڕاستی شووم بە هونەر کردووە و تەنیا بیر لە هونەر دەکەمەوە، کاتم نییە بۆ شووکردن.

**ڕووداو: جوانیت لێرە هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەکردووی؟**

**نەدا:** برادەرێکم هەبوو لە فەرەنسا دەیگوت ڕۆژێک دادێت جوانییەکەت کێشەت بۆ دروست دەکات، بەڵێ بێگومان هەندێجار جوانی کۆت و بەندت دەکات، ناتوانی بە ئازادی لەگەڵ هەموو خەڵکێک هاتوچۆ بکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا قسەو قسەڵۆکت بۆ دروست دەکەن بەبێ ئەوەی تۆ ئاگات لێ بێت، بۆیە من زۆر بە کەمی دەچمە دەرەوە.




شاری دایك
بەشداربە لە بەرزترین و ناوازەترین شوێنی
گەشتیاری و نیشتەجێبون
شاری دایك
SHARI DAIK
bareaz
GROUP COMPANY
ڤێلاکانی شاری دایك
شوقەکانی شاری دایك
www.Bareazgroup.com
/bareaz Group
0750 112 0090
0770 365 0090
ناونیشان
سلێمانی | بناری گۆیژە


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
بەخێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
Cihan Construction
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131

ڕووداو ژنان
ژمارە (356) دووشەممە 2015/4/27

### لە خورماتوو ژنێک خۆی دەسووتێنێت



**ڕووداو- خورماتوو**

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی قەزای خورماتوو بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئێوارەی ڕۆژی 2015/4/24 لەگەڕەکی عەسرییەی شارۆچکەکەیان ژنێک خۆی سووتاندووە. ئەو سەرچاوەیە گوتی "هەرچەندە هێشتا لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە، بەڵام ڕەنگە بەهۆی کێشەی خێزانییەوە خۆی سووتاند بێت، تاوەکو ئێستاش کەس لەسەر ئەم ڕووداوە دەستگیرنەکراوە". بەپێی زانیارییەکان ئەو ژنە تەمەنی 23 ساڵ بووە و منداڵێکیشی هەیە، پۆلیس دەڵێت ئەمساڵ ئەوە یەکەمین حاڵەتی خۆسووتاندنی ژنانە لە قەزاکەیان.

# زەیتوون سووتا یان خۆی سووتاند؟



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

ژنێکی تەمەن 22 ساڵ لە گوندێکی دەڤەری بیتوێن لە ماڵەکەی خۆیدا دەسووتێ، کەسوکاری دەڵێن بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی سووتاندووە، بەڵام پۆلیس دەڵێت ژنەکە سووتاوە، ڕەنگە ئەمە یەکەم حاڵەتی لەو شێوەیە بێت کە پۆلیس گومان لە سووتانی ژنێک نەکات.

ڕۆژی 2015/4/20 ژنێکی تەمەن 22 ساڵ بەناوی زەیتوون عەبدوڵڵا برایم، دانیشتووی گوندی کلاسوورانی سەر بە ناحیەی چوارقوڕنە لە نێو ماڵەکەی خۆیدا سووتا. زەیتوون ڕۆژێک لە نەخۆشخانە مایەوە و بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی گیانی سپارد.

سووتانی ئەو ژنە قسەی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێنا، کەسوکاری ژنەکە دەڵێن خۆی سووتاندووە، بەڵام پۆلیس و کەسوکاری مێردی ژنەکە دەڵێن سووتاوە.

### تاوەکو نەمرد ئاگاداریان نەکردەوە

گومانێکی زۆر بۆ کەسوکاری زەیتوون دروستبووە لەوەی بەهۆی خراپیی مامەڵەی کەسوکاری مێردەکەی خۆی سووتاندبێ. دایکی زەیتوون دەپرسێت "کچەکەم شەو و ڕۆژێک بوو سووتابوو، بۆچی تاوەکو نەمرد ئاگاداریان نەکردینەوە؟".

خەیاڵ نەبی وسو 65 ساڵ کە لە پرسەی کچەکەی دانیشتبوو، گوتی "کچەکەم کەمێک لەسەر بوو، زوو زوو هەڵدەچوو، بەڵام هەرگیز باسی خۆکوشتن و خۆسووتاندنی نەکردووە".

خەیاڵ گلەیی لە کەسوکاری مێردی زەیتوون هەیە کە زۆر درەنگ لە ڕووداوەکە ئاگاداریان کردووەتەوە. گوتیشی کە لەدوای تەواوبوونی پرسەکەی بەدوای ڕووداوەکەدا دەچن "خەتای هەر کەسێکی تێدابێت، من وەکو دایکی زەیتوون داوای لەسەر تۆمار دەکەم".

خەیاڵ دەڵێت کە کچەکەی لەلای مێردەکەی لە ژیانێکی ناخۆشدا بووە "خەسووی زۆر لەگەڵی خراپ بوو، پێشتر لە ماڵ دەریکردبوو بەبێ ئەوەی کێشەی لەگەڵ مێردەکەی هەبێت، زانیومە سێ جار مێردەکەی و کەسوکاری مێردەکەی لێیان داوە".

گریان قسەی بە خەیاڵ بڕی، پاشان بەردەوام بوو لە قسەکانی و گوتی "زەیتوون ئەو ڕۆژە تاوەکو ئێوارە نانی بۆ ماڵی خەسووی کردبوو، بەڵام بەو حاڵەش لەگەڵ کچەکەم خراپ بوون. کاتێکیش سووتابوو، تاوەکو نەمرد نەیانهێشت ئێمە بزانین، ئەوەش گومانی لەلای ئێمە دروستکردووە".

ئامان تۆفیق کە خاڵۆژنی زەیتوونە، باسی ژیانی زەیتوونی کرد و گوتی "دوو ساڵە هاوسەرگیری کردووە، نەهاتووە بۆ ماڵمان، پێمواية دڵپیسییان لێدەکرد، بۆیە نەیاندەهێشت سەردانی خزم و کەسوکاری بکات. کە چووینە سەر تەرمەکەی لە خەزووریم پرسی، ئەویش گوتی: خۆی سووتاند. گوتم بۆچی خۆی سووتاند؟ بەڵام وەڵامی نەدایەوە".

ژنێکی بەتەمەن لەپرسەکە دانیشتبوو، دەستەکانی بەرز کردبوونەوە و دوعای دەکرد، ئەو دەیگوت "مەرگی زەیتوون لە ئەستۆی هەموویانە و پێویستە حەقی بستێندرێت، چونکە زەیتوون بێ تاوان بوو".

تاوەکو ئێستا کەس لەسەر زەیتوون دەستگیرنەکراوە و کەسیش سکاڵای تۆمار نەکردووە. دلاوەر کە ئامۆزای زەیتوونە، لەبارەی تۆمارنەکردنی سکاڵا لەسەر کەسوکاری مێردی زەیتوون، لە کاتێکدا ئەوان بە هۆکاری خۆسووتاندنی کچەکەیانی دەزانن، گوتی "ڕاستە ئامۆزاکەم خۆی سووتاندووە، بەڵام نازانین خەتابار بووە یان نا، دواتریش باوەڕ ناکەم لەسەر ئەو ڕووداوە کەسمان سکاڵا تۆمار بکات، چونکە نامانەوێت کێشە لە نێوان دوو بنەماڵە دروست بێ و هەر شتێک هەبێت، دەتوانین بە ڕێگەی عەشایری لە نێوان خۆمان چارەسەری بکەین".

کەسوکاری مێردی زەیتوون هەموو ئەو قسانە ڕەتدەکەنەوە کە لەبارەی خۆسووتاندنی ئەو ژنەوە دەگوترێن. کەسێکی نزیک لە مێردی زەیتوون کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "لەو کاتەدا زەیتوون بەتەنیا لەماڵەوە بووە و بە پەرەمێز نانی بۆ خەسووی کردووە، دواتر گڕی پەرەمێزەکە زیادی کردووە و بەو هۆیەشەوە سووتاوە".

ئەو کەسە ڕەتیکردەوە کە زەیتوون کێشەی لەگەڵ خەسووی یان هاوسەرەکەی هەبووبێت و گوتی "مێردەکەی پێشمەرگەیە و لە کاتی ڕووداوەکە لە ماڵ نەبووە، هیچ کێشەیەک لە نێوانیاندا نەبووە، بە خواستی خۆیان هاوسەرگیرییان کردووە و یەکدییان زۆر خۆشدەویست، لەگەڵ کەسوکارەکەشی هیچ کێشەی نەبوو، ئێستا ماڵە خەزوورانی بڕیاریان داوە دوای خۆی منداڵەکەی بۆ بەخێو بکەن".

موقەدەمی پۆلیس حەسەن حاجی ڕەشید، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ڕانیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زەیتوون ڕێژەی سووتانەکەی زۆر بوو، بۆیە هەر زوو بەڕێکرا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا لە هەولێر، بەڵام دوای یەک ڕۆژ لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا".

سەبارەت بەهۆکاری سووتانی ئەو ژنە، حەسەن حاجی ڕەشید گوتی "پۆلیس لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکات، بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەو ژنە لە کاتی نانکردن بە گڕی پەرەمێز سووتاوە، هەر بۆیەش کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە و کەسیش بەو هۆیەوە دەستگیر نەکراوە".

هەر ڕۆژێک دوای سووتانی زەیتوون، لە گوندێکی سەر بە ناحیەی سەرکەپکان کچێک دوو گوللەی بەرکەوت و ئێستا لە نەخۆشخانە لەژێر چاودێری پزیشکدایە.

حەسەن حاجی ڕەشید زانیاری لەبارەی دۆسیەی ئەو کچە بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "ئەم کچە ناوی دالیا حەمەدە و تەمەنی 19 ساڵە. دانیشتووی گوندی شەکەڵەی سەر بە ناحیەی سەرکەپکانە، لە نێو ماڵەکەی خۆیدا دوو فیشەکی بەرکەوتووە، دواتر گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانە و نەشتەرگەری بۆ کراوە".

ئەو ئەفسەرەی پۆلیس ڕەتیکردەوە کەس فیشەکی لەو کچە دابێت و گوتی "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەو کچە دەستکاری چەکی کردووە و دوو گوللە لە کلاشینکۆفەکە دەرچووە و برینداری کردووە، بەڵام پۆلیس بەردەوامە لە لێکۆڵینەوە".

دهۆک یەکەمە

# لە کوردستان ڕۆژانە 4 ژن دەسووتێن



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئامارەکانی تایبەت بە سووتانی ژنان جێی دڵخۆشی نین، چونکە بەپێی ئاماری نەخۆشخانەکان سووتانی ژنان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە و ڕۆژانە لانیکەم چوار ژن دەسووتێن یان خۆیان دەسووتێنن.

ئەوەی جێی سەرنجە، زۆرترین حاڵەتەکانی سووتان لە سنووری پارێزگای دهۆک تۆمارکراون و کەمترینیش لە پارێزگای سلێمانی بووە.

بەپێی ئەو ئامارانەی (ڕووداو) لە نەخۆشخانەکان وەریگرتوون، لە ماوەی سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 386 ژن سووتاون یان خۆیان سووتاندووە. 57 لەو ژنانە بەو هۆیەوە گیانیان سپاردووە. زۆرترین ژنیش لە سنووری پارێزگای دهۆک سووتاون کە ژمارەیان 195 ژن بووە.

وەها دیارە، ئەو کۆنفرانس و سیمینار و چالاکیانەی لەلایەن چالاکڤانان و ڕێکخراوەکانی ژنانەوە دەکرێن، نەبوونە هۆکاری کەمکردنەوەی ڕێژەی خۆسووتاندنی ژنان.

### دهۆک یەکەمە

هەرچەندە پارێزگای دهۆک لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی کەمترە، بەڵام بەپێی ئامارەکانی چەند نەخۆشخانەیەکی سنووری پارێزگای دهۆک، دەرکەوتووە لەماوەی ئەو 3 مانگەدا (195) ئافرەت سووتاون، کە 25یان مردوون.

دکتۆر ئاری حەبیب، بەرپرسی بەشی فێرکردنی پزیشکیی بەردەوام لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دهۆک ئەو ژمارەیە بۆ پارێزگایەکی وەک دهۆک بە زۆر دەزانێ و پێیوایە زۆربەی ئەو حاڵەتانەش خۆسووتاندنن، بەڵام وەک ئەو گوتی "هەم ژنان و کەسوکاریشیان لەکاتی خۆسووتاندنی ژنەکاندا دان بەوەدا نانێن کە حاڵەتەکە خۆسووتاندنە، بەڵکو هەر دەڵێن سووتاوە".

### 140 حاڵەت لە هەولێر

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستیی هەولێر، لەو 3 مانگەدا نزیکەی 140 ژن سووتاون و 22 لەوانە گیانیان سپاردووە.

ڕەنگە بارودۆخی سووتانی ژنان لە شاری هەولێری پایتەخت جیاوازتر بێ. فاخیر کرمانجی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی تەندروستی هەولێر بە (ڕووداو) گوت لە سنووری شاری هەولێر ژنان زیاتر دەسووتێن، نەوەک خۆیان بسووتێنن، بەڵام لە قەزا و ناحیەکانی هەولێر حاڵەتی خۆسووتاندنی ژنان زۆرترە "ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەو فشارە کۆمەڵایەتی و دەروونیانەی لەسەر ژنان لە قەزا و ناحیەکاندا هەیە".

### سلێمانی کەمترینە

بەڵام بەپێی ئەو ئامارەی لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی سلێمانی دراوەتە (ڕووداو)، دەرکەوتووە کەمترین ڕێژەی سووتانی ژنان لە سلێمانی بووە.

بەپێی ئاماری ئەو نەخۆشخانەیە، لە ماوەی ئەو 3 مانگەدا 51 ژن سووتاون، 10 لەو ژنە سووتاوانە مردوون کە 3 یان ئاوارەی سووریا و عێراق بوون.

دکتۆر شاخەوان سائیب، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی سلێمانی لەبارەی هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو ژنانە دەڵێت "هۆکاری ڕاستەقینەی سووتانی ژنان لای ئێمە دەرناکەوێ، چونکە هیچ ئافرەتێک ناڵێت خۆم سووتاندووە، ئەگەریش خۆی سووتاندبێت، بیانوویەک بۆ سووتانەکەی دێنێتەوە، بەڵام ئێمە لەڕێگەی شێواز و ڕێژەی سووتانەکەوە بۆمان دەردەکەوێ ئاخۆ ئەو ئافرەتە سووتاوە یان خۆی سووتاندووە، بەڵام دواجار دانپێدانانی نەخۆشەکەش فەرمییە کە ئایا خۆی سووتاندووە یاخود سووتاوە".

### جیاوازییان زۆرە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان مانگانە ئامارەکانی توندوتیژی لە سەرجەم قەزا و سەنتەری شارەکان کۆدەکاتەوە و لە ماڵپەڕەکەیان بڵاوی دەکاتەوە، بەڵام ئاماری نەخۆشخانەکان لەبارەی سووتانی ژنان جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئامارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان 92 ژن سووتاون (58 سووتان و 34 خۆسووتاندن). هەروەها بە درێژایی ساڵی ڕابردوو 294 ژن سووتابوون (197 سووتان و 97 خۆسووتاندن). ئەم ژمارەیەش بە بەراورد لەگەڵ ئاماری نەخۆشخانەکان زۆر کەمترە کە وا دەردەخەن تەنیا لە ماوەی سێ مانگدا 389 حاڵەتی سووتانی ژنان لە نەخۆشخانەکان تۆمارکراون.

### ژنان قسەی ڕاست ناکەن

لەیلا عەبدوڵڵا توێژەری کۆمەڵایەتی کە لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی سووتانی ژنانە، چەند پاڵنەرێکی باسکرد کە دەبنە فشار لەسەر ژنان تا وای لێدەکەن پەنا بۆ خۆسووتاندن ببات، لەوانەش خراپی لایەنی ئابووری کە لەنێو خێزانەکەیدا تاڕادەیەک کەمدەرامەتن و لەوەوە کێشەی خێزانی و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە و دواجار ژنەکە پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبات.

هەروەها بەشێک لەو ژنانەش کاتێک دەڕۆنە نێو ژیانی هاوسەرگیرییەوە تەمەنیان منداڵە و ناتوانن هەڵسوکەوتی دەوروبەریان قبوڵ بکەن و لەگەڵ دروستبوونی هەر کێشەیەک خۆیان دەسووتێنن.

بەبڕوای ئەو توێژەرە ئەستەمە ژنان دان بەوەدا بنێن کە خۆیان سووتاندووە، تەنانەت لە نەخۆشخانەش لە کاتێکدا دەزانن گیان لەدەستدەدەن، بەڵام دان بەو ڕاستییەدا نانێن کە خۆیان سووتاندووە، بەڵکو هەر دەڵێن بە نەوت یان غاز سووتاون.

رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (356) دووشەممە 2015/4/27

## کارەبا کرێکارێک دەکوژێ



**رووداو- سلێمانی**

لەکاتی کارکردنی کرێکارێک لەسەر پڕۆژەیەک، تەزووی کارەبا دەکەوێتە سەر ئەسکەلەکەی و دەیگرێت، بەو هۆیەوە گیان لەدەست دەدات. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بە (رووداو)ی رایگەیاند سەر لەبەیانی رۆژی 2015/4/26 کرێکارێک کە خەریکی لەبغکردن بوو لە پڕۆژەیەک لەنزیک بەنزینخانەی رزگاری کارەبا کەوتووەتە سەر ئەسکەلەکەی و بەو هۆیەشەوە گیانی لەدەستداوە. کرێکارەکە تەمەنی 50 ساڵ بووە و دانیشتووی گەڕەکی زێڕینۆکی شاری سلێمانی بووە. بەپێی ئاماری سەندیکای کرێکارانی بیناسازی کوردستان، ئەمساڵ 7 کرێکار لە شوێنی کارەکەیان گیانیان لەدەستداوە.

# ماددە "زۆر مەترسیدار"ەکە لە کوردستان تەشەنە دەکات

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**



بەرپرسێکی ئاسایش لەشاری سلێمانی، هۆشداری دەدات لە زیادبوونی ماددەیەکی هۆشبەری "زۆر مەترسیدار" و دەڵێت زانیارییان هەیە کە چەکدارانی داعشیش ئەو ماددەیە بەکاردێنن. هەروەها دەڵێت بەکارهێنەرانی ئەو ماددەیە، ئەنجامدانی تاوانی کوشتنیان لەلا ئاسایی دەبێت.

بەپێی ئامارێکی ئاسایشی سلێمانی، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو 21ی ئەم مانگە، 41 کەس بە تۆمەتی بازرگانی و کێشانی ماددەی هۆشبەر لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەستگیرکراون کە خەڵکی ناوەوە و دەرەوەی کوردستانن و زۆربەشیان گەنجن.

هەر لەو ماوەیەدا دەستیشیان بەسەر زیاتر لە 60 کلیۆ ماددەی هۆشبەردا گرتووە، لە نێو ئەو ماددانەی دەستیان بەسەردا گیراوە جگە لە تریاک و حەشیش، ماددەیەکی مەترسیداری وەکو "شیشە" هەیە.

بەرپرسانی ماددەی هۆشبەر هۆشداری دەدەن کە ساڵانە رێژەی بازرگانی و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان روو لەزیادبوونن، بەبۆچوونی توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، هەرچەندە لەکوردستان هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەو بنەبڕکردنی ئەو ماددەیە بەردەوامە، بەڵام پێشنیازیش دەکات کە حکومەت بودجەیەکی تایبەتی بۆ بنەبڕکردنی تەرخان بکات.

### رێژەکە بەرزبووەتەوە

عەمید جەلال ئەمین، بەڕێوەبەری بەشی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند کە رێژەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان زیادی کردووە، بەتایبەتیش جۆری "شیشە" کە یەکێکە لەماددە هەرە مەترسیدارەکان "ئەو ماددەیە زۆر مەترسیدارە، چونکە هەر لەنێو تاقیگەی پزیشکی دروست دەکرێ و کاریگەری زۆر زیاترە لە ماددەکانی دیکە، ئەو کەسانەی بەکاریدێنن زۆرجار تاوانی وەکو کوشتن ئەنجام دەدەن. تەنانەت چەکدارانی داعشیش ئەوە بەکاردێنن".

ماددەی شیشە لە ئەنجامی تێکەڵکردنی چەند جۆرە حەبێک لە تاقیگە پزیشکییەکان ئامادە دەکرێ. بەپێی زانیارییەکان شاری سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئامادەکردنی ئەم ماددەیە بە پلەی یەکەم دێت. زۆربەی کەرەستە خاوەکانیشیان بە قاچاخ لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ دەچێت.

(ماڵ و شوێنە گشتییەکان و گازینۆکان)

ئەو شوێنانەن کە لەلایەن ئاسایشەوە بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکانی تێدا دەستگیرکراوە. بە بۆچوونی بەرپرسەکەی ئاسایش کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بێکاری هۆکارە سەرەکییەکانی زیادبوونی رێژەی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەرن. هەروەها هەندێ لە کارمەندانی کۆمپانیا بیانییەکان کە هاتوونەتە کوردستان و لە وڵاتی خۆیان ئەم جۆرە ماددانە دەکێشن، لێرە خەڵکی کوردستان فێر دەکەن.

عەمید جەلال گوتی "ساڵانە رێژەی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان زیاد دەکات"، گوتیشی "جاران دوژمنەکانمان لە رێگەی چەکی کیمیاییەوە لەناویان دەبردین، بەڵام ئێستا لە رێگەی ماددەی هۆشبەرەوە لەنێومان دەبەن".

### 38 تاوانبار لەچاکسازین

ئاماری سزادراوانی ئەمساڵی ماددە هۆشبەرەکان جیاوازە لە ئامارەکەی ئاسایش. عەقید بارزان عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری چاکسازیی گەورانی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت، لەسەرەتای ئەمساڵەوە هەتا (31ی ئادار) 38 کەس لەسەر تاوانەکانی تایبەت بە ماددەی هۆشبەر رەوانەی چاکسازییەکەیان کراون کە 2یان بازرگانن و 36ی دیکەشیان ئەو ماددەیەیان کێشاوە.

### بودجەی تایبەتی دەوێ

توێژەرانی کۆمەڵایەتی کۆکن لەگەڵ بۆچوونی بەرپرسانی ئاسایش لەبارەی زیادبوونی رێژەی بازرگانی و بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر، بەڵام ئەوان پێشنیازیشیان بۆ کەمکردنەوەو بنبڕکردنی هەیە.

هێمن عەبدولقادر، توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت بازرگانی و کێشانی ماددە هۆشبەرەکان بووەتە دیاردەیەکی جیهانی، هەرچەندە لەوڵاتانی پێشکەوتوو تەکنیکی نوێ بۆ رووبەڕووبونەوەی هاتووەتە ئاراوە.

بەهۆی خراپبوونی بارودۆخی سیاسی عێراقەوە، ئێستا هەرێمی کوردستان بووەتە لانەیەکی ئارام بۆ سەتان هەزار ئاوارەو پەنابەر. بەبڕوای هێمن هاتنی ئەو ژمارە زۆرە لە ئاوارە و پەنابەری وڵاتانی دیکە، هۆکاری زۆربوونی ماددەی هۆشبەرن.

هێمن پێشنیاز بۆ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە بودجەیەکی تایبەت بۆ بنبڕکردنی ماددەی هۆشبەر تەرخان بکات "لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ بنبڕکردنی دەکرێ، بەڵام بێگومان پێویستی بەپلانی تۆکمەتر هەیە، لەوانەش تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆی و زیادکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کار دەکەن".

بەڕێوەبەری بەشی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانیش لە ئاسایشی سلێمانی دەڵێت هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ بنبڕکردنی بازرگانی و بەکارهێنانی ئەو ماددەیە، ئەویش بە سازدانی سیمینار بۆ ناوەندەکانی خوێندن.



**ژیلەمۆ عەبدولقادر***

## لە ترسی دایکیان نەدەچوونەوە

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر پەیوەندی پێوەکردین و گوتی دوو قوتابی قوتابخانەکەیان دەڵێن لە ترسی دایکیان ناوێرن بچنەوەماڵەوە.

لە برگەی 3، مادەی 2ی یاسای ژمارە 8ی ساڵی 2011دا کە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ناسراوە، هاتووە "پێویستە لەسەر کارمەندانی بواری تەندروستی و پەروەردە و بنکە فەرمییەکان، بۆ هاوکاریکردنی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی، لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکەنەوە". لەسەر ئەو بنچینەیە ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە ئەم زانیارییەی پێداین.

منداڵەکان یەکێکیان تەمەنی لە سەرووی 10 ساڵەوە بوو، کاتێک قسەیان لەگەڵ کرا گوتیان دایک و باوکیان لێک جیابوونەتەوە، ئەوان لەلای دایکیانن لە ماڵی باپیریان. منداڵەکان هەروەها گوتیان دایکیان هەموو رۆژێک لێیان دەدات و قسەیان پێدەڵێت و خاڵەکانیشیان لەگەڵیان خراپن، بۆیە بەهیچ جۆرێک ئامادە نین بگەڕێنەوە ماڵی باپیریان.

کاتێک بانگی ژنەکە کرا، بڕیارێکی دادگای لەگەڵ خۆی هێنابوو کە بەپێی بڕیارەکە ئەو ژنە مافی بەخێوکردنی منداڵەکانی پێدراوە و نابێت ئەو منداڵانە بگەڕێنەوە لای باوکیان. ئەو ژنە گوتی "راستە من لە ماڵی باوکمم، خاڵی منداڵەکانیش گەنجن و رەنگە لە منداڵەکان تووڕە ببن، بەڵام بەهیچ شێوەیەک حەز ناکەم بگەڕێنەوە لای باوکیان".

کاتێکیش باوکیان بانگ کرا، باوکەکە لاریی نەبوو لەوەی منداڵەکان وەربگرێت و گوتی من ساڵێکە خەرجییان دەکێشم کە لەلای دایکیانن، دەمزانی منداڵەکانم وەزعیان باش نییە، بەڵام قسەم نەدەکرد. ئێستاش کە منداڵەکان دەیانەوێت بگەڕێنەوە لای من، من بەڵێنیان پێدەدەم ژیانیان بپارێزم و بەهیچ شێوەیەک ئازاریان نەدەم.

دۆسیەی دوو منداڵەکە رەوانەی دادگای لێکۆڵینەوەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی کرا، دادوەر بڕیاری دا منداڵەکان لەلای باپیریان بن، وەکو کەسی سێیەم. تاوەکو باوکەکە لە رێگای دادگای باری کەسی داوای لێسەندنەوەی دایەنەکەی دەکات لە دایکیان، ئەمەش دوای ئەوەی بۆ دادگا روونبووەوە کە ئەم دایکە شایەنی ئەوە نییە ئەم منداڵانە بەخێوبکات.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای باری کەسی، لە برگە 6ی ماددەی 57ی یاساکەدا هاتووە "ئەگەر دایەنێک بە حوکمی دادگا کۆتایی بە دایەنیەکەی هێنرابێت، بۆی هەیە داوای منداڵەکانی لەو کەسە بکاتەوە کە حوکمی وەرگرتنی منداڵەکەی بۆ دراوە، ئەگەر سەلمێنرا کە لەو ماوەیەی منداڵەکانی لەلا بووە زیانی پێگەیاندوون". واتا چ دایک یان باوک، ئەگەر منداڵەکانیان لەلابێت، ئەگەر دەرکەوت زیانیان بە منداڵەکان گەیاندووە، ئەوە بە بڕیاری دادگا لێیان دەسێندرێتەوە.

***موقەدەمی مافپەروەر و بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

خاوەنی دیار نییە

# بەهۆی بۆنکردنەوە تەرمی گەنجێک دەدۆزرێتەوە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

بۆنێکی ناخۆش ئەو رێبوار و شۆفێرانەی هەراسان کردبوو کە بە نزیک پردی قلیاساندا رەت دەبوون، دواتر دەرکەوت بۆنی تەرمی گەنجێکە کە تاوەکو ئێستا خاوەنی دیارنییە، بەهۆی ئەوەی هیچ ناسنامەیەکیشی پێ نییە، نازانرێت کێیە و خەڵکی کوێیە.

رۆژی 2015/4/21 شوفێری ئەو تەنکەرانەی کە لە نزیک پردی قلیاسان ئاو بۆ ماڵان دەبەن، هەست بە بۆنێکی ناخۆش دەکەن و پێیانوابووە بۆنی ئاژەڵێکی مردارەوە بوو یان کەسێک بێت، بۆیە پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە. دوای گەیشتنی تیمەکانی بەڵگەی تاوان و لێکۆڵینەوە بۆ شوێنەکە، دەرکەوت تەرمی کەسێک لەوێ فڕێدراوە کە بە نایلۆن و پەردە پێچراوەتەوە.

ئەو شوێنەی تەرمەکەی لێ دۆزراوەتەوە 100 مەتر لە خوار پردی قلیاسانە کە هەردوو گەڕەکی (سەرچنار و قلیاسان) پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەو خاوەن تانکەرانەی لەو شوێنەدا کار دەکەن، وەک شایەتحاڵ بۆ (رووداو) قسەیان کرد و ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە ماوەی زیاتر لە 20 رۆژ بوو بۆنێکی زۆر ناخۆش و جیاواز لەژێر پردەکەوە دەهات و نەیاندەزانی چییە. سەرەتا وا هەستیان کردبوو کە بۆنی ئاژەڵی مردارەوە بووە، شایەتحاڵێکیان گوتی "نەک هەر ئێمە، کاتێک خەڵکیش بەسەر پردەکەدا هاتوچۆیان دەکرد هەستیان بەو بۆنە دەکرد، بەڵام نەماندەزانی چییە هەتا پۆلیس هاتن و دەرکەوت تەرمی کەسێکە".

### شێوەی تەرمەکە چۆن بووە؟

بەپێی ئەو وەسفانەی لەلایەن پۆلیسی سلێمانییەوە دراونەتە (رووداو)، تەرمەکە هی گەنجێکی کوڕە و تەمەنی نزیکەی 35 ساڵ دەبێ. باڵای نزیکەی مەترێک و 77 سانتیمەتر بووە، قژیشی کەمێک رووتاوەتەوە. هەروەها کاوبۆیەک و تیشێرتێکی رەشی کلاوداری لەبەردابووە.

هەر بەپێی وەسفەکانی پۆلیس، هەردوو قاچی ئەو کەسە هەتا ئەژنۆی و هەردوو دەستەکانیشی گۆشتیان پێوە نەماوە و رزیون. گوێی چەپیشی کەمێک سووتاوە و نووساوەتەوە بەیەکدا و کونێکیش لەسەریدا بووە، بەڵام سەر و سنگی گۆشتی پێوە ماوە و سنگیشی هیچ شوێنەوارێکی پێوە نەبووە.

لەبەر بۆن، توێکاری بۆ نەکراوە

بەهۆی مانەوەی ئەو تەرمە بۆ ماوەیەکی درێژ، پزیشکی داد نەیانتوانی توێکاری بۆ بکەن، هەتا بتوانن وەڵامی پرسیارەکانی پۆلیس بدەنەوە، بەڵکو چەند رۆژێکە لەفێنککەرەوەدا دانراوە.

د.محەممەد نووری لە پەیمانگەی پزیشکی دادی سلێمانی کە تەرمەکەی بینیوە، بە (رووداو)ی راگەیاند بەمەبەستی نەمانی بۆنەکەی تەرمەکەیان خستووەتە نێو فێنککەرەوە و دواتر توێکاری بۆ دەکەن.

ناوبراو گوتی "دوای نەمانی بۆنەکەی، دەبێ وێنەی تیشکی بۆ بگرین و پاشان توێکاری پزیشکی بۆ بکەین، لەوەوە دەگەینە ئەو وەڵامانەی پۆلیس کە چۆن کوژراوە و کەی کوژراوە و بە چی کوژراوە".

ئەوانەی ئەو گەنجەیان کوشتووە، بۆ شاردنەوەی تاوانەکەیان، هەردوو قاچ و دەستی کەسەکەیان بەستووەتەوە و پاشان خستوویانەتە نێو عەرەبانەیەکی منداڵان و دواتریش بەنایلۆن و پەردە پێچاویانەتەوە، پاشانیش بە پەت توند بەستوویانەتەوە و فڕێیانداوە.

بەهۆی نەبوونی هیچ ناسنامەیەک بەو کەسە، پێدەچێ ئەرکی پۆلیس لە دۆزینەوەی بکوژانی، بەراورد بە رووداوەکانی دیکە کەمێک قورستر بێت. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی رایگەیاند، هەتا توێکاریی پزیشکی تەواو نەبێ نازانن ئەو کەسە بەفیشەک یان چەقۆ یان بە خنکاندن کوژراوە.

هەرچەندە شایەتحاڵەکانی نزیک رووداوەکە باسیان لەوە دەکرد کە زیاتر لە 20 رۆژە هەستیان بە بۆنی ئەو تەرمە کردووە، بەڵام گوتەبێژی پۆلیس بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پێشتر لەسەر رووداوی لەو شێوەیە ئەنجامیانداوە، پێیوایە 10 رۆژ بەر لە دۆزینەوەی کوژراوە و گوتی "دوای 10 رۆژ لەکوشتنی هەر کەسێک لاشەکەی بۆن دەکات، چونکە ئەگەر لاشەیەک لە 10 رۆژ زیاتر بمێنێتەوە دەموچاوی تێکدەچێ، بەڵام ئەو تەرمە دەموچاوی تێکنەچووە".



پێچانەوەی ئەو تەرمە لەنێو پەردەدا بەڵگەیەکی دیکەی داوەتە پۆلیس کە پێدەچێ ئەو کەسە لەماڵدا کوژرا بێ، دواتر لەو شوێنەدا فڕێدرابێ و پێش کوشتنیشی، رەنگە ئەشکەنجە درابێ.

### قورسترین رووداو بووە

بەپێی ئاماری هاوبەشی پەیمانگەی پزیشکی دادوەری و لیژنەی سەرقەبرانەکان لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا 9 تەرمی بێ خاوەن لە شاری سلێمانی نێژراون. لە مانگی شوباتی ئەمساڵ چوار تەرمی بێ خاوەن لە پەیمانگەی ناوبراو بوون، بەڵام ئێستا تەنیا ئەو تەرمەی لێیە.

بەپێی یاسای پزیشکی داوەری و توێکاری، هەر تەرمێکی بێ خاوەن دوو مانگ دەهێڵدرێتەوە، ئەگەر خاوەنی نەبوو، لەلایەن شارەوانییەوە دەنێژرێت، بەڵام ئەگەر تەرم زۆر بوو یاخود کارەبا خراپ بوو، ئەوا بە وەرگرتنی رەزامەندیی دادوەر، پێش تەوابوونی دوو مانگەکە بەخاکی دەسپێرن.

گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی دۆزینەوەی ئەو تەرمە بە "قورسترین رووداو"ی ساڵی رابردوو و ئەمساڵیش دەزانێت. پۆلیسی سلێمانی بۆ دۆزینەوەی کەسوکاری کوژراوەکە، لەو رۆژەوەی تەرمەکەیان دۆزیوەتەوە، وێنەکەیان ناردووە بۆ سەرجەم بنکەکانیان، بۆ ئەوەی ئەگەر هەر بنکەیەک رووداوێکی ونبوونی لا تۆمارکرابێ، ئاگاداریان بکەنەوە.

# میسرییەک ساڵانە یەک ملیۆن گوڵ بۆ هەولێر بەرهەمدێنێ

## بەڕێوەبەری ئەندازەی پارک و باخچەکانی شاری هەولێر: ملیار و نیوێک دینارمان بۆ بودجەی حکومەت گەڕاندووەتەوە

**کارزان حەیدەر**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری ئەندازەی پارک و باخچەکانی شاری هەولێر دەڵێت ساڵانە یەک ملیۆن گوڵی جۆراوجۆر و 200 هەزار دار بەرهەمدێنن. دەشڵێت هەر کەسێک دارێکیان لێ بشکێنێت، سێ داری پێ دەکڕنەوە.

نەمامگەیەکی گەورە لە هەولێر کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارک و باخچەکانە و کەوتووەتە نزیک هەردوو پارکی شانەدەر و منارە، بەسەدان هەزار گوڵ و داری لێ بەرهەم دەهێنرێت. ئەوەی کاری بەرهەمهێنانی ئەو گوڵ و دارانەش دەکات، پیاوێکی میسرییە کە بە ئەحمەد میسری بانگ دەکرێت.

ئەحمەد 20 ساڵە لە هەولێر دەژیت.

ئەحمەد میسری بەرلەوەی نەمامی گوڵەکان بچێنێ، چەند نەمامێک وەکو تێست دەچێنێ بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە لەوەی ئەو جۆرە نەمامە بۆ کەشوهەواو خاکی هەولێر گونجاوە، دواتر کە سەرکەوتوو بوو، بەسەدان نەمامی ئەو گوڵە دەچێنێت و بەرهەمیان دێنێ، دوای گەورەبوونیان لە شەقام و پارکەکان دەیانچێنن.

ئەندازیار نزار عەلی، بەڕێوەبەری ئەندازەی پارک و باخچەکانی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "دوو ساڵ پێشتر بەشێوەی تەندەر گوڵمان دەهێنایە هەولێر و دەمانچاند، گوڵەکانیش وەرزی بوون، هەر وەرزێک کە کۆتایی دەهات، دەبووایە بۆ وەرزی دواتر دیسان گوڵ بێنین، زۆربەی ئەو گوڵانە لە تورکیاوە دەهاتن، بەڵام کە باری ئابووریی هەرێمی کوردستان گۆڕا و بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە بڕدرا، بڕیارماندا ئێمە نەوەستین و دەست بە بەرهەمهێنانی گوڵ بکەین لەناوخۆدا، بۆیە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوو بۆ ئێستا توانیومانە یەک ملیۆن گوڵی جۆراوجۆری وەرزی و 200 هەزار داری دەوەنی دەدۆنیا بەرهەمبێنین کە هەندێکیان یەکەمجارە لە عێراق و کوردستان بەرهەم دەهێنرێن".

بەڕێوەبەری ئەندازەو پارکەکانی هەولێر هەروەها گوتی "گوڵی سێ وەرز بەرهەمدێنین، گوڵی وەرزی زستان و بەهار بەیەکەوە، چونکە تەمەنیان نزیکە لە یەکتر. گوڵی پایزی و گوڵی هاوینی. جگە لە سەدان هەزار دار کە لە هەمان نەمامگە بەرهەمی دێنین، هەموو ئەو گوڵ و نەمام و دارانەش کە ئێستا لەسەر شەقام و پارک و شوێنە سەوزەکانی هەولێر دەبینرێن، بەرهەمی نەمامگەکەی ئەندازە و پارکەکانی هەولێرە".

بەقسەی بەڕێوەبەری ئەندازە و پارکەکان، ئەم نەمامگە ناوخۆییە خەرجی ئەوانیشی کەمکردووەتەوە و گوتی "لە هەر گۆلێکدا 20 گوڵ دەچێنین، پێشتر گۆلێک 30 هەزار دیناری تێدەچوو، بەڵام ئێستا 5 هەزار دیناری تێدەچێت".

ناوبراو گوتیشی "بەهۆی بەرهەمی خۆماڵی توانیومانە نزیکەی ملیار و نیوێک دینار بگەڕێنینەوە بۆ بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە لە ماوەی دوو ساڵدا، جارێکیان بایی 850 ملیۆن دینار و جارێکی دیکەش بایی 900 ملیۆن دینار گوڵ لە دەرەوە کڕدراوە".

بەڕێوەبەری ئەندازەی پارک و باخچەکان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئێستا خەڵک حەزی زۆریان بۆ گوڵ هەیە و بۆ گوڵ چاندن چاو لە ئەندازەی پارکەکان دەکەن و لەسەر شێوازی ئەوان گوڵ لە ماڵ دەچێنن، بەتایبەت ئەو گوڵانەی لەنێو گوڵدان دەچێنرێن.

زوو زوو دارەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەندازە و پارکەکان لە نێو شەقامەکاندا دەکەونە بەر ڕەحمەتی تیژڕەویی شوفێران و دەشکێنرێن. بەڕێوەبەری ئەندازەی پارک و باخچەکانی هەولێر لەبارەی سزادانی ئەو شوفێرانەوە گوتی "لیژنەی قەرەبووکردنەوەمان داناوە بۆ ئەو دارانەی لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆدا دەشکێن، بۆ ئەوەش هەر شوفێرێک خۆی بە دارێکدا بکێشێ و بیشکێنێ، ئەوە دەبێ لە بەرامبەردا 3 دار لە هەمان ئەو دارەمان بۆ بێنێتەوە، ئەگەر یەک داریشی لێ وەربگرینەوە، دەبێ بە لایەنیکەم دارەکە تەمەنی نزیک بێت لە دارە شکاوەکە. مەگەر خوا نەخواستە شوفێرەکە لە ڕووداوەکەدا گیان لەدەست بدات، ئەگینا لێی خۆشنابین".





# تاقیگەکانی شووشتنەوەی وێنە ماڵئاوایی دەکەن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

تاوەکو چەند ساڵێک لەمەوبەر، ئەمبەر و ئەوبەری شەقامی مەولەوی لە سلێمانی جمەی دەهات لە تاقیگەکانی شووشتنەوەی وێنە، بەڵام ئێستا تەنیا تاقیگەیەک لەو شەقامە ماوە کە خاوەنەکەی دەڵێت ئیشیان زۆر کەم بووە.

ساڵانی ڕابردوو تەنیا لەنێو شاری سلێمانی 22 تاقیگەی شووشتنەوەی وێنە هەبوون، بەڵام هاتنی مۆبایل و کامێرای دیجیتاڵی پێشکەوتوو، زۆربەی تاقیگەکانی ناچار بەداخستن کردووە. خاوەن تاقیگەیەکیش دەڵێ 17 ساڵ لەمەوبەر پێشبینی ئەم ڕۆژەی کردووە.

یەکەمین تاقیگەی شووشتنەوەی وێنە لەشاری سلێمانی بەنێوی (یادگار) لە ساڵی 1981 دانراوە لە نزیک ئامادەیی سیروانی کوڕانی ئێستا کە پێشتر پێیدەگوترا فولکەی (مامەڕیشە)، ئەوکات ئەو تاقیگەیە بە ئامێرەکانی (نۆرستۆو کۆداک) کاری کردووە، بەپێی یاسای ئەو کاتەی ڕژێمی بەعسیش لە سنووری هەر پارێزگایەکدا تەنیا ڕێگە بەکردنەوەی یەک تاقیگە دراوە.

دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 ، ژمارەیەک وێنەگر مۆڵەتی ڕێکخراوی وێنەگرانیان وەرگرت، هەروەها ژمارەیەک تاقیگەی شووشتنەوەی وێنە کرانەوە.

جەمال ساڵح، سەرۆکی کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان، ناوەڕاستی نەوەدەکانی هەتاوەکو ساڵی 2007 بە سەردەمی ئاڵتوونیی تاقیگەکان ناوبرد، چونکە زیاتر لە 20 تاقیگە کرابوونەوەو لەنەوەدەکانیشدا ئامێری ئەنەلۆگ بۆ شووشتنەوەی وێنەکان هاتبووە پێشەوە، بەڵام لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە ئەنەلۆگ گۆڕدرا بۆ دیجیتاڵ.

وەک چۆن لەساڵانی ڕابردوودا هاتنی مۆبایل هەرەسی بە نووسینگەکانی تەلەفۆن هێنا، بەهەمانشێوە هاتنی مۆبایل و کامێرای دیجیتاڵی پێشکەوتوو بڕبڕەی پشتی تاقیگەکانی شکاند کە بەگوتەی جەمال ساڵح، ماوەی زیاتر لە 3 ساڵە هەرەسی نەمانی تاقیگەکان لەسلێمانی دەستیپێکردووەو لە 22 تاقیگەی نێو سلێمانیش، تەنیا 5یان ماونەتەوە.

ناوبراو ئەوەشی بەقەدەرێک ناوبرد و گوتی "ئێستا هەموو کەس مۆبایلی پێیە و وێنەی خۆی پێدەگرێ یاخود میمۆری لەنێو کامێراکەیدایە و دواتریش وێنەکە دەخاتەوە سەر کۆمپیوتەرەکەی و چاپی دەکات، ئیدی کەس پێویستی بەتاقیگە نەماوە". بەڵام وەک ئەو ئاماژەی پێدا، تائێستا ئەو هەرەسە شارۆچکە و ناحیەکانی نەگرتووەتەوە.

### پێشبینی ئەم ڕۆژەی کردووە

تاقیگەی (کەمال) ئێستا بووەتە تاقیگە تاقانەکەی شەقامی مەولەوی، چەندین وێنەی گەورە و مامناوەند و بچووک ناوەوەی تاقیگەکەیان ڕازاندووەتەوەو لە نێوەڕاستی تاقیگەکەشدا ژمارەیەک کارمەند سەرقاڵی کارکردنن، بەڵام ئەوێ وەک جاران نییە کە بەردەوام خەڵک بێت و بڕوات بۆ شووشتنەوەی وێنەکانیان.

کەمال حەمەعەلی خاوەنی تاقیگەی کەمال، دەڵێت 17 ساڵ لەمەوبەر پێشبینی ئەم ڕۆژەی کردووەو دابەزینی ئیشی ئێستاشیان بەئەندازەیەکە کە ناتوانێ لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو بەراوردی بکات "ئیشمان زۆر دابەزیوە، بەشبەحاڵی ئێمە هەرچەندە ئامێرەکانیشم زۆر پێشکەوتوون و ئیشیشمان خراپ نییە، بەڵام بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بازاڕمان 30% دابەزیوە".

لەو سەردەمەی ئیشی تاقیگەکەیان باشبووە، نزیکەی 23 کارمەند لە تاقیگەی کەمال کاریان دەکرد، بەڵام ئێستا ئیشی تاقیگەکە بە 9 کارمەند بەڕێوەدەچێت، خاوەنەکەشی بەهۆی خۆشەویستی بۆ پیشەکەی و باشیی ئامێرەکانی، بڕیاری نەداوە تاقیگەکەی دابخات.

بەشێک لە هاووڵاتیان و خاوەن تاقیگەکان، شووشتنەوەی وێنەکانی جارانیان پێخۆشترە و دەڵێن تاموچێژی زیاتری هەبوو. باخان ئەبوبەکر کچە فەرمانبەرێکی باڵا مامناوەندی تەمەن 25 ساڵی باڵاپۆشە، وەک زۆربەی کەسانی دی زۆربەی کات مۆبایلەکەی بەدەستەوەیە بۆ وێنەگرتن، بەڵام هەندێجاریش خۆزگە دەخوازێت بەوێنەکانی جاران و دەڵێت "ساڵانی پێشتر کە دەچووین بۆ ماڵی خزمان، بۆ چەند کاژێرێک سەیری ئەلبومەکانمان دەکرد، بەڵام ئێستا ئەوانە هیچی نەماون و تەنیا وێنەی نێو مۆبایلە".

### داری سێلفی بازاڕی گەرمە

پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بەمۆبایل و کامێرای دیجیتاڵەوە نەوەستاوە، بەڵکو (سێڵفی)یشی هێنایە بوون و جێگەی بە فیلم لێژ کرد. ئێستا خەڵکی لەبری ئەوەی سەردانی تاقیگەکان بکەن بۆ شووشتنەوەی وێنەکانیان، دەڕۆنە دوکانی فرۆشتنی مۆبایل و دارێکی سێڵفی دەکڕن.





## دەڵێن گەورەترین ئاڵای چنراوە

# لە قەڵادزێ ژن و مێردێک 3 مانگە سەرقاڵی چنینی ئاڵایەکن

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو- قەڵادزێ**

لە گوندێکی دەڤەری پشدەر، ژن و مێردێک سێ مانگە سەرقاڵی چنینی ئاڵایەکی کوردستانن و دەڵێن گەورەترین ئاڵایە کە لە خوری چنرابێت و بڕیاریشە ئاڵاکە پێشکەشی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەن.

دڵشاد حوسێن و پەریزاد مستەفا، ئەو ژن و مێردەن کە ئەو ئاڵایەیان چنیوە. ئەوان دەڵێن پێش ئەوان ژنێکی خەڵکی شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵایەکی چنیوە، بەڵام ئەوەندەی ئاڵاکەی ئەوان گەورە نەبووە، ئەو ئاڵایەی ئەوان چنیویانە درێژییەکەی 3.8 مەترە و پانییەکەشی 2.8 مەترە.

دڵشاد لە کۆڕەوەکەی ساڵی 1991 چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێ هاوسەرگیری لەگەڵ پەریزاد کردووە، ئەوان ئێستا لە گوندی پیران لە قەڵادزێ لەسەر کێڵگەیەکی پەلەوەر کار دەکەن، ئەو کاتانەی ئیشی کێڵگەکەیان نەبێت، سەرقاڵی چنینی ئاڵاکە دەبن.

دڵشاد بە (ڕووداو)ی گوت "من لە ئێران ئاڵایەکی کوردستانم هەبوو، لە ئێران لەسەر ئەو ئاڵایە گیرام و پێنج ساڵ زیندانی کرام، دوای ئازادکردنیش ناچاریان کردم ئێران جێبهێڵم. لەنێو زیندان فێری کاری چنین بووم، هەر لەوێ بەڵێنم دا ئاڵایەکی گەورە بچنم، دوای ڕاوێژکردن بە هاوسەرەکەم، بەیەکەوە بڕیارماندا ئاڵاکە بچنین، دوای سێ مانگ ئاڵاکەمان تەواو کرد، ئێستا دەمانەوێت ئەو ئاڵایە پێشکەشی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەین".

دڵشاد ڕەتیکردەوە کە لایەنگری هیچ حیزبێک بێت و گوتی "بەڵام سەرۆکی هەرێمی کوردستانم خۆشدەوێت، لەبەرئەوەی کە سەرۆکی هەرێمە نەوەک سەرۆکی لایەنێکی سیاسی".

پەریزاد لەڕێگای دڵشادی هاوسەرییەوە فێری کاری چنین بووە، ئەو دەڵێت "دڵشاد فێری کاری چنینی کردم، ئێستاش بۆ دابینکردنی بەشێک لە بژێویی ژیانم کڵاوی منداڵان و سەرشانەی ژنان و بەرگی قوتوی کلێنس و تەسبیح و کۆمەڵێک کەلوپەلی دیکە دەچنین".

دڵشاد و پەریزاد کوڕێک و کچێکیان هەیە بەناوەکانی (خەندە و یەحیا) ئەوان ئەو کاتانەی دایک و باوکیان سەرقاڵی چنینن، سەیری دەستیان دەکەن بە ئومێدی ئەوەی فێری هونەری چنین ببن و هەندێجاریش هاوکاری و بەردەستییان دەکەن.

# عەبادی نەیتوانیوە متمانەی سوننە بەدەستبێنێ



## گەنجێکی سوننە: حکومەتی عێراق خراپتر لە داعشی بەسەرهێناوین

## شێخێکی عەرەب: 90%ی عەشایری ئەنبار پشتیوانی لە داعش دەکەن

ڕووداو- ئیندیپێندنت

مەحمود عومەر، فۆتۆگرافەرێکی گەنجی سوننەی عێراقییە، زۆر تووڕەیە لە شێوازی مامەڵەی خراپی حکومەتی عێراق لەگەڵ سوننە.

هەموو سەرکردە عێراقییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی باشترین ڕێگە بۆ شکستهێنان بە داعش ئەوەیە سوننەکان لە دژی ئەو ڕێکخراوە هانبدرێن. بەڵام ئەمە بیرۆکەیەکی نوێ نییە و سالانی 2006- 2007 حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی "سەحوە"ی سوننەکاندا توانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لاواز بکات، ئەگەرچی نەیتوانی لەناوی بەرێت.

هەتا ئێستاش بەشێکی زۆری سوننە ڕقیان لە داعش دەبێتەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە حکومەتی عێراق لە سەردەمی حەیدەر عەبادیدا چی کردووە بۆ ئەوەی ئەم ڕقەی سوننەکان لە داعش بۆ دژایەتیی ئەو ڕێکخراوە بەکاربهێنێ؟ وەک مەحمود دەڵێت "داعش خەڵکێکی زۆری سوننەی تووشی ڕاچڵەکان کردووە، بەڵام حکومەت لەبری ئەوەی بۆ بەدەستهێنانی دڵمان مامەڵەیەکی باشترمان لەگەڵ بکات، خراپتر لە داعشی بەسەرهێناوین."

مەحمود خەڵکی ڕومادییە کە زیاتر لە 80%ی دانیشتووانی لە ترسی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان سوپای حکومەت و داعش، شارەکەیان چۆڵ کردووە. تەنیا 20%ی شارەکە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیدایە. بە گوتەی مەحمود ژیانی خەڵکی شارەکە لەم بەشە بچووکەدا یەکجار سەختە "کەمیی خۆراک وای لە خەڵک کردووە، گژوگیا بخۆن."

مەحمود کە نایەوێت ناوی ڕاستەقینەی ئاشکرا بکرێت، وێنەیەکی گشتی سەبارەت بە چۆنێتی مامەڵەی پۆلیسی ڕومادی لەگەڵ خەڵکی شارەکە دەخاتەڕوو. ئەو دەڵێت "پۆلیسی ڕومادی لە کاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ سوننەکاندا دڕندەییان لە حیساب دەردەچێت. لەو بەشەی کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدایە، پۆلیس بەردەوامە لە دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانی سوننەکان، ئازادیشیان ناکات ئەگەر خێزانەکانیان بەرتیلێکی زۆر نەدەنە بەرپرسانی پۆلیسی شارەکە".

بەپێی زانیارییەکانی مەحموود، پۆلیس و ئاسایشی حکومەت لە ناوچە سووننەنشینەکان، میتۆدەکانی سەردەمی دەسەڵاتی بەعس بەکاردەهێنن "دووکاندارەکان ناچار دەکرێن سیخوڕی بەسەر کڕیارەکانیاندا بکەن، دواتریش ڕاپۆرتێکی ڕۆژانە ڕادەستی پۆلیس بکەن".

مەحموود کەسێکی خوێندەوارە، لەڕووی ئایدیۆلۆژیای سیاسییەوە سەر بە باڵێکی میانڕەوە، هەر بۆیەش سەیر نییە کە داعش خۆی و خێزانەکەی بە دوژمنی خۆی بزانێت. خێزانی مەحموود بە هۆی هێرشەکانی داعش بۆ سەر پارێزگای ئەنبار موڵک و ماڵێکی زۆریان لەدەستچووە. باوکی هەتا ئەم ماوەیەی دواییش لە ڕومادی مابوەوە، تەنیا بۆ ئەوەی دوو خانووەکەی خۆی بپارێزێت، چونکە پێشتر خانوویەکیان لە فەللوجە لەلایەن داعشەوە دەستی بەسەردا گیرابوو. وەک مەحمود باس دەکات، داعش هەرکات ناوچەیەک کۆنترۆڵ بکات، چەکدارەکانی ماڵ بە ماڵ دەگەڕێن، بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ خاوەنی خانووەکان ماون یان ڕۆیشتوون، هەر خانوویەک چۆڵ بێت، دوای 10 ڕۆژ دەستی بەسەردا دەگرن.

مەحموودیش وەکو زۆربەی ئەو سوننانەی قسەیان لەگەڵ کراوە، ڕقی لە داعشە، بەڵام ناشتوانێت بڕوا بە حکومەتی بەغدا بکات. ئەو دەگێڕێتەوە "خزمێکمان ناوی مەعاز محەممەد عابدە، مامۆستا بوو، لە ساڵی 2012ەوە بە تۆمەتی کوشتن لە زیندانە و بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە."

مامۆستاکە ئەو تۆمەتە ڕەتدەکاتەوە و خزمەکانی دەڵێن تاکە بەڵگەی دادگا، ئەو دانپێدانانەیە کە پۆلیس لە ژێر ئەشکەنجەدا ناچار بە گوتنی کردووە. بە گوتەی خانەوادەکەی، دادگا بڕیارەکەی هەڵپەساردووە و بڕیارە سەرلەنوێ دادگایی بکرێتەوە. بەڵام ئەم بەڵێنە ماوەیەکی زۆر دەبات هەتا جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی دادگای تێهەڵچوونەوە 1500 دۆسیەی هاوشێوەی ئەوەی مەعازی لەبەردەستدایە.

بە گوتەی شایەتحاڵەکان، نموونەی مەعاز لە ناوچە سوننەنشینەکان زۆرە. بەشێکی بەرچاو لە گەنجە گوندنشینەکانی دێهاتی دەوروبەری فەللوجە زیندانی کراون و چاوەڕێی جێبەجێکردنی حوکمی سێدارە دەکەن. تاکە ڕێگەش بۆ ئازادبوونیان ئەوەیە بەرتیلێکی زۆر بە بەرپرسێکی باڵای شارەکە یان پارێزگاکە بدەن.

مەحمود دەگێڕێتەوە "لە ساڵی 2012دا بەدواداچوونم بۆ 12 دۆسیە کرد، لە هەموویاندا کەسەکان لە ژێر ئەشکەنجەی پۆلیسدا مردبوون، یەک لەوان دکتۆرێکی دەرمانساز بوو کە ئاسایش داوای لێکردبوو بەخۆڕایی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بە سەرباز و پۆلیسەکانی خاڵی پشکنین بدات، بەڵام ئەو داواکەیانی ڕەتکردبووەوە".

بەشی هەرە زۆری خێزانی مەحمود بەرەو کوردستان ڕایانکردووە. ئەو پێیوایە ڕەوشی خێزانەکەی نموونەیەکی بچووکە لە ڕەوشی کۆمەڵگەی سوننە لە عێراق، هەروەها ترسی ئەوەشی لێ نیشتووە کە سوننەکان لە ململانێکانی نێوان حکومەت و داعشدا پارچە پارچە ببن، یان "وەکو مەسیحییەکان ناچاربن وڵات جێبێڵن."

مەسەلەی پارچە پارچەبوونی سوننەکان لە نێوان حکومەتی ناوەندی و داعشدا، بە وردی لە چارەنووسی هۆزە سوننەکاندا دەردەکەوێت. ئەگەرچی ڕەوشەکە وەکو ساڵی 2007 نییە کە هێزی سەحوەی سوننەکان لە دژی ئەلقاعیدە ڕاوەستان، بەڵام هێشتا بەشێک لەو هۆزە سوننیانەی لەگەڵ حکومەتی عێراقدان لە دژی داعش دەجەنگن. یەک لەو هۆزانە هۆزی "ئەلبونەمر"ە کە ساڵی 2006 لە دژی ئەلقاعیدە و پارساڵیش لە دژی داعش شەڕیان کردووە، وەکو سەرۆک هۆزەکەیان "شێخ نەعیم گعوود" باسی دەکات، ئەوان بۆ ماوەی 11 مانگ لە دژی داعش شەڕیان کردووە، بەڵام دواجار تەقەمەنییان لێبڕاوە و شکستیان خواردووە.

شێخ نەعیم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە داعش لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی پارەوە 864 کەس لە ئەندامانی هۆزەکەی کۆمەڵکوژ کردووە "ئەمە جیا لە ژمارەیەکی زۆر بێسەروشوێن کە نازانین ژمارەیان چەندە."

کاتێک پرسیاری لێدەکرێت کە داعش چۆن توانی لە ماوەیەکی ئاوها کورتدا، پارێزگایەکی زەبەلاحی وەکو ئەنبار کۆنترۆڵ بکات، شێخ نەعیم دەڵێت "90%ی هۆزەکان هاوکاریی داعشیان کرد، تەنیا ئێمە لەگەڵیان نەبووین". ئەو هەروەها گلەیی لە حکومەتی عێراق و ئەمریکییەکانیش دەکات کە لە کاتی تەواوبوونی تەقەمەنیدا، هیچ هاوکارییەکیان نەکردن، ئەوەش هەلی بۆ داعش ڕەخساند کە دواتر کۆمەڵکوژیان بکەن.

نەعیم دەڵێت ڕەوشەکە زۆر جیاوازە لەوەی ساڵی 2006، کاتێک ئەوان شانبەشانی ئەمریکییەکان جەنگی ئەلقاعیدەیان دەکرد. ئەو دەڵێت "کاتێک داعش هات، ئێمەی بە دوژمنی خۆی دەزانی، هەر بۆیە شەڕی لە دژی ئێمە ڕاگەیاند و خوێنی خەڵک و ژن و منداڵی ئێمەی حەڵاڵ کرد."

بەڵام داعش تەنیا دوژمنایەتی ئەو هۆزانە ناکات کە کاتی خۆی هاوکاریی حکومەتی ناوەندی یان ئەمریکییەکانیان کردووە، بەڵکو هەر کەسێکیش خۆی یان کوڕ و برای لە ناو سوپا و پۆلیسی عێراقیدا کار بکات، ڕووبەڕووی سزای قورسی دەکاتەوە.

ئەوەی لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە داعش بینراوە، ئەوە بووە ئەم ڕێکخراوە هەوڵێکی بەردەوام دەدات، بۆ ئەوەی توندوتیژیی خۆی بەشێوەیەکی زەق پێشانی هەمووان بدات.

ئەبو ئەحمەد، سەرۆکی هۆزێکی بچووک لە نزیک مووسڵ کە ئێستا لە نزیک هەولێر دەژی، دەگێڕێتەوە کە لە حوزەیرانی ڕابردوودا ناچار بووە دایکە 100 ساڵەکەی بە تەنیا لە ماڵەوە جێبهێڵێ. بەڵام دواتر داعش هێرشیان کردە سەر ماڵەکەی و دایکیان لە خانووەکە دەرهێنابوو، ئینجا ئاگریان لە خانووەکە بەردابوو. دواتریش ڤیدیۆیەکی ڕووداوەکەیان لەسەر فەیسبووک دانابوو "بۆ ئەوەی من بە چاوی خۆم وێرانبوونی خانووەکەمان و بێ حاڵیی دایکم ببینم."

## سەرۆک وەزیران بەڵێنەکانی دەباتە سەر؟

# واشنتن تەنیا یەک بەڵێنی بە عەبادی دا

یەریڤان سەعید
ڕووداو- واشنتن

لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ واشنتن، حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق چەند بەڵێنێکی دڵخۆشکەری دا کە مایەی خۆشحاڵیی حکومەتی ئەمریکا و بازرگانەکانی ئەم وڵاتە بوو.

لەکاتی پێشکەشکردنی وتەیەکدا لە پایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، عەبادی ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی دوورە لە ناکۆکی تایفی و ئەو جیاوازە لە سەرۆک وەزیرانی پێشوو نووری مالیکی کە ڕەخنەی زۆری لێگیرا بەهۆی سیاسەتەکانی لە هاندانی کورد بەرەو سەربەخۆیی و گۆشەگیرکردنی سوننەکان و تاکڕەوی.

"ئەم حکومەتە جیاوازە لە حکومەتەکەی پێشوو". عەبادی لە گفتوگۆیەکدا لە واشنتن بە ئامادەبووانی گوت "ئەمە حکومەتی شیعە نییە، بەڵکو تەنیا سەرۆک وەزیرێکی شیعەی هەیە". ئەو گوتیشی "حکومەتەکەمان ڕێککەوتنێکی کاتی بۆ چارەسەرێکی درێژخایەن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزا کردووە. لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەدا داهاتی نەوت بە دادپەروەری دابەش دەکرێت و چەک و پێداویستی دیکە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دابین دەکرێ، تاوەکو وەک بەشێک لە هێزەکانی عێراق بەتەواوی بەشداربن لە شەڕی دژ بە داعش".

عەبادی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە خەریکی بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانیانن لەگەڵ هۆزەکانی ئەو ناوچانەی لەژێر هەڕەشەی داعشدان، یان لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵ کراون.

ڕاستە عەبادی ڕێککەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزا کردووە، بەڵام ڕاستییەکان لەسەر ئەرزی واقیع ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕێککەوتننامەکە بە کرداری جێبەجێ نەکراوە، هێشتا دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان چەند مانگێک لەدواوەیە، بانکەکانی هەرێمی کوردستان بەتاڵن و بەرپرسانی کورد گازندەی ئەوە دەکەن کە چەکی پێویستیان پێناگات بۆ شەڕی داعش. ئەمە جگە لەوەی هەولێر لەژێر فشارێکی داراییدایە بەهۆی دابینکردنی پێداویستی بۆ 1.4 ملیۆن ئاوارەی سووری و بەشەکانی دیکەی عێراق کە لە ترسی شەڕ هەڵاتوون.

ناوچە سوننەکانی عێراق بەدەست بۆردومانی کوێرانەی هێزەکانی عێراق و میلیشیا شیعەکانی هاوپەیمانییەوە دەناڵێنن. ئەو هێزانە بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە بە گوللەبارانکردن و سووتاندنی ئەو گوند و شارۆچکانەی ڕووبەڕووی میلیشیا شیعەکان دەوەستنەوە، مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن.

عەبادی باسی لە ئازادیی ڕادەربڕین لەم کاتە هەستیارەدا کرد: تەنیا دوو هەفتە لەمەوبەر بەرپرسی نووسینگەی ڕۆیتەرز (نێد پارکەر) عێراقی جێهێشت بەهۆی هەڕەشەی میلیشیا شیعەکان، ئەوەش پاش ئەوەی ئەو ئاژانسە لە ڕاپۆرتێکیدا باسی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤی کرد لەلایەن چەکدارانی میلیشیا شیعەکان لە تکریت لە سەرەتای ئەم مانگەدا.

"لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ئازاد پێویستی بە میدیای ئازاد هەیە، چاوم بە ڕۆژنامەنووسە عێراقییەکان کەوتووە و بەناوی نووسینگەی سەرۆک وەزیرانەوە هەموو داوایەکی یاساییم داخست کە لە دژیان تۆمار کراوە". عەبادی لە واشنتن وایگوت.

لەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی پارکەر، عەبادی گوتی کە تێناگات بۆچی ئەو ڕۆژنامەنووسە وڵاتی جێهێشتووە و گوتی حکومەت فەرمانی پارێزگاریی زیاتری داوە بۆ ئۆفیسی ڕۆیتەرز. بەڵام ئەوە وەڵامێکی قەناعەتپێکەر نەبوو بۆ ئەو پرسیارە گرنگە.

وەک هەوڵێک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بازرگانە ئەمریکییەکان، عەبادی گوتی حکومەتەکەی هەنگاوی زیاتر دەنێ بەرەو بازاڕێکی ئابووری کە تێیدا کەرتی تایبەت ڕۆڵی هەبێت "ئامانجمان ئەوەیە یارمەتی و کارئاسانی بکەین بۆ کەرتی تایبەت و دەبێت ڕۆتین و بیرۆکراسی نەهێڵین".

ئەو بەڵێنانە پێشوازی باشی لێدەکرێت لەلایەن وەبەرهێنەرانی ئەمریکی لە عێراق، بەتایبەتی کۆمپانیا نەوتییەکان کە بەردەوام گازندەی ڕۆتین و گەندەڵیی ئیداری و کێشەی ڤیزا دەکەن لەلایەن بەغداوە کە ئەوەش بووەتە لەمپەر لەبەردەم پرۆژەکانیان.

بەرلەوەی عەبادی بگاتە واشنتن، ئاژانسەکانی هەواڵ ڕایانگەیاند کە عەبادی بە لیستێک پێداویستی چەک و پێداویستی دیکەی بەرگرییەوە دەچێتە واشنتن، بەڵام وا دەردەکەوێت کە عەبادی بەدەستی بەتاڵ گەڕاوەتەوە بەغدا، جگە لە بەڵێنێکی سەرۆک ئۆباما بۆ دابینکردنی 200 ملیۆن دۆلار بۆ هاوکاریکردنی ئاوارەکان.

بەرپرسانی باڵای عێراقی بە ئەمریکییەکانیان ڕاگەیاندووە کە حکومەتەکەیان دەسەڵاتی زیاتر دەداتە پارێزگاکان. ئەو گوتی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی یەکێکە لە بەرنامەی چاکسازییەکانی بەهیوای ئەوەی کە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە "ئەگەر دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی کەم نەکەینەوە، ئەوا عێراق پارچە پارچە دەبێت. بۆ من، هیچ سنوورێک نییە لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ناوەند" عەبادی وایگوت.

دەربارەی جەنگی یەمەن کە تێیدا ئێران و سعودیە دژ بەیەکن، عەبادی بەناوی تارانەوە قسەی کرد کاتێک گوتی هێرشە ئاسمانییەکانی سعودیە لە یەمەن جەنگی ئەو وڵاتە گەرمتر دەکات "ئەمە جەنگێکی ناوخۆییە، بۆردومانکردنی ئەو وڵاتە یارمەتی بارودۆخەکە نادات. ئایا دەستێوەردانی ناوچەیی لەو وڵاتە زیاد دەکات یان کەم دەکات؟ ئاشکرایە زیادی دەکات" ئەمە ڕای عەبادی بوو لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵیABCی ئەمریکی.

سەرەڕای قسە دڵخۆشکەرەکانی عەبادی، هێشتا ئاشکرا نییە چۆن دەتوانێ ئەو بەڵێنانەی جێبەجێ بکات، لەڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازییەوە، عەبادی تواناکانی سنوودار کراوە لەلایەن هێزە شیعە ناوخۆییەکان و حکومەتی تارانەوە، ڕۆڵی گەورەی ئێران لە عێراق بەردەوامە و هێشتا داعش ناوچەیەکی زۆری عێراقی لەژێر کۆنترۆڵدایە و کوردیش قوربانیی شەڕی ئابووریی بەغدایە.



(فۆتۆ: AFP)

# قەیرانی دارایی و هاتنی ئاوارە لە بەرژەوەندیی مەلاریان

## پزیشکێک: شەش ساڵە مەلاریا لە کوردستان کۆنترۆڵ کراوە



**سەروەر سالار**
**رووداو- سلێمانی**

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێت سەرەڕای پێشکەوتنی گەورە لە بواری شەڕی دژە مەلاریا لەساڵی 2000 ەوە، هێشتا ئەو نەخۆشییە مایەی مەترسییە بۆ سەر ژیانی ملیۆنان کەس. پسپۆڕان دەڵێن لە هەرێمی کوردستان ساڵانێکە نەخۆشییەکە بەتەواوی کۆنترۆڵ کراوە، بەڵام ئەو قەیرانە ئابوورییەی کاریگەری لەسەر چالاکییە تەندروستییەکان دروستکردووە، هەروەها هاتنی ئاوارە لە ناوچەگەلێکەوە کە روون نییە مەلاریایان تێدا کۆنترۆڵ کرابێت، مەترسیی گێڕانەوەی دێوەزمەی مەلاریا بۆ کوردستان زیاد دەکەن.

بەپێی راگەیێنراوی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بۆ رۆژی جیهانیی مەلاریا کە رۆژی 25ی نیسانە، لەساڵی 2013 دا و لە سەرتاسەری جیهان 198 ملیۆن کەس تووشی ئەو نەخۆشییە بوون کە 528 هەزار کەسیان مردوون. زۆربەی قوربانییەکانیش لە کیشوەری ئەفریقان، بەجۆرێک لەو کیشوەرە هەموو خولەکێک کەسێک بە مەلاریا دەمرێت، بەڵام کیشوەری ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەو ناوچانەن کە مەترسی سەرهەڵدانەوەی مەلاریایان لێدەکرێت.

### "تا"ی مەلاریا جیاوازە

نیشانەی هەرە دیاری مەلاریا بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەشە، بەڵام زۆربەی پەتا و درمەکانی دیکەش دیسانەوە "تا" نیشانەی جیاکەرەوەیانە. پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێت تای مەلاریا جیاکەرەوەی خۆی هەیە و هەر کەسێک هەستی پێکرد دەبێت راوێژ بە پزیشک بکات.

د.زانیار نووری، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە نەخۆشییەکانی هەناو بە (رووداو)ی گوت "نەخۆشەکە لەرز و تایەکی بە هێز و لەرزێکی چۆقێنەری ددان پەیدا دەکات لە پڕدا، بەڵام جیاواز لە پەتاکانی دیکە بۆ ماوەیەک دوای ئەوە تای نامێنێت و تەنیا بێ هێز دەبێت، کەچی دواتر و لەپڕدا تاو لەرزێکی بەهێزتر دەستپێدەکاتەوە. جا گەر ئەمەی هەبوو و نەخۆشەکەش سەردانی گوێ ئاوی کردبوو لە لادێکانی کوردستان، ئەوا زۆر نزیکە کە مەلاریای گرتبێت".

### کۆنترۆڵکردن لە چەم و گۆلاوەکانەوە

مێشوولەی ئەنۆفلیس ئارەزووی گۆلاو و چەم و ئاوە راوەستاوەکان دەکات و گەشەیەکی بەرچاویان تێدا دەکات. مشەخۆری مەلاریاش لەلایەن مێشوولەی ئەنۆفلیسەوە دەگوازرێتەوە. دوای ئەوەی ئەو مێشوولەیە بە کەسێکی تووشبووەوە دەدات، مشەخۆرەکە لە خوێنی ئەوەوە وەردەگرێت و لە ناو جەستەیدا گەشەی پێدەکات. کاتێک بە کەسێکی تەندروستەوە دەدات ئەو مشەخۆرە تووشکەرە دەگوازێتەوە بۆ نێو خوێنی ئەو. ژینگەی کوردستانیش رێگا بە گەشەکردنی ئەو مێشوولەیە دەدات، هەبوونی هەر مێشوولەیەکی هەڵگری ئەو مشەخۆرە، زەنگی مەترسییە بۆ سەر دانیشتوانی کوردستان.

بۆیە هەنگاوی هەرە کارا ئەوەیە لە ڕێگەی رشاندنی دەرمانەوە، ئەو مێشوولەیە لەنێو ژینگەکەی خۆیدا لەنێوببرێت و لێنەگەڕێی بە کەسانی تەندروستەوە بدات و مشەخۆرەکەیان بۆ بگوازێتەوە.

### کۆنترۆڵ کراوە، بەڵام

بەرپرسانی کەرتی تەندروستی دەڵێن هەڵمەتەکانی خۆپاراستنی تەندروستی لە کوردستان ساڵانێکە سەرکەوتوو بوون لە کۆنترۆڵکردنی ئەو مێشوولەیە.

د.رزگار عەلی، بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "ماوەی شەش ساڵە هیچ حاڵەتێکی مەلاریا لە کوردستان تۆمار نەکراوە، چونکە ساڵانە بەشێوەیەکی چڕ هەڵمەتی کۆنترۆڵکردنی مێش و مەگەز لە زۆنگاو و گۆم و چەمەکان ئەنجامدەدەین، هەرچەند بەهۆی قەیرانی داراییەوە خەریکە جۆرە سستییەک لە چالاکییەکانمان روودەدات، بەڵام تا ئێستاش دۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵە و لە ساڵی رابردوودا هیچ حاڵەتێکی مەلاریا تۆمار نەکراوە".

پزیشکێکی پسپۆڕیش دەڵێت نەمانی حاڵەتەکانی مەلاریا پەیوەستە بە پرۆگرامەکانی کۆنترۆڵکردنی مێش و مەگەزەوە ئەگەر پلانەکان بە هەر هۆکارێک راوەستێنرێن، ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی مەلاریا هەیە.

د.ئاری حەمەسەعید، پزیشکی پسپۆڕی خێزانی بە (رووداو)ی گوت "تۆمارنەکرانی حاڵەتی مەلاریا لەم چەند ساڵەدا مانای قەلاچۆکردنی هەمیشەیی مشەخۆرەکە نییە، بەڵکو هەرکاتێک بوار بۆ مێشوولەکە و مشەخۆرەکە رەخسێنرا و وەک پێویست لەنێو نەبران، دوور نییە مەلاریا دەربکەوێتەوە".

ئەو پزیشکە پسپۆڕە ترسی خۆیشی ناشارێتەوە لە هاتنی ئەو هەموو ئاوارەیە، کە دوور نییە لە ناوچەگەلێکەوە هاتبن هێشتا مەڵبەندی گەشەکردنی مەلاریا بێت و لەگەڵ خۆیاندا مێشوولە و مشەخۆرەکان بۆ نێو کوردستان بگوازنەوە.

جگە لەو دوو رووە، رووی سێیەمی مەترسیی هێنانەوەی مەلاریا بۆ کوردستان، فرۆکەخانەکانن کە دوورنییە مێشوولە و مشەخۆری مەلاریا بگەیەننەوە نێو کوردستان.

سەنتەری کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان لە ئەمریکا (CDC) رێنمایی دەرکردووە کە هەرکەسێک لە ناوچەیەکی مەلارییاییەوە رووبکاتە ویلایەتە یەکگرتووەکان، تاوەکو سێ ساڵ تەنانەت رێگای خوێنبەخشینیشی پێنەدرێت، نەوەکو لە خوێنیدا مشەخۆری مەلاریای هەڵگرتبێت. هەر کەسێکیش تووشی مەلاریا بوو، نابێت تاوەکو سێ ساڵ لەدوای چاکبوونەوەی تەواوەتی خوێن ببەخشێتە کەسانی دیکە.

### نێوبانگی گەشتیاریی کوردستان دەشێوێنێ

بەهۆی ئەوەی نەخۆشییەکی گوازراوەیە، بوونی مەلاریا لە هەر وڵاتێک کار لە نێوبانگی گەشتیاری ئەو وڵاتە دەکات و وادەکات وڵاتان و ئاژانسە گەشتیارییەکان سڵ بکەنەوە لەوەی گەشتیار بنێرنە ئەو وڵاتە، بۆ ئەوەی نەبنە هۆی گواستنەوەی نەخۆشییەکە بۆ نێو وڵاتانی خۆیشیان.

بۆیە پسپۆڕان داوا دەکەن بە سەرنجدان لەو هۆکارە رێخۆشکەرانەی ترسی سەرهەڵدانەوەی مەلاریا لە کوردستان زیاد دەکەن، پلانی چڕ و ورد بگیرێتەبەر تاوەکو کوردستان دوور لە مەلاریا بهێڵرێتەوە.

# ئەو 6 نەخۆشیانەی شەرم دەکەی باسیان بکەی

**رووداو- فۆکس نیوز**

هەندێک گرفتی تەندروستی و جەستەیی هەن، خەڵکی هەمیشە هەوڵ دەدەن بیانشارنەوە، تەنانەت لە ژووری پزیشکیش. بەڵام بڕوا بکەی یان نا: پزیشک هەموو ئەوانە دەزانێت. لە پرسی تەندروستیدا، هیچ سنوورێک دامەنێ و هەموو نهێنییەکان بە پزیشکەکەت بڵێ.

ئەمانە هەندێک لەو حاڵەتانەن کە نەخۆش شەرم دەکات باسیان بکات:

### 1- شیرلێهاتنی نائاسایی مەمک:

بێ ئەوەی کەسەکە دووگیان بێت یان منداڵی شیرەخۆرەی هەبێت، مەمکی شیری لێدێت. ئەم حاڵەتە بەهۆی بەرزیی ئاستی هۆرمۆنی پرۆلاکتینەوەیە کە رژێنی ژێردەماخ (پیتویتەری) دەریدەدا. پرۆلاکتین هانی شانە رژێنەکانی مەمک دەدات شیر دروست بکەن. هەندێجاریش بەهۆی لوویەکە لە رژێنی ژێر دەماخدا. ئەگەر چارە نەکرێت، بەرزبوونەوەی هۆرمۆنەکە دەبێتە هۆی تێکدانی سووڕی خوێن و فشەڵبوونی ئێسکیش.

چارەسەر: پزیشک سەرەتا پشکنینی رژێنی دەرەقیت بۆ دەکات، چونکە هەندێکجار تەمبەڵیی ئەو رژێنە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی پرۆلاکتین. ئەگەر هۆکارەکە ئەوە نەبوو، ئەوە بیر لە هەبوونی لوو دەکاتەوە لە رژێنی ژێر مێشکدا. هەرچەندە هەبوونی لوو هەمیشە مایەی ترس و دڵەڕاوکێیە، لەم بارەدا چارەی ئاسانە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تەنیا بە پێدانی دەرمان چارە دەبێت.

### 2- ئارەقەکردنەوەی زۆر:

ئەم حاڵەتە ئەوە دەگەیەنێت ئارەقەرژێنەکانت زیاد لە پێویست کاردانەوەیان هەیە بۆ کارتێکەرەکانی وەک گەرما، هۆرمۆنەکان و هەست و سۆزە جیاوازەکان. یاخود کاتێک لە ئەنجامی ئەو کارتێکەرییانەوە دەکەونە ئێش، درەنگ دەکوژێنەوە و ماوەیەکی دوورودرێژ کاردەکەن. هەندێجاریش بە کارتێکەریی دەرمانێکە کە پزیشک بۆ نەخۆشییەکی تایبەت بۆی نووسیوی. یاخود بەشێکە لە نیشانەکانی نەخۆشی لە نموونەی هەوکردنە جیاوازەکان و شەکرە.

چارەسەر: چارەی ئەم حاڵەتە بریتی نییە لە دەرمانێکی سیحری کە ئارەقە رژێنەکان بە تەواوی کۆنترۆڵ بکات. پزیشک سەرەتا دەیەوێت بزانێت هۆکار چییە و بە چارەسەرکردنی هۆکارەکە، ئارەقە زۆرەکەت لەکۆڵ بکاتەوە.

### 3- نەبوونی ئارەزوو بۆ سێکس:

زۆر شت دەبنە هۆی نەهێشتنی ئارەزووی سێکس، چونکە ئارەزووی سێکس بەرهەمی یەکگرتنی چەندین هۆکاری جەستەیی و دەروونییە. زۆر لە ژنان لە سەروبەندی نەمانی سووڕی مانگانە و بەهۆی دابەزینی ئاستی هۆرمۆنی مێیینە (ئیسترۆجین) و وشکبوونەوەی زێ، ئارەزوویان بۆ سێکس کەم دەکات.

خەمۆکیش هۆکارێکی دیکەی نەمانی ئارەزووی سێکسییە. خەمۆکی هەر لە رووە دەروونییەکەوە ئارەزووە سێکسییەکان کپ ناکات، بەڵکو بەهۆی دابەزاندنی ئاستی هۆرمۆنی دۆپامینیشەوە زەبر لە ئارەزووە سێکسییەکان دەدات. هەندێک دەرمانی دژەخەمۆکیش بە میکانیزمی جیاواز ئارەزووی سێکسی کەم دەکەنەوە.

چارەسەر: پزیشکی ژنان و منداڵبوون بە پرسیاری ورد دەتوانێ بەشێکی بەرچاو لە هۆکارە جەستەییەکانی لاوازیی ئارەزووی سێکس لە ژناندا بدۆزێتەوە. ئەگەر لەو رووەوە گرفتت نەبوو، سەردانی پزیشکی دەروونی بکە. چونکە خەمۆکی تەنیا لەشێوەی دڵتەنگی خۆی نانوێنێ، بەڵکو بە نیشانەگەلی جیاوازی جەستەیی و رەفتاری دەردەکەوێت. چارەی خەمۆکیش تەنیا دەرمان نییە، بەڵکو گفتوگۆی دەروونی و هزریش رێگەچارەی کاران.

### 4- مایەسیری:

پێدەچێ مایەسیری یاخود قڵیشانی دیواری کۆم هۆکاربن. قەبزی وادەکات پیسایی ماوەیەکی زۆر لەنێو ریخۆڵە ئەستوورە بمێنێتەوە و زۆربەی ئاوەکەی هەڵبمژرێت. بەوەش پیسایی وشک و رەق هەڵدێت. ئەو پیساییە وشک و رەقەش دەبێتە سەرچاوەیەکی بریندارکەر بۆ دیواری کۆم.

هەندێکجاریش لە ژناندا، هەبوونی لوویەک لە منداڵداندا دەبێتە هۆی فشار دروستکردن لەسەر دیواری ڕێکە (کۆتایی ریخۆڵە ئەستوورە) و بەوەش پیساییکردن بەئازار دەبێت، بەڵام لەم بارەدا ئازارەکە هاوکات دەبێت لەگەڵ پشتئێشە و زۆربوونی خوێنی سووڕی مانگانە.

چارەسەر: ئەگەر لە هەفتەیەکدا کەمتر لە سێ جار پیسایی دەکەیت، ئەوا پلان دابنێ بۆ ئەوەی ئاوی زیاتر بخۆیتەوە و وەرزشی زیاتر بکەیت و ریشاڵە خۆراکییەکان لە ژەمەکانتدا زیاتر بکەی. ئێستا ریشاڵە خۆراکییەکان بەشێوەی شرووبیش هەن و دەتوانیت لەو رێگایەوە خۆت لە قەبزی و ئەنجامەکانی رزگار بکەی.

ئەگەر ئەوانەت جێبەجێ کرد و ئازار و مایەسیری هەر بەردەوام بوون، پزیشک بیر لەوە دەکاتەوە کرێمی چارەسەری ئەو حاڵەتانەت بۆ بنووسێت.

### 5- بۆنێکی ناخۆش لە زێ:

ئەمە واتای ئەوەیە زێ لە نێوەندێکی ترشەوە گۆڕاوە بۆ نێوەندێکی تفت، ئەوەش یاریدەی گەشەکردنی بەکتریای زیانبەخش دەدات تێیدا. هۆکاری جیاواز دەبنە هۆی تفتکردنی زێ، هەر لە تۆواو تاوەکو خوێنی سووڕی مانگانە و زەیستانی، دووش.

چارەسەر: دەبێت باسی ئەو بۆنە ناخۆشە بۆ پزیشکەکەت بکەیت. ئەویش بە لێکدانەوەی زانستی دەگاتە ئەنجام کە ئایا ئەوە نیشانەی هەبوونی نەخۆشیی گوازراوەیە لەرێگەی سێکسەوە، کەرووکردنی زێ یاخود تەنیا تفتبوونی زێ و زاڵبوونی بەکتریا زیانبەخشەکانە.

### 6- سێکسی بە ئازار:

بەهۆی دروستنەکردنی لینجی پێویستەوەیە لەلایەن نێوپۆشی زێ. هەبوونی ترس و فشاری دەروونی، یاخود نەورووژانی پێویست لە هۆکارە دیارەکانی دروستنەبوونی بڕی پێویستی لینجیی نێو زێن.

بەڵام ئەگەر سێکسی بە ئازار لە حاڵەتەوە بووە دیاردە و بێ ئەوەی ئەو دوو هۆکارەش هەبن هەر رووبدا، دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە ئاستی هۆرمۆنی مێیینە (ئیسترۆجین) دابەزیبێ. ماوەی دوای منداڵبوون، ماوەی شیردان و کەوتنە تەمەنی نائومێدی هەموو پەیوەندییان بە دابەزینی ئاستی ئەو هۆرمۆنەوە هەیە.

هەندێک دەرمانیش ئەو لینجییە کەمدەکەنەوە، وەک دژە هەستەوەرییەکان (ئەنتی هیستامین) و هەندێک جۆری حەبی دژە سکپڕی.

چارەسەر: ئەگەر هۆکارەکە بدۆزرێتەوە، بە چارەکردنی ئەو هۆکارە، گرفتەکە کۆتایی دێت. ئەگەر هیچ هۆکارێکیش نەبوو بۆ وشکبوونەوەی زێ، لینجیی دەستکرد هەن و دەتوانرێت لەکاتی پێویست سوودیان لێ وەربگیرێ.

خۆ ئەگەر هۆکاری ئازارەکە وشکیی نەبوو، ئازارێکی قووڵ بوو، یاخود لە بارێکی دیاریکراودا هەبوو، ئەوا پزیشک بۆ هۆکارێکی قووڵتر دەگەڕێت لە منداڵدان و تەنانەت ریخۆڵەکاندا.





**ئیکرام حوسێن**

# سایتە سێکسییەکان ببەنە پەرلەمان

تا پێش مانگی رەمەزانی پارساڵ، پێگەیەکی فلیمە سێکسییەکان لە هەموو پێگە کوردی و عێراقییەکان بازاڕی گەرمتر بوو، واتە خەڵکی کوردستان و عێراق بە نزیکەیی هێندەی گووگڵ و فەیسبووک سەردانی ئەو پێگە سێکسییەیان دەکرد، ئەوە بەپێی داتاکانی پێگەی جیهانیی ئەلێکسا، بەڵام لە مانگی رەمەزاندا ژمارەی تەماشاکاران دابەزی، دابەزینێکی زۆریش نا، تەنها دوو سایتی کوردی کەوتنە پێشی.

بە مەزندەی عەقڵ، بەراورد بە بەشەکانی دیکەی عێراق، زۆرترین بەکارهێنەری ئینتەرنێت لە کوردستاندان، واتە لە کوردستان ئەوانەی ئینتەرنێتیان هەیەو تەماشای فلیمە سێکسییەکان دەکەن، زۆر زیاترن لەوانەی ئینتەرنێتیان هەیە و تەماشای فلیمە سێکسییەکان ناکەن، شەرع شەرمی بڕیوە و ئەلێکساش شەرمی لە کەس نییە، راستییەکە بەو جۆرەیە.

ئێستا لە عێراق، لە لیستێکی حەوت سەد ملیۆنیدا، پێگەیەکی سێکسی یازدەیەمە. ئەوە لە کاتێکدا پێشتر لە پلەی شەشەمدا بوو، بەڵام لە کۆی تەماشاکەرانی جیهاندا سایتێکی سێکسی لە پلەی 41 دایە، واتە سەیرکردنی سێکس لە کوردستان ئارەزووی یازدەیەمە، بەڵام لە جیهاندا ئارەزووی چل و یەکەمینە، زیاتر ورد ببینەوە لای دانیشتووانی ئیسرائیل ئارەزووی سی و نۆهەمینە.

بەپێی توێژینەوەکان، لە کاتی وێنەگرتنی فلیمە سێکسییەکاندا، دەرهێنەری فلیمەکە کار لەسەر فەنتازیای بینەر دەکات، کار لەسەر خاڵی لاوازی مرۆڤ دەکات بۆ وروژاندنی، ئەو بابەتانە هەڵدەبژێرن کە لە خەیاڵە نهێنییەکانی مرۆڤدا هەن و هەرگیز باسی لێوە ناکەن، هەروەها لە راستەقینە دووری دەخاتەوەو دەیباتە دنیایەکی خەیاڵی، لەو دنیا خەیاڵییەدا جگە لە سێکس شتێکی دیکە نییە، باوک و کچ، دایک و کوڕ، خوشک و برا، دراوسێ، ژن و ژنبرا، بووک و خەزوور، پیر و مێردمنداڵ، ژنێک و چەند پیاوێک، پیاوێک و چەند ژنێک، کۆمەڵێک ژن و پیاو، ئەوانە هەموو سێکس دەکەن، کاتێکیش کوڕێکی مێرد منداڵی کورد تەماشای یەکێک لەو فلیمانە دەکات، کۆڵانەکەی، پۆلەکەی، تەنانەت ماڵەکەشی لێ دەبێتە ئەو شوێنە خەیاڵییەی دەرهێنەرەکە دروستی کردووە، تا دەگاتە حاڵەتێک پەلاماری ژنە دراوسێیەک دەدات و دەشیکوژێت، یان چەند گەنجێک دێن و کچێک دەفڕێنن تا دنیایەکی وەک ئەوەی فلیمەکە بۆ خۆیان دروستبکەن، یان پیاوێک دەیەوێ ژنەکەی وەک ئەستێرەیەکی فلیمە سێکسییەکانی بۆ بکات، یان بە پێچەوانەوە.

کاریگەرییە خراپەکانی فلیمە سێکسییەکان بێ شومارن، فلیمە سێکسییەکان هەروەک مادده هۆشبەرەکان ئالوودەبوون دروستدەکەن و کاریگەرییان لەسەر مێشک دەبێت، مرۆڤ تووشی پەراوێزی و تەمبەڵی دەکەن، هەروەها خۆشەویستیی نێوان ژن و پیاو و مانای راستەقینەی سێکس ناهێڵن و وا لە تەماشاکەرانیان دەکەن مەبەستی راستەقینەی سێکسیان بیربچێتەوە، هەروەها دەشبێتە هۆی دروستکردنی توندوتیژی کۆمەڵایەتی و خێزانی.

کفری لەو جۆرە ناکەم بێژم با ئێمە وەک سوید بین کە رێژەی بێدینان تێیدا بەرزترینە، بەڵام نەگبەتییەکە ئەوەیە لە میسر خراپتر بین کە ژمارەی تەماشاکەرانی سایتە سێکسییەکان و رێژەی توندوتیژی سێکسی تێیدا بەرزترینە، لە ئەفغانستان 56 و لە مەقدۆنیا 69 و لە قیرغیزستانیش ئەولای 100.

لە کوردستان دەستکەوتنی فلیمێکی سێکس لە دەستکەوتنی پەرداخێک ئاو ئاسانترە، هەر منداڵێک ئایپادی هەبێ، مۆبایلێکی هۆشمەندی هەبێ، یان ئەو ئامێرانە لەو ماڵەدا هەبێ کە تێیدا دەژی، فرسەتی تەماشاکردنی فلیمی سێکسی هەیە.

بابەتێکی هەستیاری وەها کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکێکی زۆرەوە هەیە، بە تەواوی جێی خۆیەتی ببرێتە پەرلەمان و یاسای بۆ دابنرێ کە وەک جگەرە نییە و ئاسانتر کۆنترۆڵ دەکرێ.

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، فراکسیۆنەکان کە ئێستا بە پرۆژە یاسا لە پەرلەمان کێبڕکێی یەکتری دەکەن، ئەگەر ناتانەوێ وەک تورکیای دراوسێتان بن، کە ئارەزووی 64 هەمینیانە، هیچ نەبێ وەک سوید بن، پرۆژە یاسایەک بۆ کۆمپانیاکانی دابینکردنی هێڵەکانی ئینتەرنێت دابنێن و تێیدا رێوشوێن دابنێن بۆ قەدەغە یان هەر نەبێ سنووردارکردنی فلیمە سێکسییەکان بۆ تەمەنی خوار 18 ساڵ.

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (356) دووشەممە 2015/4/27

## ماهیر حەسەن: کۆمیدیا بووەتە بازرگانی



**ڕووداو- سلێمانی**

ئەکتەری کۆمیدی ماهیر حەسەن ئاشکرای کرد کە بەشداریی درامایەکی سی ئەڵقەیی کردووە بۆ یەکێک لە کەناڵە ئاسمانییەکان و هەر ئەڵقەیەکیشی لەسەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی دەبێت. ماهیر حەسەن بە (ڕووداو)ی گوت "دراماکە درامایەکی ڕەخنە ئامێزە لەبارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا، لە هەر ئەڵقەیەکیش باس لە یەکێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین". ماهیر حەسەن کە یەکێکە لە ئەکتەرە هەرە دیارەکانی کۆمیدیا لە کوردستان، سەبارەت بە ڕەوشی هونەری کۆمیدیا لە کوردستان دەڵێت "کۆمیدیا لە کوردستان زیاتر بازرگانییە، ئەوەش کارێکی خراپ نییە، بەڵام پێم باشە ئەگەر بازرگانیش بوو بە کواڵێتییەکی بەرز بێت".

# عەزیز خەریکی ئامینێیە



**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ عەزیز وەیسی ڕایگەیاند کە سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکە بەناوی "ئامینێ".

عەزیز وەیسی لەبارەی دوایین کاری خۆی بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکم بەناوی ئامینێ، کلیپی گۆرانییەکەش لە جۆرجیا دەکەم".

دوای ئەوەی عەزیز وەیسی ڕێکلامی بۆ چەند ئاهەنگێکی خۆی کرد لە وڵاتانی ئەورووپا، ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بووەوە، تەنانەت هەندێک کوردی تاراوگەنشین هەڕەشەیان لێکرد کە ئەگەر بچێتە ئەورووپا پەلاماری دەدەن. عەزیز وەیسی لەوبارەیەوە گوتی "نیگەرانم لەوەی لە ڕابردوودا بەرامبەرم کرا، چونکە من مەبەستم کاری خێرخوازی بوو نەک هەڵپەڕاندنی خەڵکی. بەڵام دوای ئاهەنگەکان کە لە مەبەستی من تێگەیشتن، هەندێک لەوانەی ڕەخنەیان لێگرتبووم داوای لێبوردنیان کرد".

# یەکەم ئەلبوومی بە عەرەبی دەبێت



**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ و بەشداربووی پرۆگرامی The voiceی کەناڵی mbc مێهڤان ساڵح ڕایگەیاند کە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ئەلبوومێکی گۆرانییە بە زمانی عەرەبی.

مهێڤان زانیاری زیاتری لەبارەی ئەلبوومەکەی دایە (ڕووداو) و گوتی "ئەلبوومەکەم لە 7 تراک پێکهاتووە، تەنیا تراکێکی کوردییە". سەبارەت بەهۆکاری بەرهەمهێنانی ئەلبوومەکەی بە زمانی عەرەبی، گوتی "دوای بەشداریکردنم لە پرۆگرامەکەی کەناڵی ئێم بی سی، هەوادارێکی زۆرم لە نێو وڵاتانی عەرەبی پەیدا کردووە، بۆیە بڕیارمدا ئەلبوومەکە بە عەرەبی بێت".

مێهڤان ساڵح چەند قۆناغێکی لە بەرنامەی The voiceی کەناڵی mbc بڕی، بەڵام دواتر کرایە دەرەوە. ئەو پێشتر ڕایگەیاندبوو کە پەشیمانە لەوەی بەشداریی لەو پرۆگرامەدا کرد.



# لە ترسی قەڵەوبوون دەچێتە ئەڵمانیا

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

هونەرمەندی میسری سومەییە خەشاب، سەرکەوتوو بوو لە دابەزاندنی کێشی بەهۆی ئەنجامدانی چەند نەشتەرگەرییەک، بەڵام ئێستاش ترسی لە دووبارە قەڵەوبوونەوە هەیە، هەر بۆیە دەچێتە ئەڵمانیا.

سومەییە خەشاب، ئێستا بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند پشکنینێک سەردانی ئەڵمانیا-ی کردووەو لە لایەن پزیشکە تایبەتەکانیەوە پشکنینی بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی پارێزگاری لەو کێشەی ئێستای بکات.

خەشاب لە ماوەی ڕابردوودا لە زیادبوونی کێشی لەشی نیگەران بوو، دواتر لە ڕێگەی ئەنجامدانی نەشتەرگەری و وەرگرتنی سیستەمی تایبەتی خواردن توانی کێشی خۆی بۆ 56 کیلۆگرام دابەزێنێ.

# "سێبەر"ی کەمال محەممەد دەرکەوت



**ڕێکەوت سەلام**

**ڕووداو- سلێمانی**

هونەرمەند کەمال محەممەد کۆتایی بەکارەکانی گۆرانییەکی نوێ هێنا و وا بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بڵاوی بکاتەوە.

بڕیار فەتاح کە کاری دەرهێنانی بۆ کلیپی گۆرانییەکە کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت کە ئەو گۆرانییە بەناوی (سێبەر)ەوە ئێستا کلیپی گۆرانییەکە ئامادەیە.

سێبەر لە تێکستی ئیسماعیل ساڵحە و لە ئاوازی عەتا ئەحمەدە. هەروەها کارزان کامیل کاری دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە.

# گەڵا وەریوەکانی دزەیی بە ئاوازی فەرەنسی



**ڕێکەوت سەلام**

**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند هۆمەر دزەیی ڕایگەیاند کە سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکی نوێیە بەناوی (گەڵا وەریوەکان) و گوتی کە ئاوازی ئەو گۆرانییە فەرەنسییە.

دزەیی کە تەمەنی 79 ساڵە، سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ ڕازییە بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات پەیکەری بۆ دروستبکرێت، گوتی "بەڵێ، بەڵام بەو مەرجەی پەیکەرەکەم لە برۆنز بێت نەک گەچ، چونکە زۆربەی ئەو کەسایەتییە کوردانەی لە گەچ پەیکەریان بۆ دروستکراوە، سەر و گوێلاکیان شکێنراوە".

# دیسان جیابووەوە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی دیاری ئەمەریکی سێلینا گۆمێز، لە دوای جیابوونەوەی لە هونەرمەند جەستن بەیبەر و بەستنی پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ ئاوازدانەر ئەنتۆن زاسلاڤسکی، تووشی دڵشکانێکی دیکە دەبێت.

ئاژانسە جیهانییەکان بڵاویانکردووەتەوە، سێلینا گۆمێزلە دوای پەیوەندییەکی خۆشەویستی کورت جارێکی دیکە تووشی دڵشکان دەبێت و لە خۆشەویستەکەی جیادەبێتەوە.

لە دوای جیابوونەوەی لە جەستن بەیبەر، سێلێنا تووشی داڕمانێکی دەروونی گەورە هات و ماوەیەکی زۆری ویست تاوەکو ژیانی ئاسایی ببێتەوە.

## بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی

ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**

هەندێک لە کارەکانت دوادەکەون، بەڵام بە ئاسایی وەریبگرە. دۆستانە و بە نەرمی مامەڵە لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارەکانت بکە و خۆت لە ڕووبەڕووبوونەوە بەدوور بگرە. بەخت هاوکاریت دەکات لە کارکردن بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی دارایی زیاتر.

**گا**

کارە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانە زۆربوون و پێویستیان بەوە هەیە کە پێیان ڕابگەی. پەیوەندییە لاوازە کۆمەڵایەتیەکانت بەهێز بکە. خۆڕاگریت دەبێتە جێی سەرنجی چواردەورەکەت. بەرنامەیەکی نوێ بۆ ئاگاداربوون لە تەندروستیت دابنێ.

**جمک**

خۆت کەسێکی جوان و سەرنجڕاکێشی، کاتێک کەسێک بەشێوەیەکی نامۆ سەیرت دەکات، لێکدانەوەی زۆری بۆ مەکە نەک ببێتە هۆی زیادبوونی دڵەڕاوکێت. لەڕووی پەیوەندی خۆشەویستی هەست بەئاسوودەیی ناکەی، چاوەڕێ بکەی لە هەنگاونان باشترە.

**قرژاڵ**

هەموو سەرەتایەکی بەهێز ئەنجامێکی باشی دەبێت، بۆ ئەم کارە نوێیەت هێز و بڕوابەخۆبوونت بەکاربهێنە کە دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگایەکی نوێی بەختەوەری. چاوەڕوانیت چەندە درێژە بکێشێ، ئەنجامێکی دڵخۆشکەری دەبێت.

**شێر**

هەندێک لە گرفتەکان بەتێپەڕینی کات چارەسەر دەبن بەبێ پەنابردن بۆ هیچ ڕێگەیەک. بەڵێنێک مەدە کە نەتوانی جێبەجێی بکەیت. کاتێکی باشە بۆگۆڕانکاری لە ماڵدا یان باشکردن و بەهێزکردنی پەیوەندی خێزانی. پارەیەکی ڕۆیشتوو وەردەگرنەوە.

**گوڵەگەنم**

لەم هەفتەیەدا هەستی ڕەشبینی کە زۆربەی کات لەگەڵتدایە دەگۆڕێت بۆ گەشبینی، دەتوانی خۆت لەخەیاڵەکان قوتار بکەیت وهەوڵی جیدی بەگەڕبخەیت. سەرەتای دەسپێکی کارەکان قورسە بەڵام دەتوانی ئاراستە باشەکان دیاری بکەیت وئەنجامەکانیش زامن بکەیت.

**تەرازوو**

دووبارە هەوڵ دەدەنەوە بۆ سوود وەرگرتن لەو هەلانەی پێشتر لەدەستتان چوون. شتە گرنگ و بایەخدارەکانتان بەباشی بپارێزن. زیاتر لەجاران هەست بەماندووبوون دەکەیت، خێرا بێزار دەبیت، بەڵام خۆت دڵتەگ مەکە، چونکە ئەمە کاتییە و ڕۆژانی داهاتوو زیاتر ئاسوودە دەبیت.

**دووپشک**

دیارەکان ئەو ئەنجامە بەدەست ناهێنن کە چاوەڕوانی دەکەی، بەڵام دیداری ئەو کەسانە دەکەیت کە توانایەکی باشی بیرکردنەوەیان هەیە و دەتوانی ڕاوێژیان پێ بکەیت. ئاگاداری دەربڕینەکانت بە بەتایبەتی لەگەڵ هاوسۆزەکەت.

**کەوان**

دەروونت چالاک دەبێت و دەتەوێت سەرکێشی بکەیت، بەڵام بە هێمنی هەنگاو بنێ و دوای حەزی پەلەکردن مەکەوە. وا باشە سەرەتا ئامادەکارییەکی باش بکەی پاشان هەنگاو بنێی. هەواڵەکان و گۆڕانکارییەکان زۆر دەبن، بەڵام دەروونت ئاسوودەیە.

**کارژۆڵە**

کاتێکی باشە بۆ ئەوەی بەختی خۆت تاقی بکەیتەوە، هەر بڕیارێک بدەی، یان بەرنامەی باشی بۆ دابنێی، بەئاسانی دەگاتە ئەنجام، چونکە بەخت هاوکارییەکی باشت دەکات لە بەدیهێنانی ئاواتەکانت، لە سۆزداریدا هاوکارییەکە زیاتر دەبێت.

**سەتڵ**

سەرنجڕاکێش و خۆشەویست دەبیت، توانات زیاد دەکات و دەتەوێ کارێک ئەنجام بدەی. ئەوەی کە زۆر ئاسوودەت دەکات ئەوەیە دەتوانی لەو شتانە دڵنیا ببیتەوە کە پێشتر دڵەڕاوکێی زۆریان بۆ دروست کردبوویت. هەندێک کەس دەخوازن کۆنترۆڵت بکەن.

**نەهەنگ**

خۆت بەدوور بگرە لە گۆشەگیری، ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانت چارەسەر بکە، هەموو کات ئەنجامەکان بەئاسانی دەستەبەر نابن. خۆت و بەرامبەرەکەت دڵنیا بکەرەوە و بەچاوەڕوانی و نیگەرانییەوە پشتگوێی مەخە.



## ئەدەبی ژنان

# ئەدەبی جیاوازی و هەژاری ڕەگەزی : ..

سمکۆ محەمەد

سەدەی بیستەم، سەدەی هەڵاتنی ڕۆژی ژنانی ئەدیب بوو لەئەوروپا، لەوانەش هەڵکەوتنی نوسەر و ئەدیبی وەکو (ڤێرجینیا ئۆلف و کاترین مەنسفێڵد و ڕێبیکا وێڵد و ئانا ئەخماتۆف و دواتریش شیمبۆرسکا) کەزۆرترین موناقەشە لەبارەی دەقەکانیانەوە کراوە، لەنێو عەرەبیشدا کەسانی وەک (نەوال سەعداوی و غادە سەمان و لەیلا ئەلعەلی و نازک ئەلمەلائیکە و ئاسیا جەبارو ئێستاش ئەحلام مستەغانمی) و هتد، لەنێو فارسیشدا ناودارترین ژنە ئەدیب کەلەلای کورد ناسراوە (فرۆغی فروغزاد) و چەندین ژنی تر دەرکەوتوون کەناکرێ هەموویان بەنمونە بهێنینەوە، ئەم دەرکەوتنەی ژنانی ئەدیب، بەدەر لەوەی کەناکرێ جیاوازی لەنێوان ئەو دوو ڕەگەزە واتە ژن و پیاو بکرێ، بەڵام مەبەستەکە زیاتر بۆ دەرکەوتنی گوتاری ژن بوو لەدونیای نوسین و ئەدەبدا، چونکە دۆخی مادی و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوری ژنان لەنێو ماڵدا بوو، یاخود بەشێکی زۆری کاتی ژیانیان بۆ پەروەردە و بەڕێوەبردنی ماڵ بوو لەنێو چێشتخانەدا، یان ئەوەی تەنها بۆدابین کردنی حەزەکانی پیاو تەماشا دەکرا، چونکە تەواوی کایەکان بەئەدەبیشەوە لەژێر دەسەڵاتی گوتاری ئەخلاقیانەی پیاودا بوو، ئیدی هەم وەک شۆڕشێک دژی عەقڵیەتی کۆنەپەرستی و هەم بۆدەرکەوتنی توانای ژنان.

ئێمە ژنگەلێکمان هەیە کەدەرکەوتوون و دەنووسن و خۆیان نمایش دەکەن، بەڵام ئەمانە نمایندەی ئەو ژنانە نین کەبریتیە لەسروشتی ژیانی ئەو ژنانەی کەهەمیشە لەژێر دەسەڵاتی باوکسالاریدان و سەرکوت دەکرێن، بۆیە ژنان ئەو رقەیان هەیە کەهەندێکجار بەناڕاستەوخۆ وەکو فێمێنیست خۆیان نمایش دەکەن بەڵام پەشیمانن لەو گوتارە و ناوێرن بەیانی بکەن، لەمبارەیەوە ( سیۆدۆر ئادۆرنۆ) بەشێک لەو ڕەخنانەی کەلەبارەی پێشکەوتن بەگشتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هەیەتی ئەم جیاوازییەی بەیان کردوە و هۆکارەکانیشی لەسروشتی مرڤدا دەستنیشان کردووە کەچۆن لەژێر کۆنترۆڵی سیستمی بۆرژوازیدا دەردەکەوێ.

" دەکری چارەنووسی ژنان لەژیاری مۆدێرندا باشترین نمونە بێت بۆ داماڵینی مرۆڤ لەخەسڵەتە ئینسانیەکان، بەبۆچوونی ئادۆرنۆ ئەمە مەرجی سێهەمی پێشکەوتنە پاش دوو مەرجە پێشوەختەکەی کەبریتین لە ڕەتکردنەوەی جیاوازی چۆنایەتی و هەوڵدان بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر سروشتدا، ژنان هەڵگری کۆمەڵێک هێمای ئەوتۆن لەلایەن سروشتەوە سەپێنراون و ناکرێ بسڕێنەوە، ئێستا ژن بەرچاوترین هێمایە بۆ هەردەم مەحاڵی سەربەخۆبوونی مرۆڤ لەسروشت و ئیدی ژن ڕقێکی بێ سنووری ئەو تۆ بەسەرخۆیدا دەهێنێت کەقوڵی ئەو ڕقە زیاتر لەتوندوتیژی ساددی دا، نەک لەخۆ دەرخستنی خێرخوازیانەی باوکسالاری بۆرژوازی دەردەکەوێت، بۆیە مل پێکەچ کردنی ژنان سیمبولی چارەنووسی مرۆڤی مۆدێرنە لەکۆمەڵگەیەکدا کە ڕق بەماددەکردن حوکمی دەکەن، ژن ڕێگەی نادرێت چۆن پیاوان لەتاک ویستی خۆیان دابڕاون، بگاتە تاک ویستی خۆی تەنها نمونەیەکی توخمەکەی خۆیەتی، بەگۆشەگیری یان دابڕان لەیەکتری ناسنامە بەیەکتری دەبەخشن، هەروەک چۆن لەگەڵ گەلانی ڕاستەقینەی کۆلۆنیاکراودا جولەکەکان و ئارییەکان ژنان بێدیفاع کراون". (1) .

لەهەر کۆمەڵگەیەک ژنان دەرکەوتن، سەرەتای دەرکەوتنەکەش وەک شێوە لاساییەکی پیاوان بوو شکڵی وەرگرتووە، بەڵام دواتر ئەم دەرکەوتنە بوو بەئەمری واقیع و جۆرێکی دیکەی کێبەرکێی مەعریفی و هەنگاو بەهەنگاو مەترسی نەماو شوناسێکی تایبەتی خۆی وەرگرت بۆ پێناسەکردنی ئەو دۆخەی کە ژنان بەتایبەتی تێیدا دەژین لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، ئیدی ئەدەب واقیعێکی دیکەی وەرگرت کەدواجار گوتاری فیمێنیستی لەڕۆژئاواوە هات و کردی بەیەکێک لەئاراستە فکرییەکان، هەر لەم سۆنگەیەشەوە یەکێک لەو ڕەخنانەی کەلە (جۆلیا کریستۆڤەر و هێلێن سیسکۆ) دەگیرا، ئەوەبوو کەرەخنەکانیان لەتێڕوانین و هەڵوێستی دژواز و ئاژاوەگێڕی بوو، هەروەها لەژێر کاریگەری گوتاری پیاوانەوە سەرچاوەی گرتبوو، چونکە خەیاڵێکی دیکەی بەرجەستە نەکرد کەدژە گوتاری پیاوانە بێت، بەو پێیەی کەخاوەن خەیاڵێکی فێمێنیستی بوون، " ئەتوانین لەکارەکانی (جۆلیا کریستیڤای فێنمێنیست خاڵێکی بەیەکگەیشتنی دیکەی نێوان تیئۆرە سیاسی و شیکردنەوە دەروونیەکان بەدی بکەین، جۆلیا بەتەواوی بۆچوونەکانی لەژێر کاریگەری لاکانە، بۆکەسێک لایەنگری یەکسانی ئافرەتان بێت، گرفتێکە گەر بکەوێتە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی لاکانەوە، ئەو سیستمە سیمبولیانەی کەلاکان گفتوگۆیان لەسەر ئەکات، هەمان باوک سالاری و هەمان ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیەیە کە تایبەتە بەکۆمەڵگەی چینی نوێ، کەبەدەوری مەدلولی بالای کۆئەندامی نێرینەدا شێوەی گرتووە، لەژێر چەپۆکی یاسایەکە کەباوک بەرجەستە دەکات، بەڵام هیچ ڕێگایەک نییە بۆ کەسێک کەبڕوای بە یەکسانی ژنان هەبێ و بەرگری لەم قوتابخانەیە بکات، بەبێ ڕەخنە پێشوازی سیستمە سیمبولیەکات بکات لەسەر حسابی خەیاڵ، بەپێچەوانەوە ئامانجی ڕەخنەگرانێک کەبڕوایان بە یەکسانی ئافرەت هەیە، بریتیە لەتاوتوێکردنی سەرکووتکردنی پەیوەندییە سێکسیەکانی ئەم جۆرە ڕژێمە، لەم ڕووەوە کریستیفا دژایەتی سیمبولێک دەکات نەک بەڕادەی دژایەتی خەیاڵ". (2) .

وەکو پێشتر لەیەکێک بابەتەکاندا قسەمان لەوەکرد کەزۆربەی چەمکە ئەدەبیەکان، وەکو مۆدێل هاتنە نێو دونیای ئەدەبی کوردییەوە، ئاوهاش چەمکی فێمینزم هاتە نێو ئەدەبیاتێک کەژنان کاریان پێدەکرد، گوایە بەرپەرچدانەوەیەکی گوتاری پیاوانەیە، بەڵام ئەمە نەک هەر لەڕووی فکری و ئەدەبییەوە کەدەبوو لەدەقەکانیان ڕەنگبداتەوە، بەڵکو جۆرە لادانێکیش بوو لەڕێسای نوسین و بەرهەمی ئەدەبی، هۆکاری نەگایاندنەکەشی ئەوەبوو کەهەم عورف و نەریتی کۆمەڵگا ڕێگربوو، هەم خودی ئەدیبە ژنەکان نەیانتوانی کەڵک لەو ڕەهایەتییە وەربگرن کە (سیمۆن دی بۆڤارا) دەیگوت "ژن دەبێ خۆی پێناسە بۆ خۆی بکات نەک پێناسەکە لەڕێگەی پیاوەوە بێت"، ئەم نێرمانابیە تەنها لەنێو دەستەیەک لەژنانی ئەدیب بەکرچ و کاڵی جێگەی گرت، ئەگەرنا نەک هەر لەنێو ئەدەبیات، بەڵکو ئەو فکرەی فێمێنیستی لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتبوو، هیچ مێینەیەکی بۆ هۆشیار نەکرایەوە و جێکەوتە نەبوو، تەنها ئەوەنەبێ شێوە بەرگرییەک بوو لەژیانی ژن لەژێر سایەی عورفە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان و هیچی دیکە.

شان بەشانی کارکردنی بەشێک لەو ژنانەی لەنێو ئەدەبدا دەرکەوتن، جۆرە پاشکۆیەتیەکی ئەدەبی پیاوان بوو، نەک بەو مانایەی کەخۆیان وەکو ڕەگەزێک جیابکەنەوە، بەڵکو وەکو ئەوەی بیسەلمێنن ژنانیش دەتوانن بەشداری ئەو کایەیە بکەن، بەڵام هەر وەک چۆن لەنێو سیاسەتدا ژنان تەنها بۆ جۆرێک هاوکاری پیاوان و هەندێجاریش بەناچار تێوەگلان، ئاوهاش بەشێکی زۆر لەئەدیبانی ژن تێوەگلان بەئەدەبەوە و تەنها خۆدەرخستن بووە، باشترین سەلمێنەریش ئەوەیە کەژنێکمان نییە لەدونیای ئەدەبی کوردیدا خاوەنی ستایلێکی تایبەت بەخۆی بێت و ناسراوبێت.

### ئەدەبیات بۆ ژن .:

دونیای ژنان و گەیاندنی گوتاری کەسێتی خۆیان، بەدرێژایی مێژوو تاکو سەردەمی ڕێنیسانس و ئاڵوگۆڕی سیستمەکان لەپیاوسالاریەوە تاکو زەقکردنەوەی کێشەی ژن، گوتار بەشێک بووە لەو قەیرانەی کەجۆرێک تێنەگەیشتنی دروستکردووە هەم لەنێو ژنان خۆیاندا کەدەرنەکەوتوونە، هەم پیاوانیش تێنەگەیشتوون لەو هەوڵە، (یۆجێر ئۆلف) لەمبارەیەوە دەڵێ" یەکێک لەهۆکارەکانی گەیاندنی گوتارە دەگمەنەکانی ژنان بەرامبەر بەو سروشتەی کەبەزۆر بەسەریاندا سەپاوە، گەیاندنی گوتار لەڕێگەی ئەدەبەوە ڕێگەیەک بووە قسەی خۆیانی تێدابکەن، بۆئەوەی چیتر وێنەی ڕاستەقینەی ژن لەلایەن پیاوانەوە دروست نەکرێت". (3). ئەم تێڕوانینە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کەبەدوو تێڕوانین دەقی ئەدەبی بۆ پیاو مانایەکی هەیە و بۆ ژنانیش مانایەکی دیکە.

تێڕوانینی یەکەم: ژن وەکو کەرەستەی خاوی جوانکاری نێو دەق دادەنرا و تاڕادەیەکیش بیرکردنەوە و تێگەیشتنێکی جێکەوتە بووە، بۆنمونە جەستەی ژن و سیما و فەزا سیحراویەکەی کەرەستیەک بوون بۆ ئەوەی پیاو بتوانن دەقی پێ دەوڵەمەند بکەن، وەکو ئەوەی کەژن نوێنەری هەستی پیاو و دامرکاندنەوەی حەز و ئارەزووەکانی پیاو بن و ژن ئەو مافەی لەلای پیاو نەبێ و غەریزە و ئارەزووەکانی کەمتر بن لەپیاو.

تێڕوانینی دووەم: نوسینی دەق کەپاشخانێکی مێژوویی هەیە، یەکێکە لەکاری پیاو، بۆیە دەبێ ژن ئەم کارە نەگرێتە دەست و نەبێت بەیەکێک لەو کارەکتەرە چالاکانەی کەپشکی هەبێ لەدەوڵەمەندکردنی زمان و ئەدەب و گوتارە جیاوازەکان، بۆیە کەسێکی وەکو (ئۆرێل موی) دوو جۆر نەریتی دەستنیشان کرد، یەکێکیان ئامریکی و ئینگلیزی بوو، ئەویتریان فەرانسەایی، ئەوەی یەکەم بۆئەوە بوو کەژن بتوانێ ململانێ لەگەڵ جۆرەکانی دەسەڵاتی پیاوان بکات، نەریتی دووەم دەرونشیکارانەی ژن بوو، ئەو هاشا لەدەقی پیاوان ناکات، بەڵکو کۆمەڵێک ژێدەری هزری جۆراوجۆری هەیە و بەپێچەوانەی هەندێ فێمینیستی ئینگلیزی و ئامریکی کەهەڵوێستی ناوەندی ڕەچاو دەکەن، لەوانەش (ژولیا کریستۆڤەر و هێلین سیسکۆ).

ئێمە لەکاتێکدا ئەم موناقەشەیە یان باشتر بڵێم بەرهەڵستکاری لەدابەشکردنی ئەدەبیاتی پیاو و ژنان دەکەین، ئەو کاتەیە کەئەدەب و نوسین کاری تاکە کەسییە و هیچ پەیوەندی بەگروپبەندی و ڕەگەزییەوە نییە، بەو مانایەی کەهیچ کۆمەڵگەیەک نییە ژن و پیاوەکانی دژی یەکتربن، ئەمیان ئەویترەتبکاتەوە، دەردەسەری و نەهامەتی هەریەکەیان خەتای ئەوی تریان بیت، بەڵام ئەوە عەقڵیەتی دواکەوتوویی یان توندڕەوییە ئەم جۆرە دابەشکردنە دەکاتە باو، ژنانیش یان ئەوەتا بەرگری لەخۆیان دەکەن، یان ئەوەتا وەکو عادەت و نەریت کەلەژنی ئاساییدا هەیە، تەنها دەقەکانیان بەزمانی ژنانەوە دەڕازێننەوە، نەک ئەوەی کردبێتیان بەگوتارێکی ڕاستەوخۆ و وەکو نوسەرە ژنەکانی ڕۆژئاوا و عەرەب و فارس دەربکەون. لەدونیای عەرەبی و فارسیشدا کەئێمەی کورد ئاشنایەتی زیاترمان هەیە بەئەدەبیاتی ئەوان زیاتر لەبیانی مەبەست لەفەرانسایی و ئینگلیزی و هتد، دەتوانین فروغی فروغزاد و لیلی عوسمان وەربگرین کەهەردوکیان سوژەکانیان لەنێودەقدا گرێداوە بەمەسەلەی جەستەی ژن و سێکس وەکو ترنساکترین حاڵەتی بوونی ژن لەکۆمەڵگەدا، ئەمە دواجار چونکە کێشەی ژن جیانەکرایەوە لەکێشەی کۆمەڵگە، بەڵام فۆڕمی جیاوازی وەرگرت، هێشتا گوتاری پشت دەقەکان ئاشکرا نەکرا کەبۆچی و لەپێناوی چیدا مەسەلەی ژن گرێدراوە بەپیاوەوە، لەحاڵێکدا ژن بۆخۆی بەشێکە لەو فەزا کۆمەڵایەتیەی کەلەو پەڕی کراوەوە بۆ ئەوپەڕی داخراو، ڕەنگە لەهەندێ شوێندا پێچەوانە بکەوێتەوە مەسەلەی ژن، بەڵام ئەمە لەدەقی ئەدەبیدا تەواو وەزیفەی وەرنەگرتووە، تەنها وەکو بەزەییەک دەرهەق بەحاڵی ژنان کەدواجار زیانی گەورە بەکەسێتی و شوناسی ژن گەیاندووە بەبێ ئەوەی ژنان خۆیان بەم نهێنیە فەلسەفیە بزانن.

### گرێی کۆمەڵایەتی
### کارێکتەری ژن لەڕۆمانی کوردیدا

ڕەنگە لەئاستی ڕۆژئاوادا ئەمە لەرابردوودا بەبەراورد لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکگەراییدا گۆڕابێت، بۆنمونە ڕۆمانی (من و ئەوی تر) ی (ئەلبێرتۆ مۆرافیا) کەتەواو سوژەی ڕۆمانەکەی دەربارەی مەسەلەی سێکس و کێشی ئەندامی نێرینە بۆ پیاو ئەندامی مێینەیە بۆ ژن، مەسەلەیەکی دەروونی خولقاندووە لەکاتی خۆیدا شۆڕش بووە، هەروەک ئەوەی کەشێرزاد حەسەن لەئەدەبیاتی کوردیدا ئەو فەزایەی دروستکردووە و ئەو شوناسەی بۆخۆی داگیر کردووە.

تائێرە قسەمان لەسەر ئەو ژنانە بوو کەلەسەدەی ڕابردوو ژنانی ئەدیبی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی پێیدا گوزەریان کرد، ئەوان توانیان خۆیان ڕزگار بکەن لەو ڕەخنە لۆژیکیەی کەلێیان دەگیرا، هەرچی ژنان ئەدیبی کوردە کەتاکو سەدەی ڕابردووش لەو مەعزەلەیەدا گینگڵی دەدا، هەر بۆیە لەبەر نەبوونی پێوەری لۆژیکی و زاڵبوونی دونیابینی ڕۆمانسیانە، ئاسمانی ئەدەبی کوردی، پڕبوو لەئەدیبی ژن و کران بەئەستێرە، ئەمە جگەلەوەی کە چەندین ناوی وەک (ئەحلام مەنسوور و دایکی سۆلاف و شیرین ک و ئەرخەوان) و هتد، لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بوونیان هەبووە و جۆرێک لەیاخیگەرێتیان کردە باو، ئەمە شاهیدی نەهاقی نیە ئەگەر بەپێوەری لۆژیکی ئەم سەردەمە مامەڵەیان لەتەکدا نەکەین، بەڵکو وەکو خۆیان وەکو هەلومەرجی ڕابردوو تەماشایان بکەین بەتایبەتی لەچیرۆک، هەروەها لەهەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، کەسانی وەک (نەجیبە ئەحمەد و چۆمان هەردی و کەژاڵ ئەحمەد و کەژاڵ ئیبراهیم و چنوور نامیق و چنار و ڕۆژهەڵەبجەیی و نیگار نادر و شەرمین نەقشبەندی و ئاوێزان نوری و هتد) دەرکەوتن، بەڵام ئەوانیش هەم دەقەکانیان مەبەستگەرایی بوون، هەم کێبەرکێکەیان لەتەک پیاواندا درێژخایەن نەبوو کەبەو ڕێژەیەی پیاوان لەبەرچاون، بەتایبەتی کەکێبەرکێکە لەسەر ئیستاتیکا نەبوو، بۆیە ژنان پەراوێزخران، هەم خوێنەر یان ڕەخنەگرێکی ڕاستگۆ نەبووە، یان کەهەبووە موجامەلەی کردوون، نەیانتوانی بەشێک لەو قەیرانە ئەدەبیە ڕزگار بکەن کەژنان تێیدا بەشێک بوون، من بەش بەحاڵی خۆم هەستم بەگوتارێکی ژنانە نەکردووە لەو دەقانەدا، هەستم بەفەزایەکی جیاواز نەکردووە کەزمانی ژنانەی پێوەدیاربێت، هەستم بەوە نەکردووە کەبەر لەوەی خۆیان وەک ئەدەیبی ژن بناسن، یان ئەوەتا ئەو چەمکە ڕەتبکەنەوە کەپۆلین کردنی نێر و مێیە، لەپشت ئەو دەقانەوە "ئەنتۆلۆژیا" خودناسی نابینم، تەنها ئەوەنەبێت کەدەرکەوتنیان وەکو سەلماندنی خود بووە و تائێستاش بەهەمان ئاراستە دەقەکانیان نمایش دەکەن، ئەگەر هەڵە تێگەیشتن نەبێ دەقە شیعریەکانی (قوبادی جەلیزادە) کەکاریگەری نەزار قەبانیان پێوەدیارە، زۆر لەدەقی ژنە شاعیرەکان کراوەتر بووە، ئەمە وێڕای تێبینی ئەوەی کەجەلیزادە مەبەستی لەئازادکردنی جەستەی ژن نییە، بەڵکو ئارەزووی سێکسیە بۆ ئینسان کەڕەنگدانەوەیەکی ناڕاستەوخۆی هەیە لەخەیاڵی پیاودا، بۆیە هەندێ لەژنانی ئەدیبیش هەمان ستایلیان دووبارە کردەوە و بەجەستەی پیاودا هەڵیاندا و هەمان گوتاری پیاوانەیان دووبارە کردەوە.

لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، خەریک بوو ئەدەب پۆلین دەکرا بەسەر نێرو مێدا، هیچکام لەو شاعیر و چیرۆکنووسانەی کەلەسەرەوە ناوم بردن، کەم تازۆر وەڵامی ئەو پۆلین کردنەیان نەدایەوە، لەوەش بترازێ کەمترین هەوڵی تێدا نابینرا بۆ تێکشکاندنی دەق لەقەید و بەندی شیعریەتی نوێخوازی، جگە لەو حاڵەتە ڕۆمانسیانەی کەوەک بڵێی بێئاگابن لەئەدەبیاتی نوێی جهانی.

حاڵەتێکی دیکە کەدواتر بوو بەمۆدێل لەنێو ژناندا، بەکارهێنانی موفرەدەی ڕووت و بەیان کردنی خەیاڵێک بوو کەپەیوەندی بەجەستەوە هەیەو هیچی دیکە، نمونەشیان (کەژاڵ ئەحمەد و نیگار نادر) بوو. ئەم دیاردەیە بەحاڵێک تەشەنەی کردە نێو کچان وژنانەوە، ئەگەرکچێک بەو ستایلە نەینوسیبا، بەشیعری نوێخوازی و خاوەن جورئەت لەقەڵەم نادرا، سەرباری هەموو ئەمانەش هەمیشە ژنان و کچانی ئەدیب، خۆیان هەوڵی خوێندنەوەی دەقەکانی خۆیان نەدەدا، ئیدی هۆکارەکەی ئەوەبوو کەرەخنەگر نەبوون یان ئەوەی ئیرەییان هەبوو لەبەرامبەر یەکتر، بۆیە لەچاوەڕوانی پیاوەکاندا بوون دەقەکانیان بخوێننەوە، هەڵبەت باشترین دەقیش کەپیاوان هەڵیان دەبژارد بۆ پێشبڕکێ ی شیعری، یان بۆ خوێندنەوە، ئەو شیعرانە بوون کەژنە ئەدیبەکان بۆ جەستەی خۆیان نوسبویان، سەرەنجام لەبری پێشبڕکێ ی ئەدەبی، ئیرەیی بردن بوو بەمۆدێل و هیچی تری بارنەهێنا. بۆیە جیاکرانەوە لەئەدەبی پیاوان و بەهەژارترین ئەدەب ناسرا.

ئەم حاڵەتەی کەلەنێو ژنانی ئەدیبدا بوونیان هەبوو، بەهەمان شێوەش لەنێو ژنانی ڕۆژنامەنووسیشدا هەبوو، بۆ نمونە زۆر بەدەگمەن ژنێکی ڕۆژنامەنووس و نوسەر، توانیویەتی خۆی سەرقاڵ بکات بەکایەکانی تری وەک کۆمەڵناسی و سیاسی و ئابوری و هتد، نەبوونی ئەم گوتارە سەربەخۆییەی ژنان، کارێکی وەهای کرد کەژنان لەپەراوێزی پیاواندا ژیانی ئەدەب و سیاسەت و ڕۆژنامەنووسی ببەنەڕێوە، تائەو کاتەی کەچەند ژنێک لەنێو ڕۆژنامەنووسیدا دەردەکەون، ئەمە جگە لەو ململانێ نابابەتیانەی کەلەنێوان ژنان خۆیاندا هەبووە، جگە لەئیرەیی بردن، هیچ پێشبڕکێیەکی داهێنانی لەخۆ نەگرتبوو.

### سەرچاوەکان .

1: تیری ئیگلتۆن، شیکردنەوەی دەروونی لەرەخنەی ئەدەبیدا، و. سەلاح حەسەن پاڵەوان
2: کتێبۆک لەبڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم.
3: توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی. ڕاجێر وێستێر. وەرگێرانی بۆ کوردی. عەبدولخالق یەعقوبی. ل 78

# گەیشتن بە ڕۆحی تێکست یان بە سەرەتای بیرکردنەوە

بڵند باجەلان

(هیچ)، ناونیشانی دیوانێکی شیعریی (وریا مەزهەر)ی شاعیرە و لە ساڵی (2002)دا بڵاوکراوەتەوە، ئەو دیوانە لەکاتی خۆیدا گرنگیی خۆی هەبووە لەسەر ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، بە پێویستی دەزانم لەم باسەدا لە کۆمەڵێک ڕوانگەی جیاوازەوە قسە لەسەر (هیچ) بکەم.

ڕەخنەگر پێوەرێکی نییە بۆ سەلماندنی ئەوەی کەرەستە مردووەکان مردوون و زیندووەکان زیندوون. لای وریا-ی مردوو، ئەو نەبوونی پێوەرە هەمان ئەو شتەیە کە مانای شیعریی لەسەر بینا دەکرێ. چەندین کەس بە بۆچوونی جیاوازەوە لە (مانا)ی شیعری دواون. ئەو بۆچوونە زۆر و دژ بە یەکانە، وایانکرد لەلایەن کەسانێکەوە بگوترێ شیعر قسەی بۆشە و جۆرێک لە گەڕانەوە هەبێ بۆ ئەو وشە یۆنانییەی شیعری لێوە دروستبووە. (سۆکرات) دوژمنی گەورەی شیعر بوو، سەرچاوەی شیعری بۆ ئیلهام دەگەڕاندەوە و پێیوابوو شاعیر ناتوانێ شیعرەکانی لێکبداتەوە و ڕەخنەیان لێبگرێ. (پلاتۆ)ش پشت لە مامۆستاکەی ناکات و شیعر بە شتێکی بێمانا لە قەڵەم دەدا و دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی شیعر بە تەنیا خەریکی لاساییکردنەوەی وێنەی شتەکان و وێنەی حەقیقەتە ناتەواوەکانە. ئەو بە دیدێکی ئایدیالیزمییەوە مەودایەک دەداتە کات و شوێنی کۆمەڵ و گەردوون. (مانا) لە شیعری وریا-دا ڕاستەوخۆ ئیش لەسەر خولقاندنی نەکراوە، واتە ڕاستەوخۆ ئیشی لەسەر خولقاندنی (مانا) نەکردووە. هەوڵی (وریا) بۆ بونیاتنانی (مانا)ی تایبەت، لە چوارچێوەی هەمان ئەو فەزایەدایە کە شیعرەکانی تێدا نووسیونەتەوە. شاعیر بەر لە دەستکردن بە نووسین، بیری لە دروستکردنی (مانا) نەکردووەتەوە. زۆر لە شاعیران و ڕەخنەگرانی کورد پێیانوایە، شیعر بریتییە لە دروستکردنی مانا (د.عەبدولخالق یەعقوبی بۆچوونێکی وەهای هەیە). (وریا) بۆ دروستکردنی مانا، خۆی نەبەستووەتەوە بە ڕۆمانسییەکانەوە کە لە سەرەتاوە بزووتنەوەیەکی ناڕەزایی بوون بەرامبەر کلاسیزم و پرەنسیپ و میتۆدە کۆنەکان و شێوەی ئەرستۆکراتی ئەو ناوەڕۆکانەی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەهاتن. ڕۆمانتیکەکان پێیانوابوو هیچ بابەتێک نایاب نییە، بۆیە هەموو شتێک شایستەی ئەوەیە بکرێتە هونەر. وا لە خوارەوە بە ڕەچاوکردنی مانای تایبەتیی شاعیر، چەند نموونەی شیعریی نێو دیوانەکە دەخەینەڕوو:

**واتە، ئێمە**
**هەر بۆ وادەی چەن خولکەیەک کۆپکی**
**چاومان دادەخەین و**
**خولێ لەنێو تونێلەکانی دەروونمان دەخۆین**
**و**
**دەگەڕێینەوە سەر شوێنی خۆمان و**
**هەمدیسان**
**چاومان دەبێتە تونێلێکی ئاوەڵە بۆ**
**تێپەڕبوونی قەتار و**
**قەتار**
**ناڕوا**
**جووڵە**
**لە شوێنی خۆی ناکا،**
**بەڵام ئێمە وا قەرارە**
**لە وێستگەی چەندەم**
**دا —**
**بەزین)**

داخستنی چاو بۆ ماوەیەکی کاتی، بۆ چەند خولەکێک، خولانەوەیە بەنێو دەروونی خۆماندا، لەنێو شوێنێک لە دەرووندا، لەنێو تونێلەکانی دەرووندا، وەلێ ئەنجام بریتییە لە گەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێک و بوونی چاو بە تونێلێکی کراوە بۆ تێپەڕبوونی قەتار، دەرەنجامی یەکەمیش بریتییە لە (هیچ)، ئەمەش ناونیشانی یەکێک لە بەرهەمەکانی (وریا)یە کە لەخۆگری ئەو پارچە شیعرەی سەرەوەیە. وەک گوتمان دەرەنجام بریتی بوو لە: هیچ، بەهۆی وەستانی قەتار و جووڵە نەکردنیەوە، کەچی دەردەکەوێ کەسێک دەیەوێ دابەزێ لە بارێکدا هیچ جووڵەیەک بوونی نییە و شتەکان وەستاون. کۆی دیوانی (هیچ)ی وریا مەزهەر، سووڕانەوەیە بەدەوری ئەو هیچەدا، کەواتە شاعیر لە هەڵبژاردنی ناونیشانێکی گونجاو بۆ دیوانەکەی توانیویەتی سەرکەوتوو بێت. کەرەستەی ئەو هیچاندنە بریتییە لە زمان. شاعیر لە ڕێگای زمانێکی شیعرییەوە، فیکرێکی شیعری و ڕۆحێکی شیعریمان پێشکەش دەکا. لای (نیتشە) زمانی شیعری بەرزترە لە زمانی زانستی و سروشتی. زمانی شیعری سوود لە سروشتی میتافۆریانەی زمان وەردەگرێ. میتافۆریش دەبێتە سروشتی جەوهەریی زمان و واتا میتافۆرە و میتافۆر واتایە، کەواتە بەکاربردنی زمان کردەیەکی جوانە. جوانیی زمان بۆ میتافۆر گەڕایەوە، ئەو جوانی بەخشی بە زمان و بەکاربردنی زمانێکی شیعری جوانیش، ئامانجە سەرەکییەکەیە کە بریتییە لە لەدایکبوونی شیعرێکی جوان. جوانی کە جەوهەری ژیانە، ئەوا جەوهەری شیعرە، چونکە شیعر ژیانە و مەرگی نێو شیعریش بۆ خۆی ژیانێکی ترە بە تێبینیکردنی پێکهاتەی دەق (1). شیعری (وریا) هەمیشە بۆنی مەرگ دەدا، کەواتە ژیانی (وریا) بۆنی مەرگ دەدا، ئەو لە ڕێگای زمانێکی جیاوازی شیعرییەوە، گەرەکیەتی ژیانێکی جیاواز بخاتەڕوو کە لە مەرگدا چاوی دەکاتەوە.

ژیان ئەگەر بریتی بێت لە خودی شیعر، ئەوا زۆر جار شیعر لە ژیان دەدوێ، ئێمە لە ژیاندا کە شیعرە لەبارەی ژیانەوە دەدوێین، وەکو گوتیشمان مەرگی نێو شیعریش بریتییە لە جۆرێک لە ژیان و واتادارە (referent)، چونکە مەرگێکە لە باوەشی ژیاندا، ژیانێک کە شیعرە. ژیان چی بەسەر دێت لە ئانی مردنی شیعردا؟ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ (پلاتۆ) ئەوا هیچ ڕوونادا، چونکە ئەو هێرش دەکاتە سەر شیعر و تەنها بە وێنەگرتن و لاساییکردنەوەی بێ سەروبەر ناوی دەبا، وەلێ ئێمە پێمانوایە زۆر شت ڕوودەدا لە ئانی نەمانی ئەو دەنگەدا، دەشکرێ پێمانوابێ هەموو شتێک قابیلی ڕوودانە، بەهۆی باوەڕمانەوە بە یەکسانیی نێوان شیعر و ژیان، بەو واتایەی ژیان هیچ نییە جگە لە پارچەیەک هۆنراوە. شیعری (وریا) گرینگە بە نیسبەتی ژیانی (وریا)وە، با ژیانێکی جێماویش بێت، ئەمەش وەستانە لە بەرامبەر دیدی (پلاتۆ) کە شیعری بە بێ بەها ناودەبرد و ڕۆیشتنە بە ئاقاری ئەوانەی شیعرویستن.

شیعر ژیانە، کۆتایی ژیان کە مەرگە سەرەتای ژیانێکی ترە.

(کامۆ) هەموو یاخیبوونە مێژووییەکانی وەکو (سپارتاکۆس) و شۆڕشی کۆیلەکان و شۆڕشی (فەڕەنسا) دەخاتە ژێر باسەوە. ئەوکاتەی (کامۆ) قسە لەسەر کوژرانی شا دەکا لەلایەن فەڕەنسییەکانەوە، قسە لەسەر ئەو تیۆرانەش دەکا کە ڕێخۆشکەربوون، تا دەگاتە نووسینەکانی (ڕۆسۆ) و (پەیمانی کۆمەڵایەتی). مرۆڤ خۆی چارەنووسی خۆی دیاری ناکا، ئەوە ڕەوتی حەتمیی مێژووە چارەنووسی ئەو دیاری دەکا (ئەمە دیدی کامۆیە لەهەمبەر فەلسەفەی هیگڵ).

ئەوانەی سەردەکەون، لەبەر پێویستیی مێژووە، لێرەوەیە ڕەوایەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری دێت. (کامۆ) بەوەش وازی نەهێناوە، (ئەفسانەی سیزیف)ەکەی لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر چەمکی پووچی و خۆکوشتن و (مرۆڤی یاخی)یەکەی لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە یاخیبوون و کوشتن.

ئەوکاتەی مرۆڤ باوەڕی لەدەستدەدا، دەکرێ لە بەرگێکی لۆژیکییانەدا، بیانوو بۆ کوشتنی ئەوانی تر بهێنێتەوە. مرۆڤی یاخی ئەو مرۆڤەیە، لە پێناوی بەهایەک یاخی دەبێت. (وریا)ی یاخی، لەپێناوی بەهایەک یاخی دەبێت کە بەهایەکی تاکەکەسییە، وەلێ بەقەد تاکەکەسی بەهاکە، تاکەکەس بە مرۆڤایەتییەوە گرێدەدا. ئەو ئازارەشی هەیەتی، ئازارێکی بە کۆمەڵە بەهۆی ئەو نەمانی سنوورەی لە سەرەوە باسمانکرد. ئەمەش جیاوازیی نێوان یاخیبوون و پووچێتییە کە لەوەی دووەمیاندا ئازار تاکەکەسییە. هەموو یاخیبوونێک بە شتێک دەستپێدەکا و بە شتێک کۆتایی دێت، ئەگەر یاخیبوونی میتافیزیکی بە ناوی ئازادی مرۆڤەوە دەستپێبکا و بە ستەم کۆتایی بێت و یاخیبوونی مێژوویی بە دادپەروەری دەستپێبکا و بە کەمکردنەوەی ئازادیی تاک کۆتایی بێت، ئەوا یاخیبوونی (وریا مەزهەر) بە (وریا مەزهەر) دەستپێدەکا و هەر بە (وریا مەزهەر)یش کۆتایی دێت.

**کام دادگا و کام ئێوە و کام بەڕێز و کام**
**شەرەف و کام ئاوەس بوون ؟**
**ئۆقرە بگرن**
**پێتان دەڵێم:**
**هەر وا کە من بە دەستی من نەکوژراوە**
**لێرەش**
**قەتڵێ**
**ڕووی**
**نەداوە!)**

پرسیار ڕاستەوخۆ خۆی بەیان دەکا، پرسیارەکانیش بە (کام) دەستپێدەکەن. پرسیارکردن بە (کام) دەتوانێ بە مانای هەڵبژاردن بێت، واتە ئێمە لەڕێگای (کام)ەوە لەنێو کۆمەڵێک شتی هەبوودا شتێک هەڵدەبژێرین، دەشکرێ واتای نەبوونی هیچ بێت، (کام) ئەو ڕۆڵە ببینێ کە هیچ شتێک بوونی نییە و هەر ئەم هیچاندنەش ئامانجی (هیچ)ی (وریا)یە، کەسێکی قسەکەر لەبەر نەبوونی هیچ دادگا و ئێوە و شەڕەفێک، پەنا بۆ (کام) دەبا، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ هیچ بوونی نییە. خود داوا دەکا پرسیارکەران ئۆقرە بگرن لە بارێکدا کە شتەکان هیچن و بوونیان نییە، چونکە خود بوونی هەیە، واتە کاتێ هەمووان نائومێد دەبن لە بوونی شتەکان، شتی یەکەم کە خودی شاعیرە و هاوکات خودە یەکەمییەکەیە، بوونی خۆی دەخاتەڕوو کە بوونێکە دەتوانین هەستی پێبکەین و بەرجەستەیە، نەکوژراوە، ئەسڵەن هیچ کوژرانێک بوونی نییە. (مارتن هایدگەر) هەوڵی دەدا گرفتی خۆدامالین لە باکگراوندی ڕابردوومان بەرەو چارەسەری ببا کە (هۆسرەڵ) بە هەڵواسین ناوی دەبرد، هەڵواسینی تێڕوانین و تێگەیشتنی پێشوەختە بە زەینێکی بەتاڵ و داماڵراو لە گشت باکگراوندێک وەک ئەوەی یەکەمین جار بێت بەر ژیان بکەوین، (هایدگەر) لە هەمبەر چارەسەرکردنی گرفتی نەتوانینی خۆبێلایەنکردن، (بوون) یان (ڕاڤەی بوون)ی داهێنا. (2). بوون لە شیعرەکەدا بوونێکی داهێنراو نییە، سروشتییە، جەوهەرییە، نەگۆڕە و توانای ئەوەی تێدایە بۆ ماوەیەکی زیاتر بمێنێتەوە، ئەو بوونە لەناونەچووە و هیچ کوژرانێک بوونی نییە و من هەڵنەستاوە بە کوشتنی من. کوژرانی من ئەگەر بابەتێکی سەنتەری بێت بە دەستی من، ئەوا کوشتنی من بە دەستی من نابێتە هۆی لەناوچوونی بوونی من ئەگەر ئەو کوشتنە ئاستی جەستە تێپەڕێنێ و بگاتە ئاستی ڕۆح، یانی دەشێ من ڕۆحی من بکوژێ پشتبەست بە کەرەستەیەک کە بریتییە لە ڕۆحێکی تازە، واتە ئێمە لە ڕێگای ڕۆحێکی تازەوە ڕۆحە کۆنەکان دەکوژین و بوونی خۆشمان گەشە پێدەدەین بەو ئامانجەی من ببێتە منێکی تازە لە ئاکامی دۆزینەوەی ڕۆحێکی تازە. لە شیعرەکەدا خود خۆی قسە دەکا و داوای ئۆقرە گرتن دەکا، دەیەوێ هەمووان ئۆقرە بگرن و لەوە تێبگەن کە هیچ کەسێک، هیچ جەستەیەک نەکوژراوە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە لە پشت جەستەی نەکوژراوەوە ڕۆحێکی کوژراو و ڕۆحێکی تازە هەبێت. ئەی چی دەبوو ئەگەر قەتڵێک هەبووایە و من بکوژرابایە؟ دەشێ بڵێین من پێویستە بمێنێتەوە، چونکە دادگا و شەرەف و ئێوە و ئاوسبوون و بەڕێزبوونیان نییە و من دەبێت هەبێت و بتوانێت قسە لەسەر شتە نەبووەکان بکا، چونکە ئەگەر منیش بوونی نەبێت لەنێو کۆمەڵێک شتی نەبوودا، ئەی کەواتە کێ باسی شتە نەبووەکان بکا و پێمان بڵێ شتەکان بوونیان نییە؟

**(ئێستا منم: ساوای کوژراو: وریا مەزهەر کە دەنگی خۆی دۆزیەوە)**

شاعیر زیاتر جەخت لەسەر بوونی خۆی دەکاتەوە، ئەمجارە لە بەرگی کوژراوێکدا: ساوای کوژراو، ساوایەک کە دەنگی خۆی دەدۆزێتەوە، بوونی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەو دۆزینەوەیەش زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە چیتر خود بێ ناسنامە نییە و لەبەردەمی ئەگەری خۆدۆزینەوەدا بووە و ئێستاش خۆی دۆزیوەتەوە، ئەو خودە دۆزراوەیەش شەش ناسنامەی پێیە و هەمووشیان بۆ تاقانەیەک دەگەڕێنەوە کە (وریا)یە:

**1- منێکی نەکوژراو**
**2- ساوایەکی کوژراو**
**3- منێکی تازە و ڕۆحێکی تازە**
**4- منێکی تازە و ڕۆحێکی کوژراو**
**5- منێکی پارچە پارچە**
**6- منێکی قسەکەر**



**پەراوێزەکان:**

(1) بگەڕێوە بۆ لێکۆڵینەوەی (لە نەگۆڕینی کاتەوە بۆ تەواونەبوونی لەعنەتەکان)، لەوێدا باسی ئەوەم کردووە هەموو شیعرێک ژیانێک یان چەند ژیانێکە بۆ خۆی و مەبەستەکەم ڕوونکردووەتەوە.

(2) هایدگەر کردارە فەلسەفییەکان ناو دەنێت ڕاڤەی بوون، ئەو زیاتر بۆ ئەو بابەتانە دەگەڕێتەوە، ڕاڤەیەکی مێژووییان هەیە، لەجێی پشتبەستن بە هۆشیاری خود، کە نارۆشنە و ئاڵۆزە.

**سەرچاوەکان:**

- هیچ، شیعر، وریا مەزهەر، 2002
- لاکوست، ژان، فلسفه در قرن بیستم ...
- قەترەکانی شیعر و گازگرتن لە وشە، بڵند باجەلان، نووسەری نوێ.
- تاریخ فلسفه غرب، برتراند راسل، ت: دریا بندری.

# دڵم دەڵێ: پەشێو دەڵێ:



(ئەو شیعرەم لەدیوی هەستەکانی پەشێوەوە نووسیوە، هەر بۆیەش لەکاتی نووسینی دەقەکەدا خۆم خستووەتە کاژی کەسێتی و شاعیرانەی ئەوەوە)

عزەدین مستەفا نەجمەدین

ڕۆڵەکانم..
ئەگەر چوونەوە کوردستان
پرسیار نەکەن ئێرە کوێیە.. ئەو قوژبنە؟
ئەدی نەمگوت هەموو سووچێ گۆڕی سەربازێکی ونە!
کچەکانم ئێوە کە دوون
بۆ کوردستان یەکتان هەڕوون
بەنەفرەت بێ ئەو سیستەمە چاو نوقاوە
قەت پێش قەومان..
دەمی چەوری نەپچڕاوە
دڵی باوک و جەرگی دایک بەرگە ناگرێ
کە دوو خوشک .. یان دوو برا
لەیەک سەنگەر شەهید بکرێن
***
کچە نەشمیلانەکەی خۆم..
کچی نەتەوەی ماڵەدۆم..
کە گەڕایەوە کوردستان
ویژدان بخە ناو پرێسکە
میهر ببەوە بۆ خاکێک
کە هەمووی هاڕاوەی هێسکە
ئەگەر ئامرازی یاریت برد
دەمانچۆکەی لاستیک مەبە
ئەوان فێری شەڕی ڕاستین
گەریلای گرەوی ئاشتین
لەناو جانتای ئەو سەفەرە
نوقڵ لەگەڵ خۆت هەڵنەگری
چۆن نوقڵ دەخەیتە دەمت
کە زارۆکی نیشتیمانت بۆ شیر دەگری
چۆن نوقڵ دەخەیتە دەمت
کە جگەرگۆشەی شنگالێ لەناو کۆڵەپشتدا دەمری
بەژەهرت بێ ئەگەر شیلەی نوقڵ بمژی
کاتێ تفەنگ، خوێنی منداڵی کۆبانێ
بەسەر تەرمی دایکیا دەڕژێ
ئەگەر چوویەوە کوردستان
قومێ ئاوی باران ببە
بارووت قوڕگی ڕووباریشی خنکاندووە
دڵی هەوریش لە ترپەی بارین کەوتووە
نەبیستمەوە.. کە چوویەوە بۆ کوردستان
دەمامکت بۆ خۆت بردووە
بڵێی لێرە بۆن باروت دێ،
یان پڕ کەلاکی مردووە
ماکیاژ نەکەی،
با پێت نەڵێن وڵاتەکەی دەئەنجن
کەچی ئەو خۆی خەملاندووە
***
کچم نابێ
کە چوویەوە ،
هیچ گەردانەت لەمل دابێ
چونکە کچی وڵاتی تۆ
گەردانەیەک دەکەنە ستۆ
دەیهۆننەوە لەناوی ئەو شەڕڤانانەی
لەپەنایان لەناو سەنگەر گیانیان بۆ وڵات داناوە
نەک ملوانکەی لەزێڕی زەرد
کە بەزێڕی ڕەش کڕاوە
کچی بابە..
کە چوویەوە بۆ نیشتیمان
پاژنە بڵند نەکەیتە پێ
نەکا بالآت لە پێشمەرگە بڵندتربێ
قەت حەزناکەم،
کچەکەی من
بۆ پاژنە بڵند کافربێ
لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەت
لە باخچەیەک
شەتڵی شاتوو و تۆوی لاولاوت بیرنەچێ
با لە ماڵی تازەشماندا
لاولاو بە دیواری سادەی ژوورەکانماندا هەڵبچێ
لێم یەقینە
ئەو تەمی زوڵمە دەڕەوێ
دیسان زارۆک لەجۆلانەی بەرهەیوانەکان دەخەوێ
با وەک جاران،
لەبەردەرگای ماڵەکانمان توو بڕوێنین
چەک و دارلاستیک فڕێدەین،
تا تووخۆرکەش هەڵنەفڕێنین
ئەوسا تفەنگەکەت ماچ کە و
لە بنمیچی ئەشکەوتێکی نیشتیماندا هەڵیواسە
خاکی ئازادکراو بۆن کە و سروە بکە بەهەناسە
تەپوتۆزی مەیدانی جەنگ لەباڵای خۆت بتەکێنە
کە هاتیەوەش بۆ تاراوگە
چەند گرمتێک خۆڵی وڵات بۆ من بێنە

سەرپەرشتیاران: نووری بێخاڵی - فەرهاد چۆمانی
weje@rudaw.net



گۆران محەممەد

# لیژنەی بلاک جاک

ئەوە قسەیەکی کۆنە کە هەر گرفتێک خواستی چارەسەرکردنی نەبێت، لیژنەیەکی بۆ دروستدەکەن، بەڵام ئەوە رچەشکێنی بوو کاتێک بڕیاردرا بۆ گەورەترین گرفتی کوردستان کە نەبوونی دەستوورە، (شالیژنە)یەکی بۆ دروست بکرێ.

جارێ قسە لەسەر ئەوە نییە لیژنەکە بە نەوەت رۆژ پرۆژەی دەستوور دەنووسێتەوە یان نا، ئاخر هێشتا مشتومڕی دروستکردنی لیژنەکە خۆی یەکلایی نەبووەتەوە و هیچ دوور نییە، یەک دوو ژێرلیژنە بۆ چۆنێتی دروستکردنی ئەو لیژنەیە دروست بکرێت، ئاخر هەر حیزبە و دەیەوێت زۆرترین ئەندامی تێدا هەبێت، ئیتر قوربان ئەم لیژنە دەیخاتە دەستی ئەو لیژنە، تا هەموویان لە کۆتاییدا بەچەپک دەیخەنە دەستی شالیژنە.

دەی بەو قورئانە قەسەم کە ئیسلام بە دەستووری هەموو مرۆڤایەتی دەزانێ، وەک رۆژی رووناک لێم مەعلوومە ئەو بیست و یەک عەبدە کلۆڵەی قەولە لیژنەکەیان لێ دروست بکرێ، لە هەموو دەستووردا تەنیا (توور) ەکەیان پێ ئامادە دەکرێت، ئەویش بەقورەوە.

ئێوە دەزانن ئەم لیژنەیە چۆن بڕیار دەدات؟ ئەها ئەوجا وەرن من پێتان بڵێم. قوربان هەموو تاکە هینێک، تاکە ئەندامێکی ئەم لیژنەیە مافی ڤیتۆی هەیە، جا چونکە زۆر ئەستەمە لە کورد دیموکراتیتر لەسەر گۆی زەوی بدۆزیتەوە، بۆیە هەرچی حیزب هەیە لەم کوردستانەدا، لەوێ نوێنەری دەبێت. هەر لە تەواوی حیزبە ئیسلامییەکانەوە کە ئەنواعیان هەیە، تاوەکو حیزبی شیوعی کە هێندەی لۆکە زاهیر جەماوەری نەماوە. هەمووشیان مافی ڤیتۆیان هەس، جا قوربان ململانێی یەکێتی و پارتی ئاسانە، هی گۆڕان و مۆڕان کێشە نین، وەرە کۆمەڵ و شیوعی لەسەر ماددە بە ماددەی ئەو پرۆژە دەستوورە بسازێنە، وەرە ئیسلامییەک بەدەستوورێکی مەدەنی، کۆمۆنیستێک بە دەستوورێکی شەرعی رازی بکە، ئاخر سێ مانگە باسی ئەوە دەکرێت کە ئەمە (ئامادەکردن)ی پرۆژە دەستوورە، یان (پێداچوونەوە) یەتی؟ کە یەک وشە سازانی لەسەر نەبێ، پرۆژەی دەستوور نەک بە بیست و یەک عەبد، بە بیست و یەک فیلیش نانووسرێتەوە.

جا کە هەموو ئەندامێک لەم بیست و یەکە، بتوانێت لەسەر وشەیەک، دەستەواژەیەک یان دەربڕینێک پرۆژەکە رابگرێت، کەواتە ئەمە لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوور نییە، لیژنەی لەبیربردنەوەیەتی و عەیب نەبێ دەبێ هەر بیخولێننەوە.

بۆ ئەوانەی نازانن، بلاک جاک جۆرێکە لە قومار، بە کوردی (بیست و یەک)ی پێدەڵێن، جا بەوەدا لیژنەکەی دەستووریش هەر بلاک جاکە، باشترە کۆنکان بکەن نەک کۆنگرە، ئاخر دیموکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیی تەندروست لە کوردستاندا، لە سایەی سەری حیزبەکانی کوردستانەوە، دەمێکە لە یارییەکەی بیست و یەکدا، دەرچۆی پێ لێدراوە.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پاشەکشەی باڵی دەسترۆیشتوو

لە دوای نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی لە کۆتایی 2012ەوە، یەکێتی نیشتمانی بەدەست قەیرانی سەرکردایەتییەکی یەکگرتووەوە دەناڵێنێ و هەموو ئەو هەوڵە ناوخۆیی و دەرەکیانەش (بە تایبەتیش ئێران) کە لەو پێناوەدا دران، ئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتەوە. لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا، ئەوانەی لە رووی پەیوەندیی خزمایەتییەوە لە تاڵەبانی نزیکن و بە بەشێک لە بنەماڵە لەقەڵەم دەدرێن، تا راددەیەکی زۆر توانییان دەست بەسەر یەکێتیدا بگرن و بڵێن کە درێژەپێدەرانی راستەقینەی رێبازی تاڵەبانین و ئەوانن بڕیار لە چارەنووس و داهاتووی حیزبەکەیان دەدەن. ئەوە وایکرد کە قۆناغی دوای تاڵەبانی لەبری ئەوەی کۆکەرەوە بێت، پتر پەرتەوازەیی دروست بکات. چەکی دەستی باڵی دەسترۆیشتوو لەو قۆناغەدا، پشتبەستن بە رێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ پارتی بۆ درێژەدان بە حوکمی پەنجا بە پەنجا و لە ژیاندا مانەوەی تاڵەبانی بوو.

باڵی دەسترۆیشتوو لە بەکارهێنانی هەردوو چەکەکە ئەوەندەی پێبڕا کە پارێزگاری لە بەشێک لە میراتی پەنجا بە پەنجا لە حکومەتدا بکات و بە هێنانەوەی تاڵەبانیش جگە لە هەندێک سەردانی تەشریفاتیی کەسایەتی و لایەنەکان بۆ سلێمانی، هیچی دیکەی دەستنەکەوت!

لە بەرامبەردا پارتی و گۆڕان وەک دوو شەریک لە حکومەت و بڕیاری سیاسی دەرکەوتن و دوو مۆرەی سەرەکیی ناو یەکێتی کە جێگرانی سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە بوون، لە بەرهەمهێنانی بڕیاری سیاسی دوورکەوتنەوە.

ئەو بارودۆخەی ناو یەکێتی کە شتێک نییە جگە لە فەوزای سیاسی (کە ئەو فەوزایە بۆ کایەی سیاسیی کوردستانیش تەشەنەی کردووە) هەردەم بە مەترسیدار وەسف کراوە. چونکە حیزبێک خۆی فەوزای تێدا بێت، ناتوانێت ببێتە بەشێک لە سەقامگیری. هەر بۆیە خۆدزینەوەی باڵی دەسترۆیشتوو لە دیتنەوەی میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی یەکێتی (کە بە کۆنگرە مەیسەر دەبوو) رۆژ بە رۆژ ئەو فەوزایەیان قووڵتر کردووەتەوە و بواریان بۆ جۆرەها دەستێوەردانی دەرەکی خۆشکردووە، تەنانەت وایکردووە کە بەشێکی ئەو دامودزگایانەی بۆ پاراستنی باڵی دەسترۆیشتوو دروستکرابوون، لە کۆنترۆڵ دەربچن و ببنەوە بە مەترسی بۆیان.

لە چەند رۆژی رابردوودا دوای ماوەیەکی دوور و درێژ، لایەنەکانی ئەو قەیرانە کە باڵی دەسترۆیشتوو و ریفۆرمیستەکانن و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و دکتۆر بەرهەم ساڵح نوێنەرایەتی هەردوولا دەکەن، هەم پێکەوە دانیشتوون و هەمیش بەیەکەوە لە بۆنەکان دەردەکەون. ئەمە نیشانەی پاشەکشەی باڵی دەسترۆیشتووی یەکێتییە کە لە غیابی دوو جێگرەکەی سکرتێری گشتیدا، نەیانتوانی نە بەرامبەر هەژموونی پارتی لە سیاسەتی گشتیدا شتێکی ئەوتۆ بکەن و، نە لەسەر ئاستی لۆکاڵیش توانییان بەر بە باڵادەستیی گۆڕان بگرن. راستە زرووفی کوردستان هی ئەوە نەبوو کە یەکێتی حیزبێکی دیکەشی لێ جیاببێتەوە، بەڵام هەردوو جێگرەکە لەو ماوەیەدا سەلماندیان کە ئەگەر ببنە حیزبێکی دیکە، ئەوا باڵی دەسترۆیشتوو میراتێکی ئەوتۆیان بۆ نەدەمایەوە و بایی ئەو (زەحمەتە) نەدەبوو کە دەیکێشن.

مەترسیی نزیککەوتنەوە لە گۆڕان (کە وەکو شمشێری دوودەم وایە و، ئەگەر بەسەرێک هێز بێت بەرامبەر پارتی، ئەوە بەسەرەکەی دیکەیدا لەدەستدانی ناسنامەی باڵی دەسترۆیشتووە) و ئەو قۆناغە نوێیەی کە بۆ نووسینەوەی دەستوور و پرسی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان هاتووەتە ئاراوە، پێویستی کردووە باڵی دەسترۆیشتوو بەخۆیدا بچێتەوە و بیر لە دووبارە پێناسەکردنەوەی یەکێتی بکاتەوە، چونکە هەموو هێزی پەرلەمانیی یەکێتی ئەوەندە بوو کە لە بەرامبەر گۆڕان و پارتی شەڕی دەستەواژەیەکیان کرد و ئەویشیان پێ نەبرایە سەر!

قۆناغی ئێستا بۆ یەکێتی ئەوەیە کە لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا نە تەسلیمی پارتی و گۆڕان بێت و نە بە سیاسەتی موزایەدەکردن و هاتوهاواری میدیایی پێگەی خۆی نیشان بدات. یەکێتی تا ئێستاش خاوەنی نیوەی ژێرخانی ئەو وڵاتەیە و ئەگەر بتوانێ بە دروستی سەرمایە مرۆییەکانی بەکاربهێنێ، دەتوانێ بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەناو خۆیدا، راستیی دروشمی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە کوردستانیش بچەسپێنێ. بۆیە بۆ ئەم قۆناغە دەکرێ یەکێتی پەنا بۆ سیستەمی هاوسەرۆکی (کە پارتیش دوای کۆچی بارزانی تا ماوەیەک پەیڕەوی دەکرد) ببات و بەوەش هەم کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر دەبن و هەمیش لە داهاتوودا لەسەر مێزی دانوستاندن لەگەڵ پارتی و لایەنەکانی دیکەدا، خەڵکی شارەزا و بەتوانایان دەبێ کە حیسابیان بۆ بکرێت.



هیوا حاجی

# بێ متمانەیی هەمیشە خراپ نییە

جارێکی دیکە مەسەلەی پێداچوونەوە بە رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان زیندوو بووەتەوە. چەند رۆژێک لەمەوبەر، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی 21 کەسی دا بۆ راپەڕاندنی ئەم ئەرکە. بەڵام بە تێگەیشتنی ئێمە، لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی تەوقیتی لێپێچینەوە لە پێداچوونەوەی دەستوور هەڵە بوو: یەکەم، پەرلەمان لە هاوینی 2013ەوە ماوەی دوو ساڵی لەبەردەم بوو بۆ پێداچوونەوە بە رەشنووسی دەستوور. بەلایەنی کەمەوە لە هاوینی 2013 تا هاوینی 2014 دۆخی هەرێمی کوردستان ئاسایی بوو، هیچ جەنگێک لەگۆڕێ نەبوو، بۆیە دەکرا هەر لەو کاتەدا پەرلەمانی کوردستان خەمی لەو مەسەلەیە خواردبا. دووەم، هەڵەی گرنگتر ئەوەیە کە مەسەلەی پێداچوونەوە بە دەستوور رێک هاوکاتە لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتاهاتنی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئابی 2015. ئەمە وایکردووە تێکڕای گفتگۆ و لێکدانەوەکانی پەیوەندیدار بە دەستوور لە بازنەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکدا کورت ببنەوە. ئەمەش هەڵەیەکە، بە تایبەتی کە دەستوور دۆکیومێنتێکی گرنگە و بابەتی زۆر هەستیاری دیکەی وەک ماف و ئازادییە تاکی و گرووپییەکان، ناسنامەی دەوڵەت و پەیوەندیی دین و دەوڵەت، مافی کەمینەکان و چەندین بابەتی دیکەی گرنگ لەخۆدەگرێت. لەکاتی ئێستادا ئەم بابەتانە، بە رادەیەکی مەترسیدار فەرامۆشکراون و بەهۆی هۆکاری سیاسییەوە هەموو تیشکەکە خراوەتە سەر پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

هەرچۆنێک بێت، یەکێک لە باشییەکانی سیستەمی دیمۆکراتیک، بە بەراورد لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و سیستەمە سیاسیەکانی تر، ئەوەیە کە لە دیمۆکراسیدا رێگە لەبەردەم دەسەڵاتی رەها دەگیرێت. بنەمای چاودێری و هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکان خەسڵەتێکی گرنگی دیمۆکراسیە. لە هەموو سیستەمێکی دیمۆکراتیکدا کۆمەڵێ کۆت و بەند بە مەبەستی سنووربەندکردنی دەسەڵاتی کاربەدەستان دەهێنرێنە کایەوە و لە کۆتاییشدا ئامانج ئەوەیە کە هیچ کەسێک نەتوانێ بەشێوەیەکی نادروست دەسەڵاتی گشتی بەکاربهێنێ. کەواتە، لە دیمۆکراسیدا بێ متمانەیی هەیە و هەمیشە ئەو ترسە لەئارادایە کە دەسەڵاتداران دەسەڵاتی خۆیان خراپ بەکاردێنن. خۆ ئەگەر ئەم بێ متمانەییە لەگۆڕێ نەبا و هەمووان باوەڕیان بە نیەتی یەکتر هەبووایە، ئەوا لە دیمۆکراسیشدا پێویستمان بە سنووربەندکردنی دەسەڵاتەکان نەدەبوو.

لە نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، ئێمەش پێویستمان بە ئاستێک لە بێ متمانەیی هەیە. رادەیەک لە بەدگومانی سەبارەت بەو کەسانەی لە ئایندەدا دەبنە سەرۆک و سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پارلەمان شتێکی خراپ نییە. ئەمە تەنها بەو مانایە دێت کە دەمانەوێ دڵنیابین لەوەی دەستوور نابێتە پاساوێک و رێگەخۆشکەر نابێ بۆ سوودوەرگرتنی نادروست لە دەسەڵات. لێرەوە، پێویستە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ لە ئاست دەسەڵاتدارانی هەرێم بێ متمانە بین بەبێ ئەوەی لە هەمان کاتدا هەوڵی لاوازکردن و بێ دەسەڵاتکردنی پۆستەکانیان بدەین.

بۆ ئەوانەی زیاد لە پێویست بێ متمانەن و پێیانوایە سنووردارکردنی زۆری دەسەڵاتە باڵاکان لە دەستووردا پێویستە، دوو خاڵی سەرەکییان بیردەخەمەوە. یەکەم، دەستوور گرنگە و ئەگەر بە باشی نووسرابێتەوە رەنگە کاریگەریی خۆی هەبێ لە بەرەوپێشبردنی دیمۆکراسی، بەڵام ئەوەی دەبێ لەبەرچاومان روون بێ، ئەوەیە کە دەستوور خۆی نابێتە زامنی جێبەجێکردنی خۆی. چەندە نووسینەوەی دەستوورێکی باش گرنگە، ئەوەندەش زامنی رێزگرتن لە دەستوور گرنگە. باشترین دەستوور ئەگەر جێبەجێ نەکرا، جیاوازییەکی نامێنێ لەگەڵ خراپترین دەستووردا. رێزگرتن لە دەستوور تەنها لە کۆمەڵگایەکی زیندوودا ئەگەری بەرقەراربوونی هەیە. کۆمەڵگای زیندوو کۆمەڵگایەکە کە خاوەنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کارا و ئۆپۆزیسیۆنێکی وەفاداری نیشتمانی بەهێزە. مەترسیی ئێستای دیمۆکراسی لە کوردستاندا ئەوەیە کە نە کۆمەڵگایەکی مەدەنیی چالاکی هەیە و نە خاوەنی ئۆپۆزیسیۆنێکی نیشتمانیی کاریگەرە. ئەمە بۆ ئایندەی پرۆسەی دیمۆکراسی و جێبەجێکردنی دەستووری چاوەڕوانکراوی هەرێم تەحەدایەکی هەرە لەپێشە، چونکە دیمۆکراسی چەندە پەیوەندیی بە دارشتنی دەستوور و سیستەمەوە هەیە، ئەوەندەش پێویستی بە خەڵکێک هەیە کە دیمۆکراسییان بوێت و ئامادەبن لە پێناویدا خەبات بکەن.

لەلایەکی دیکەوە، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بێ کە دەستوور تاکە فاکتەر نییە کاریگەری لەسەر بڕیار و رەفتاری دەسەڵاتدارانی وڵات هەبێ. لە تەیشت دەستووردا بارودۆخ و ئیمکانات و رادەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەموویان بەسەر یەکەوە رۆڵ دەگێڕن. ئەگەر بۆ وێنە سەرنج بدەینە کوردستان، بە روونی دەبینین کە راستە بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆک نوێنەرایەتی هەرێم دەکات و دەسەڵاتی زۆریش بە سەرۆک بەخشراوە، بەڵام دەبینین لە مەسەلە زۆر سەرەکی و هەستیارەکاندا سەرۆک بە تەنیا ناتوانێ بڕیار بدات هەرچەندە لە رووی یاساییشەوە دەسەڵاتی هەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەی کە هیچ هێزێکی سیاسی کوردستان پاڵپشتی نیوەی زیاتری کۆمەڵگای کوردی نییە، دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە لە ئایندەی چەند ساڵی داهاتووشدا ئەگەری ئەوە بەهێزە کە ئێمە هەمیشە خاوەنی حکومەتگەلێکی هاوپەیمانی بین و ئەمەش بە دیوێکدا ئەو باشییەی هەیە کە هیچ حیزبێک نەتوانێ ببێتە حوکمڕانی رەها. ئێمە لە کوردستاندا زیانێکی زۆرمان لە فرەحیزبی پێگەیشتووە، بەڵام لە تەنیشت ئەو زیانەشدا ئەو باشیەمان پێبڕاوە کە دووربین لە سیستەمی تاکحیزبی بێ رکابەر.

لەوەوە قسەی سەرەکی ئەوەیە کە پێداچوونەوەی دەستوور بە هەندێ بێ متمانەییەوە گرنگی خۆی هەیە. دیاریکردنی وردی دەسەڵاتەکان و رێگەگرتن لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات گرنگە دەستەبەر بکرێ. بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبێ کە راستە دەستوورێکی دیمۆکراتیک بۆ دیمۆکراسی باشە، بەڵام دەستوور هەرگیز بە تەنیا نابێتە هۆی هێنانەدی دیمۆکراسی. من لایەنگری تیۆری کولتووری سیاسیم کە پێیوایە دەبێ خەڵک دیمۆکراسییان بوێت و کۆمەڵگاش چالاک و زیندوو بێت بۆ بەدیهێنانی دیمۆکراسی. پەرلەمانتار هەمیشە ناتوانێ ببێتە زامنی رێزگرتن لە دەستوور. لە کۆتاییدا پەرلەمانتار حیزبییە و لە کوێدا حیزبەکەی ویستی ئامادە دەبێ سازش بکات.



محەممەد حاجی کەریم

# گرێی سەرۆکی هەرێم

لە پرسی دەستووردا ئەگەر سەختیەک هەبێ رووبەڕووی لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوور، یان سەرکردایەتی سیاسی ببێتەوە، مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکە لە نێو خەڵک یان پەرلەمان. هەموو لایەک ئەو راستیە دەزانن، کێشمەکێشی ئەو گرێکوێرەیە رەهەندێکی سیاسی و حیزبی هەیە، نەک یاسایی.

راستییەک هەیە، ئەگەر مەسەلەکە ترسە لە پاشەکشێی دیموکراسی، هەڵبژاردنی سەرۆک لە نێو میللەت زۆر تەندروستترە لەوەی لە پەرلەمانەوە بێ، چونکە مەرج نییە هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە دەنگ بۆ پەرلەمان بدات، بەڵام بەشێکی زۆریان، بە تایبەتی ئەندامانی ئەو حیزبانەی ناتوانن بگەنە پەرلەمان، رەنگە دەنگ بە سەرۆکی هەرێم بدەن، بەڵگە بۆ ئەمەش هەڵبژاردنەکەی ساڵی 2009 یە.

بەستنەوەی مەسەلەکە بە زۆریی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، لە واقیعدا پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکەوە نییە، بەڵکو ئەمەیان بابەتێکی ترە و دەکرێ لە چوارچێوەی پرۆژە یاسای دەستووردا سازان و رێککەوتنی لەسەر بکرێت.

لەگەڵ ئەوەی ئەم پرسە رووبەڕووی دوو واقیعحاڵ، یان وێناکردنی ناکۆک بووەتەوە، وەلێ تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە شێوازی هەڵبژاردن و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمەوە هەیە، تا رادەیەک جیاوازیی جەوهەرین. ئەگەرنا بە گشتی هیچ لایەک لاری لەوە نییە دەستوورێک بنووسرێتەوە رەنگدانەوەی خواستی هەمووان بێ و لە دووتوێیدا را و بۆچوونی تەواوی پێکهاتە جیاوازەکان لەبەرچاو بگیرێ.

دەتوانین بڵێین کێشەکە هێندە قووڵ نییە، بەڵام بارگاوییە بە رق و کینەی سیاسی و دەرکەوتەکانی ململانێی حیزبی کە چەندین ساڵە لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە. ئەوەی روونیشە، هەریەک بە مەبەستێک پرسەکە دەوروژێنن، نەک لە پێناو ئامانجێکی هاوبەشدا. رەنگە بەشێکی بۆ دروێنەکردنی پۆست و دەستکەوتی سیاسی بێت. بەشێکیشی بۆ ئەوە بێ، بە جەماوەرەکەیان بڵێن بیرکردنەوەمان جیاوازە، نەک هەر سازش بۆ پارتی ناکەین، بەڵکو زۆریش لێیەوە دوورین.

بەداخەوە ئەوەی تا هەنووکە لەبارەی ئەو پرسە دەگوترێ بێ قوڵبوونەوە و لێکدانەوەی واقیعییە، هەمووان سەیری دەمی یەکتر دەکەن و قسەی یەکتر دەجوونەوە. ئەمە سەت لە سەت مانای ئەوەیە روانگەی حیزبی و لایەنگیری بەسەر کۆی دیدگا و بۆچوونەکاندا زاڵە و لایەنەکان وەک پێویست بە دوای دۆزینەوەی خاڵی لەیەکنزیکبوونەوەدا ناگەڕێن. ئەمەش پێماندەڵێت ئەگەر لۆژیکی ئەقڵ لە یەکلاکردنەوەی ئەو گرێیە رۆڵ نەگێڕێ، وەک ئەوە وایە لە جیاتی چارەسەری، قەبارەی کێشەکە گەورەتر بکەین، کە ئەوسا بە زیانی هەمووان دەشکێتەوە.

پرسیار ئەوەیە، ئایا کێشە و کێموکاسییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان بە مانەوەی بارزانی-یەوە بەستراونەتەوە؟ گریمان بارزانی دەستبەرداری پۆستەکەی دەبێ، ئایا لە دۆخێکی وەهادا چی دەگۆڕێ؟ لەو بڕوایەدام ئەوکات زۆر بە روونی، زیاتر لە جاران لە پێویستیی بارزانی بۆ قۆناغەکە تێدەگەین.

ئەو پرسیارەی ماوەیەکە بەردەوام دەکرێ، پرسیاری بەدیلی بارزانییە. هەڵەیە گرفتەکە لە بێ بەدیلیدا کورت بکەینەوە. بەڵێ بارزانی بەدیلی هەیە، کێشەکە خۆی لە بوون یان نەبوونی بەدیل نابینێتەوە، بەڵکو کێشە بوونی بەدیلێکی قبوڵکراوترە.

لەو سۆنگەیەوە، ئایا لە دۆخێکی هەستیاری وەک ئێستادا، بەدیلێکی گونجاوترمان دەستدەکەوێ؟ ئەگەر لە دەلاقەی ئینساف و لۆژیکەوە بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین، بێگومان تەنیا دەتوانین وەڵامی نەخێر وەربگرینەوە.

هەڵەیە ئەگەر چاو لە کاریگەری و پێگەی بەهێزی مەسعود بارزانی لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بپۆشین. لەسەر ئاستی کوردستانیش بەوپێیەی سەتا حەفتای دەنگی خەڵکی کوردستانی بەدەستهێناوە، وەک قبوڵکراوترین سەرکردەی کورد دەردەکەوێ.

لە کاتێکدا بارزانی بەو هەموو پشتیوانییە جەماوەرییەی هەیەتی، هێشتا ئەو هەموو پرسیار و گەنگەشەیەی بە دوای خۆیدا هێناوە، کەوابوو بۆ یەکێکی تر کە لە توانایدا نییە نیوەی پشتیوانی و خۆشەویستیی ئەو بەدەستبهێنێ، هاوکێشەکە قورستر دەبێ.

دەبێ ئەوش بزانین، لەو ئانوساتەدا خەمی کوردستان تەنیا لە مەسەلەی دەستوور و یەکلاکردنەوەی پرسی سەرۆکی هەرێمدا چڕنەبۆتەوە. کێشەگەلی دیکە بەرۆکی ئەو هەرێمەیان گرتووە، لە پێش هەمووشیان شەڕی داعش و قەیرانی دارایی کە تێپەڕاندنیان ئەستەمە.

بیرمان نەچێ ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین شەڕ دوای شەڕ، تەنگژە دوای تەنگژە بەرهەمدێنێ. هەرێمێک کەوتووەتە نێو چەقی ململانێی ئەو دەوڵەتانەی تۆمارێکی رەشیان هەیە، تیرۆر و شەڕی توندی ئاینی و مەزهەبی، ئەوپەڕی ئامادەییان هەیە. پێناچێ کۆتاهاتنی شەڕی داعشیش مانای بڕانەوەی پشێوی و مەترسییەکانی سەر کوردستان بێ.


ناکرێ ئێمە خۆمان بە هیچ وڵاتێکی خاوەن ناسنامە و سەروەریی بەراورد بکەین، دوور نەڕۆین تا بەر لە شەڕی داعش زۆرێک لە هاونیشتمانیان، لەو بڕوایەدا بوون کورد بە ترۆپکی خۆی گەیشتووە و هیچ مەترسییەکی دەرەکی لەسەر ئایندەی هەرێم نەماوە. نوخبەی رۆشنبیری و بەرەی ئۆپۆزسیۆنیش زیاتر لە خەڵکی تر، جەختیان لەو روانینە دەکردەوە.

لە دەرەوەی ئەو بیرکردنەوەیە، هەر دەنگێکی پێچەوانە، وەک قەوانە سواوەکەی دەسەڵات بە ئامانجی زیاتر پاوانخوازیی گۆڕەپانی سیاسی لێکدەدرایەوە. وەلێ شەڕی داعش نەک تەنیا ئەو بیرکردنەوەیەی بەتاڵ کردەوە، بەڵکو زەنگی هۆشیارکردنەوەی بۆ لێدان و لە بێباکی و خەوی خەفڵەتی بە ئاگاهێنایەنەوە.

کورد بێ ئەوەی خاوەنی خۆی و ناسنامەی خۆی بێ و جڵەوی لەدەست خۆیدا بێ، وای دەبینی هەموو شتێکی بەدەستهێناوە. ئێستاش کەم نین ئەوانەی خۆیان لێ ونبووە و بەو لۆژیکە بیردەکەنەوە، بەڵام پێشبینی رەوشێکی بێ مەترسی نەک دژوارە، بەڵکو جۆرێکە لە سەراب.

ئەمە پاساوهێنانەوە نییە بۆ کەموکورتی و بێ سەروبەریی سیستەمی سیاسی و کارگێڕیی هەرێمی کوردستان. رەوایەتیدانیش نییە بە قۆرخکردنی کورسی و دەسەڵات.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



سوهێر قەیسی

# تیۆری پیلانگێڕی لە بەدەستەوەدانی مووسڵدا

لە ژیاندا بەشێوەیەکی گشتی، ڕەنگە پیلانگێڕی ڕووبدات، بەڵام هەر جارێک نەک هەمیشە، ئەوانەی لەژیانی خۆیاندا سەرکەوتوون، بەرپرسیارێتی قسە و ڕەفتارەکانی خۆیان لەئەستۆ دەگرن و پابەندی بەڵێنەکانیان دەبن.

لەبەشی سێیەمی زنجیرەی (بەرمەجەکردنی عەقڵی عێراقی)دا لەبارەی یەکێ لەو بیرۆکانەوە قسەتان بۆ دەکەم کە هەندێ لە گەمەکارانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کەڵکیان لێ وەرگرتووە و زۆر کەسیش باوەڕیان پێ هێناوە و تەنانەت عەقڵی خۆشیان لەسەر بەرمەجە کردووە، مەبەستم بیرۆکەی پیلانگێڕییە.

ئێمە لە دەیان ساڵ لەمەوبەرەوە بۆ یەک جاریش نەمانبیست وەزیرێک یان بەرپرسێکی عێراقی و تەنانەت عەرەبیش، پاش سەلماندنی کەمتەرخەمی و ناتوانایی دەستی لەکار کێشابێتەوە.. بەڵکو هەمیشە پاساوێک و بیانوویەک هەبووە بۆ ئەو کەمتەرخەمی و شکستەی لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا، گرنگترین ئەو پاساوانەش کە لای ئێمە سوودیان لێ وەردەگیرێ، لەم ڕستانەدا کورت دەبنەوە:

1- ئەمە پیلانێکە لەدژی من
2- من شیعیم و سوننە ڕقیان لێمە
3- من سوننیم و شیعە دەیانەوێ بمکوژن
4- ئێران سەبەبە
5- خەتای سعودیە و وڵاتانی کەنداوە
6- خەتای زایۆنیزمە
7- ئەمریکایە
8- سەبەبەکە خوای گەورەیە... قسمەت و نسیبە

لە ژاپۆن، مانگی ئۆکتۆبەری ڕابردوو، وەزیری دادی ئەو وڵاتە بەوپەڕی ئازایەتی و بە خەندەوە دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە تەنیا لەبەرئەوەی باوەشێنی لە کارتۆن دروستکراوی (کە بە پارەی عێراقی بایی هەزار دینارە) لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا لەسەر دەنگدەران بەخشیبووەوە، بەڵام ژاپۆنیەکان ئەوەیان بە سەرپێچی دانا و تەنانەت شینزو ئابی، سەرۆکی حکومەتی ژاپۆن پۆزشی هێنایەوە لەسەر ئەو باوەشێنە کاغەزیانەی وەزیرەکەی.

بەڵام لای ئێمە نە کارەبا جێگیرە پاش خەرجکردنی ملیاران دۆلار بۆ ئەو کەرتە و نە دەست لەکارکێشانەوەیەکیش دەبینین. زیاتر لە 200 ملیۆن دۆلار لە گەندەڵیدا بەفیڕۆ چووە لەماوەی ئەم ساڵانەی ڕابردوو، بەڵام یەک کەسیش پۆزشی لەم گەلە نەخواست و هەمووان لەسەر پاساو و تیۆری پیلانگێڕی دەژین.

ڕەنگە لەم چوارچێوەیەدا یەکێک لە گەورەترین کارەساتەکان ئەوەبێت کە لە مووسڵ ڕوویدا. ڕۆژی 9ی حوزەیرانی ڕابردوو، دووەم گەورەترین شاری عێراق لەناکاو کەوتە ژێردەستی دزێوترین ڕێکخراوی جیهان "داعش".. بەیانییەک لەخەو هەستاین و ئەو هەواڵە شۆکهێنەرەمان بیست. قسە و لێدوانی ڕۆژی دواتری بەرپرسانی حکومەتی عێراق لە سەری سەرەوە هەتا خوارەوە، هەمووی لە دەوری یەک وشە دەخولایەوە "پیلانگێڕی"، ئیدی هیچ بەرپرسێکی حکومی و هیچ سەرکردەیەکی سەربازی بەرپرسیارێتی ئەو شکستە گەورەیەی لەئەستۆ نەگرت.

عێراقی ڕادەگوازرێ و ڕاودەنرێ و دەکوژرێ و دەمرێ.. لە سپایکەرەوە تا قەسابخانەکانی دیالە، کەچی هێشتا هەر چاوەڕێی لیژنەی لێکۆڵینەوەکەین هۆکارەکانمان بۆ کەشف بکا!

تکاتان لێدەکەم ئەوەندە ناهۆشیار مەبن و چیدی لەدوای ئەم تیۆریانەی پیلانگێڕی مەڕۆن.. ئەمە بیرۆکەیەکی زۆر خراپە. تاکە بەڵگەی ڕوون لەسەر سەلامەتیی سەرکردایەتی و ئەدای سەرکەوتوو، لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیە، ئیتر سەردەمی دۆزینەوەی پاساو بەسەرچووە.



بەرزان عەلی حەمە

# کورد لە خۆشیان دواکەوتووترن

کورد تاکە میللەتە کە نەک هەر لە میللەتانی تر، بەڵکو ئێستا حەوت هەزار ساڵ لەدوای خودی خۆشیانەوەن.

حەوت هەزار ساڵ پێش ئێستا لە گوندی چەرمۆی چەمچەماڵ کشتوکاڵیان دەکرد، بەڵام ئێستا نایکەن. لەبری ئەوەی کشتوکاڵ بکەن، باسی کشتوکاڵ دەکەن! کە تۆزێک دڵیشیان خۆش دەبێت، بە کلاشینکۆفەکانیان تەق و تۆق زۆر دەکەن. هەر میللەتێک ئەگەر واز لە کشتوکاڵ بهێنێ، یەکەوڕاست دەبێتە کورد!

لەکوردستان کەرەستەکان هیچیان هی کورد نین، سەرجەم چێشتخانەکان بۆ ئەوەی سەرنجی میوانەکانیان ڕابکێشن لەسەر تابلۆی دوکانەکانیان دەنووسن: برنجی کوردی بە ڕۆنی خۆماڵی، گەس بە گۆشتی بەرخی خۆماڵی!

دەبوو ئەمە ڕیکلام نەبووایە، مەگەر چ مانایەک لەوەدا هەیە کە کوردێک بەوە دڵخۆش بێت لە چێشتخانەیەکی وڵاتەکەیدا خۆراکێکی کوردی بخوات؟ شوورەییە پەنیر و ماستێک گەر خۆماڵی بێت، سەری کوردێک بسوڕمێنێ!

لێرە هەموو شتەکان پێچەوانەن، ژاوەژاو زۆرترین شتە کە لە کوردستاندا هەیە، خەڵکی کوردستان زۆر زوو تووڕە دەبن، کاتێک خۆپیشاندان دەکەن، نەمامەکانی سەر شەقامەکان دەشکێنن، بەرد دەگرنە ئامبولانسەکان، تابلۆکانی پۆلیسی هاتوچۆش هەڵدەکەنن. ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ڕۆشنفکرەکانیشیان لەسەر تەلەفزیۆن هەمیشە بەیەکدا هەڵدەشاخێن!

واهەست دەکەم کورد تاکە میللەتە کە بەشێوەیەکی زۆر نادیموکراسییانە داوای دیموکراسی دەکات.

زۆر بەناعەدالەتی باسی عەدالەت دەکەن! هەموو ئەم شتانەش لەکەسیاندا بوونی نییە، هەموویان لەیەکتری داوا دەکەن، گەرنا بەئەرکی حکومەتی دەزانن دیموکراسی و دادگەرییان بداتێ. تاکی کورد زۆر حەزی لە دیموکراسی و عەدالەتە، بەس بۆخۆی نەک بۆ خەڵکی تر. کاتێک هەڵبژاردن دەکرێ، ئەوان خۆیان کاربەدەستەکانیان هەڵدەبژێرن، جاری وا هەیە لەپاش هەڵبژاردنەکانەوە، پێکهێنانی کابینەی حکومەتی کوردی دەیان مانگی دەوێت، بەڵام کاتێک خەڵکەکەی لەشتێک تووڕە دەبن، دەیانەوێت بە سەعاتێک بیڕووخێنن!

لێرە حکومەت لە خەڵک تووڕەیە و خەڵکیش لە حکومەت. هۆکارەکەش زۆرتر ئەوەیە کە حکومەت لە سزادانی خەڵکەکەیدا زۆر خێرایە، بەڵام لەپاداشتکردنیاندا وا نییە. ئەو کاتەی لە سلێمانی خۆپیشاندان کرا، حکومەت بە سێ کاتژمێر زێرەڤانی گەیاندە سەر خەڵک، ئەگەر بەو خێراییەی کە هێزی گەیاندە سەریان، بەهەمان خێرایی مووچە و نان و کارەبایان پێ بگەیەنێت، ڕەنگە خەڵکیش کەمێک هێوربببنەوە و ئەوەندە ڕقیان لە حکومەت نەبێت!

تاکی کوردی لەناو مۆبایلەکەیدا دەیان و سەدان بەرنامەی دابەزاندووە، بەڵام لەناو خودی خۆیدا، دادگەری و دیموکراسی ئینستۆڵ نەکردووە، هەموو ئەو کەسانەی کە بارە و ناڵەیان لەدەست ناعەدالەتی لێ هەڵدەستێ، ئەگەر خۆیان لە ڕیزی فەرمانگەیەکدا وەستابن و خزمێک یان ئاشنایەکیان لەو فەرمانگەیەدا هەبێت، تەلەفۆنی بۆ دەکەن تا لەپێش خەڵکەکەوە بیانکاتە ژوورەوە! هەرکات ئەم دەردە دڵانە دەکەیت، لە چارەسەر دەپرسن، بەڵام ناشیانەوێت باوەڕ بەوە بکەن کە: بزماری خوار بەچەکوش ڕاستدەکرێتەوە.



ناسر باباخانی

# تراویلکەی هیلالی شیعی

سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە، ستراتیژی سەرەکیی ئەو دەوڵەتە بووە. بەڵام لەڕاستیدا مەبەستی کۆماری ئیسلامی لەم سیاسەتە، لە هەمان کاتدا کە ویستوویەتی بازنەی نفووزی خۆی لەناو وڵاتانی دەرودراوسێدا بەربڵاوتر بکا، ئەوە بووە کە ئاستی ئەمنیەتی خۆی لەسەر بنەمای بیردۆزی پێشگیری بەرێتە سەر. بۆ ئەم مەبەستەش سوودی لە فاکتەری مەزهەبی شیعە وەرگرتووە و جوگرافیای "هیلالی شیعی" وەک جیۆپۆلێتیکی شیعی کردووەتە مەیدانی تەراتێنی خۆی. ئەم هیلالە کە جەمسەرێکی لە لوبنانە و بەسەر سووریا، عێراق، کوەیت، بەحرەین، ئیمارات، قەتەر و ڕۆژهەڵاتی عەرەبستاندا خەرمانەی داوە، جەمسەرەکەی تری دەگاتەوە یەمەن. واتە پانتاییەکی جوگرافیی بەرین بە حەشیمەتێکی بەرچاوەوە. بەپێی ئەوەی کە گەورەترین سەرچاوەکانی وزەی دنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە، ئەم هیلالەش بەشێکی بەرچاو لەم سەرچاوانە لەخۆدەگرێ و دەورێکی گرینگی جیۆپۆلێتیکی هەیە. بۆ وڵاتێکی وەک ئێران زۆر ئاساییە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خۆی لە حەسارخەڵوەتی ئەم وڵاتانەدا ببینێتەوە و ئاستی ئەمنیەتی خۆی لەمەڕ هەڕەشە دەرەکی و تەنانەت ناوخۆییەکانیشی بەرێتە سەر، بۆ ئەوەش کە بتوانێ شوێن پێی خۆی لەم وڵاتانەدا جێبێڵێ، باشترین فاکتەر هاوتەریبکردنی ئەو وڵاتانە لەگەڵ خۆیەتی کە خەڵکی شیعە مەزهەبیان تێدا دەژی و ڕێک هەمان سیاسەتی شا ئیسماعیلی سەفەوییە کە بۆ بەرهەڵستیی ئیمپراتۆری سوننەمەزهەبی عوسمانی، شیعەگەرێتی کرد بە دوکتورینی سولالەی سەفەوی.

خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە کاتی گفتوگۆی ئازەربایجانی زۆرینە شیعە لەگەڵ ئەرمەنستانی مەسیحی لەسەر ناوچەی قەرەباغ، چون ئازەربایجان لە دەرەوەی هیلالی شیعەیە، کۆماری ئیسلامی لایەنگریی ناکات. لەمەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئێران لە فاکتەری شیعەگەرێتی بۆ ئامانجەکانی و ئەمنیەتی خۆی کەڵک وەردەگرێ و بەرژەوەندی وڵاتانی دیکەی هاومەزهەبی خۆی کە لە دەرەوەی دوکتورینەکەیەتی بەلاوە گرنگ نییە!

ئەوەی کە ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع بەدی دەکرێ، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بە دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئەو وڵاتانەی لەناو هیلالی شیعیدان بووەتە هۆکاری تێکدانی ئاسایش و ئەمنیەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ناوچەکە. لەڕاستیدا ئەم ناسەقامگیرییە پەیوەندییەکی ئەم ئەوێتی لەگەڵ درێژەی تەمەنی ئەم دەوڵەتە هەیە و زۆر جاران لەم دۆخەی کە خۆی خوڵقێنەرێتی، وەک کارتی سیاسی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و تەنانەت زلهێزەکانی جیهان و لەسەرووی هەمووان ئەمریکا کەڵکی لێوەرگرتووە. دیارە بۆ بەدەستەوە گرتنی ئەم کارتەش بە میلیاران دۆلار لە سامانی نەتەوەکانی ئێران تێچووی بۆ داوە و بارودۆخی ئێرانی لە باری سیاسی و ئابوورییەوە گەیاندووەتە ئەم قۆناغە کارەساتبارەی ئێستا هەیەتی.

بەڵام ئەوەی کە لە داڕشتنی ئەم دوکتورینەی کۆماری ئیسلامیدا، واتە هیلالی شیعی ڕەچاو نەکراوە و دەتوانێ دواجار پارسەنگی هاوکێشەکە بگۆڕێ و بە زەرەری ئێران بشکێتەوە، چەند خاڵێکە کە بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەم:

**یەکەم:** دیارە هەر لە خودی ئەم هیلالەدا ڕێژەی شیعەکان لە وڵاتانی شیعە، بەیەکەوە جیاوازیی بەرچاوی هەیە، بۆ وێنە ئەگەر لە عێراق و بەحرەین زۆرینەن، لە یەمەن، سووریا و لوبنان کەمینەن.

**دووەم:** لەناو خودی شیعەکانیشدا کەلێنی سیاسیی گەورە بەدی دەکرێ کە تەنانەت دەگاتە ئاستی دژایەتی کۆماری ئیسلامی.

**سێیەم:** پەرشوبڵاویی نفووسی شیعەمەزهەب لەسەر نەخشەی ئەم هیلالە، لێکدابڕانێکی جوگرافی سازداوە کە دواجار خۆی بەربەستە بۆ بەرنامەکانی ئێران.

**چوارەم:** سازبوونی تاقم و گرووپە ڕادیکاڵ و توندئاژۆکانی سوننەمەزهەب وەک دژکردەوەیەک لەبەرامبەر شیعە توندڕەوەکان.


**پێنجەم:** ناوەندەکانی سوننەمەزهەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە زۆرتر گوزارە لە ڕای جیهانی ئیسلام دەکەن (بۆ وێنە ئەزهەری میسر وەک باڵاترین ناوەندی زانستیی جیهانی ئیسلام و مەککەی عەرەبستان وەک قیبلەی موسڵمانانی جیهان) ڕێگرن لە بەدیهاتنی خولیای سەرکردەکانی ئێران.

**شەشەم:** بیچمگرتنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەم ناوچەیە بە دوور لە ئینتیمای ئایینی و مەزهەبی کە لە زۆر قۆناغی مێژووییدا کاریگەری خۆی هەبووە.

حەوتەم: ڕکابەرێتیی نێوان ئایەتوڵڵا سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەکان و خامنەیی کە بۆتە هۆی کەلێنێکی بنەڕەتی لەناو لایەنگرانی هەردوو لادا.

**هەشتەم:** دەوری تورکیا وەک دراوسێیەکی بەهێزی ئێران کە ئەندامی ناتۆیە نابێ لەبیر بکرێ، وتەکانی ئەم دواییەی ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا سەبارەت بە ئێران کە دەیەوێ هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەدا بسەپێنێ گوزارە لەوە دەکا کە دەوڵەتی ئیسلامیخوازی تورکیا هەرگیز ڕازی نابێ وەها هیلالێک بەسەرکردایەتی ئێران شکڵ بگرێ. نۆیەم: عەرەبستان هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا گەلێک کێشەی گەورە و گچکەی لەگەڵی هەبووە و ئێستاش لە قەیراناویترین پەیوەندیدان، عەرەبستان وەک گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا و سەرکردایەتی دنیای سوننە و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا و نزیکبوونەوەی لە تورکیا دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ لە بەرگریکردن لە سازبوونی هیلالی شیعی.

جەختی ئێران لەسەر ئەم هیلالە وەک پشتێندێکی ئەمنی بۆ پاراستنی خۆی ڕەنگە لەم ساتەوەختە قەیراناوییەدا دا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیدا تێدەپەڕێ، لە کورتماوەدا جواب بداتەوە، بەڵام بە هێوربوونەوەی ناوچەکە و بە سەرنجدان لەم خاڵانەی ئاماژەمان بۆ کرد و هەروەها دۆخی نالەباری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوخۆیی، لە درێژماوەدا ئێران بە تەنیا دەمێنێتەوە. ئەو هیلالە شیعییەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەدوایەتی، تراویلکەیە!



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# داوای لێبووردن لە ئەرمەن

لە جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکاندا کوردیش بەشداربوون. ئەمە گومانی تێدانییە، بەڵام بۆ دەبێ بەهۆی کردەوەی دزێوی کۆمەڵێک جاشی سوڵتانی عوسمانی داوای لێبووردن لە ئەرمەنەکان بکەین؟ خۆ لەنێو داعشیش کوردی زۆر هەن کە بەشداریی قەتڵوعامەکانی ئەمدواییەیان کردووە. ئەگەر سبەی داعش نەما، دەبێ داوای لێبووردن لە عەرەبەکانی سووریا و شیعەکانی عێراق و کوردە ئێزدییەکانیش بکەین؟

ئەرمەنەکان سەت ساڵە خەریکی ئەوەن دنیا قایل بکەن کە جینۆسایدیان بەرامبەر کراوە. سەرەڕای ئەوەی لۆبییەکی بەهێزیشیان لە واشنتن و برۆکسەل هەیە، بەڵام هێشتا ویلایەتە یەکگرتووەکان دانی بەو جینۆسایدەدا نەناوە. دەوڵەتی تورکیاش لە سەردەمی ئەتاتورکدا کە بەحیساب ڕووخێنەری دەوڵەتی عوسمانلی بووە و دەوڵەتێکی نوێی لەسفرەوە دامەزراندەوە، ئامادە نەبوو و نییە قبوڵ بکات کە ئەرمەنی بەدەستی عوسمانییان قڕکراون.

کورد، کە ئەوکات کیانی خۆیان نەبووە، ڕۆڵیان هەبووە لە قڕکردنی ئەرمەنەکاندا، بەڵام تاوەکو ئێستاش ڕوانگەیەکی ڕوونیان نییە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕابردووەیاندا بکەن. چونکە کەس گومانی نییە کە ئەو کوردانەی بەشێک بوون لە سوارەی حەمیدییە بەشدار بوون لەو جینۆسایدەدا. واتە ژن و منداڵ و پیر و گەنجی گەلێکیان بە برسێتی و بێدەرەتانی کۆمەڵکوژ کردووە. دروست وەک ئەوەی لە سەت ساڵی ڕابردوودا بە شێوازی جیا بەسەر نەتەوەکەی خۆیان هات.

هەن دەڵێن مادام کوردی نێو سوارەی حەمیدییە فەرمانیان لە دەوڵەتی عوسمانلی وەرگرتووە، کەواتە تەنیا سەربازی جێبەجێکار بوون و هیچ گوناهێکیان نییە. بۆیەش داوای لێبووردن لە ئەرمەنەکان بە پێویست نازانن. بەڵام هەر هەمان ئەو کەسانە چاوەڕوانییان هەیە عەرەبەکانی عێراق لەسەر جینۆسایدەکانی ڕژێمی سەدام بەرامبەر کورد داوای لێبووردن لە کورد بکەن.

هەندێکی دیکە هەن دەڵێن ئەرمەنەکان بە پشتیوانیی ڕووسیای بەر لە کۆمۆنیزم، کە دەوڵەتێکی گەورەی کریستیانی بوو، هێرشیان هێناوەتە سەر کوردستان و لە زۆر ناوچە، بەتایبەتیش لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سووکایەتییان بە ژن و کچی کورد کردووە. بۆیە، بەقسەی ئەوان، ئەوەی دواتر ڕوویداوە و کورد بەشداریی لە قەتڵوعامی ئەرمەنەکاندا کردووە، کاردانەوە بووە. کەواتە بۆ دەبێ داوای لێبووردن بکەین؟

بەڵام ئەگەر بڕیاروابێت هیچ گەلێک بەرپرسیار نەبێت لە تاوانەکانی نەوەی پێش خۆی، ئەوکات هیچ واتایەک بۆ نووسینەوەی مێژوو و شانازیکردن یان شەرمکردن لە مێژووی گەلاندا نامێنێتەوە. واتە پێویست ناکات ئەڵمانەکان بۆ کردەوەکانی هیتلەر داوای لێبووردن لە کەس بکەن. هەروەها عێراقییەکانیش پێویست ناکات بەهۆی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستانەوە هەست بە شەرمەزاری بکەن. بەڵام ئەمە ڕاستە و دادپەروەرییە؟ بەدڵنیاییەوە نا.

لە ئایندەدا بۆ ئەو کردەوانەی داعش دەیانکات ناچارنین داوای لێبووردن لە کەس بکەین. چونکە ئێستا کورد شەڕی داعش دەکات. بەڵام لە کەیسی وەکو ئەوەی ئەرمەنییەکاندا دەبێ بوێر بین و خاوەنی مێژووی چاک و خراپی خۆمان بین. بۆیەش وەکچۆن شانازی دەکەین کە بارزانییەکان فریای ئەرمەنەکان کەوتوون و هەندێکیان ڕزگارکردوون، دەبێ ئاواش شەرمەزار بین کە سەرکردە و سەرۆک خێڵەکانمان بەشداربوون لەو جینۆسایدەدا. پێویست ناکات حکومەتی کوردستان بەفەرمی داوای لێبووردن لە ئەرمەنەکان بکات، چونکە ئەوکات ئەو حکومەتە نەبووە، بەڵام ئەگەر بۆ ڕێزگرتن لە هەستی ئەو ژمارە کەمە ئەرمەنییەش بێت کە لە کوردستان دەژین، گرنگە بڵێین: شەرم دەکەین ڕۆڵەی وامان هەبوون دەستیان لە قڕکردنی گەلێکی دیکەدا هەبووە.

ئاسۆ



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# ڕزگارکردنی کوردستان لە بێ پارەیی

نزیکی ساڵێکە ئەم وڵاتە دەناڵێنێ بەدەست قەیرانێکەوە و هەتا ئێستا چارەسەرێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەم ئاسۆیەک بخەمەڕوو بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە.

سەرەتا پێویستە کێشەکە دەستنیشان بکەین. ئەم قەیرانەی ئەمڕۆ قەیرانی داراییە نەک ئابووری. ئابووریمان هەر نییە هەتا قەیرانی هەبێت. دەرهێنانی نەوت و فرۆشتنی بۆ دابەشکردنی مووچە پێیناگوترێ ئابووری. دەبێ سەرەتا ئابووری دابمەزرێنین، دواتر قەیرانی دارایی چارەسەر بکەین. لەم خاڵانەی خوارەوەدا شەش هەنگاو دەخەمەڕوو بۆ بنیاتنانی سیستەمی ئابووری و چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی.

1- کۆمپانیا هەناردەکارە بیانییەکان کە دەیان ساڵە لە وڵاتی خۆیان شمەک بەرهەمدێنن و بە پارەی کاش دەیفرۆشن بە کوردستان، ناچار بکەن بە کردنەوەی کارگە و یەکەی بەرهەمهێنان لەم وڵاتە. هەموو ئەو شمەکانەی ئێوە لە مارکێتەکان دەیانبینن و دەیانکڕن، بەرهەمی بیانین. یەکێک لە تورکیا، یەکێک لە ئێران، ئەوانی دیکە لە ئوردن و سعودیە، تەنانەت لە بەرازیل بەرهەمهێنراون، کرێی گواستنەوە و قازانجی هاوردەکارە کوردەکەشیان چووەتە سەر، ئەوسا گەیشتوونەتە سەر ڕەفی مارکێتەکان. ئەم کۆمپانیایانە دەستکەوتێکی زۆریان لە کوردستانەوە دەستدەکەوێت و ئامادەنین دەست لەم بازاڕە هەڵگرن. کەوابوو لەگەڵیان ڕێکبکەون، زەوییان بدەنێ و با بێن لە کوردستان یەکەی بەرهەمهێنان دابمەزرێنن. بەم هەنگاوە هەم بەرهەمی ناوخۆیی بەڕێژەیەکی بەرچاو زیاد دەکات، هەم نرخی شمەکیش لە بازاڕەکان دادەبەزێ.

2- سیستەمی باج کارا بکەن. لەهەموو وڵاتان سەرچاوەی داهاتی دەوڵەت باجە، نەک فرۆشتنی نەوت. دەبێت کوردستان فێری ئەمە ببێت. باجی داهات، باجی کڕین، باجی فرۆشتن، باجی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل و هەموو ئەو باجانەی لە جیهاندا بیستوومانن، دەبێت لەم وڵاتەدا کارا بکرێن. دەبێت هەم هاووڵاتی فێرببێت کە باجدان ئەرکی سەرشانێتی و هاووڵاتیبوونی بەستراوە بەوەوە، هەم حکومەتیش فێرببێت خەرجییەکانی بەپێی ئەو داهاتە ڕێکبخات کە لە ڕێگەی باجەوە دەستیدەکەوێ.

3- سیستەمی خانەنشینی بۆ مووچەخۆرانی کەرتی تایبەتی دابمەزرێنن. حکومەت هێندەی پێویستی بەڕێوەبردنی کارەکانی، کارمەند بەکاربخات. لەبەرامبەردا هاووڵاتیان هانبدات بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت لەڕێگەی دامەزراندنی سیستەمی خانەنشینی بۆ کارمەندان و کرێکارانی کەرتی تایبەت لەگەڵ پێدانی ئەو دڵنیاییانەی دەدرێن بە کارمەدانی کەرتی گشتی.

4- بانکێکی ناوەندی کارا دابمەزرێنن، چاوبخشێننەوە بە مۆڵەتی ئەو بانکە ئەهلیانەی کە لە کوردستان کاردەکەن. هەر بانکێک خوازیارە کاربکات، ناچاری بکەن بە خەواندنی بڕێک پارە لە بانکی ناوەندی. چەند بانکێکی جیهانی باوەڕپێکراویش بانگهێشتی کوردستان بکەن. بە یاسایەک گەرەنتی بدەن بە سەرجەم هاووڵاتیان کە ئەو پارەیەی دەیخەنە بانکەکانەوە لەژێر پاراستن (حیمایە)ی بانکی ناوەندیدایە و بەوشێوەیە متمانە لای خەڵکی دروست بکەن.

5- کەمپەینێکی نیشتیمانی ڕابگەیەنن بۆ گەیاندنی پارەی هاووڵاتیان بە بانکەکان. تەنها ئاڵتوونی ژنانی کورد ئەگەر لە ژوورەکانی نووستن ڕزگار بکرێن و بگەنە نێو بانکەکان، بەسن بۆ ئەوەی ببنە سەرچاوەیەکی دارایی ملیاران دۆلاری بۆ گەشاندنەوەی ئابووریی کوردستان. بەمەرجێک حکومەتێکی کارامە ئیدارەی سیاسەتی ئابووریی وڵات بکات و چاودێریی بانکەکان بکات بۆ دڵنیابوون لە بەکاربردنی ئەو پارەیە بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری دەکات.

6- ئەوسا کوردستان بکەنەوە بەڕووی سەرمایەگوزارانی جیهاندا. لەبری خەرجکردنی پارەی دەوڵەت، سوود لە مۆدێلی بنیاتی بنێ – کاری پێ بکە – بیگەڕێنەوە (Build Operate Transfer -BOT) وەربگرن. ژێرخانی ئەم وڵاتە بە کۆمپانیا بیانییەکان دابمەزرێنن، با 20 ساڵ ئەوان کاری پێ بکەن و سوودی لێوەربگرن، دوای ئەوە بیگەڕێننەوە بۆ حکومەت. دەیان پرد، ئۆتۆبان، نەخۆشخانە، خوێندنگە، کارگە و پاڵاوگە بەم شێوەیە دابمەزرێنن.

ڕێگەی سەربەخۆیی بە ئابووریدا دەڕوات، ئابووریش بەم شێوەیە بنیات دەنرێت. هەتا ئابووری دانەمەزرێنین نابینە هیچ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

# RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



نەدا ئابڕەنگی بۆ (ڕووداو):

## کاتم نییە بۆ شووکردن

12


**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی ڕووداو

**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**جێگری سەرنووسەر** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هێڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵڵا قرگەیی

**دیزاینەران** : بەختیار مستەفا ، هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد


هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی

Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96

rudaw@rudaw.net



Empire World

Building the Future

Empire World:
Empire Business Complex C4, Erbil, Iraq
Tel: +964 (0) 66 257 6006 - +964 (0) 66 257 6007
info@empireiraq.com - www.empireiraq.com